




**تەنیا ئاشتیخوازان هاوڕێی بارزانین**

# خەڵاتی ئاشتی ئەتڵەنتیک
# خەڵاتێکە بۆهەموو گەلی کوردستان

((وڵاتی ئیتاڵیا سەرۆک بارزانی بۆ خەڵاتی ئەتڵەنتیک بۆ ئاشتی هەڵبژاردووە، ئێمەش وەک فاتیکان هەڵمان بژاردووەو شایستەی ئەو خەڵاتەیە))

**نوێنەری پاپا**







هەڵبژاردنی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا وەك یەکێك لە سەرۆکەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوەی (خەڵاتی ئەتڵەنتیك)ی بۆ ئاشتی پێبدرێت، ئەمە یەکێکە لەو رووداوە مێژوویانەی کە پێویستە هەر تاکێکی کوردستانی نەك تەنیا لە هەرێمی کوردستان بەڵکو لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان شانازی پێوە بکات، هەروەها هەڵبژاردنی سەرۆك بارزانی بۆ خەڵاتی ئەتڵەنتیك بۆ ئاشتی لەلایەن دەوڵەتی ئیتالیا و دەوڵەتی فاتیکان و قەداسەتی پاپای فاتیکانەوە، مانای ئەوەیە سەرۆك بارزانی تەنیا سەرکردەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا توانیویەتی بەسیاسەتێکی حەکیمانە جیاوازی و فرەیی کۆمەڵگەی کوردستان پێکەوە گرێبداتەوە و توانیویەتی لەسەر بنەمای لێبوردەیی و پێکەوە ژیان لەناو جیاوازییەکاندا رێگەچارەی ئاشتیانە بدۆزێتەوەو پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەنێوان پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییە جیاوازەکانی کوردستان و عێراقدا دروست بکات، لەسەر ئاستی سیاسیش سەرۆکی هەرێمی کوردستان توانیویەتی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی لەناوچەیەکی نامۆ بەدیموکراتی بونیاد بنێت و دیاردەی فرەیی سیاسی و بۆچوونی جیاواز لە پرۆسەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیدا کۆبکاتەوە، کەواتە ئەم راستیانە پێمان دەڵێن (سەرۆك بارزانی وەك یەك خێزان سەیری هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان دەکات بەجیاوازی سیاسی و ئایینی و نەتەوەییانەوە، ئەم کۆمەڵگەیە یەك یاسا بەرێوەی دەبات کە یاساکە بەرهەمی ئەقڵە و دەستوورەکەی ئەخلاقە) ئەم تێڕوانینەی سەرۆك مسعود بارزانیش بۆ هاووڵاتیانی کوردستان ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە کە گەلی کوردستان بەم تێڕوانینە نەبێت رازی نابێت و هەر کەسێکیش بیەوێت بۆ هەرمەبەستێك ئەم پرانسیپانە بشوێنێت، ئەوا وەك بەرێزی لە پەیامەکەی رۆژی شەمەی رابردوو سەبارەت بە باردۆخی ئەمڕۆی کوردستان رایگەیاندوە، لەکوردستانی ئازاد و دیموکراتیدا جێگەی نابێتەوە، بارزانی لەو پەیامەدا راشکاوانە بۆچوونی خۆی ئاڕاستەی هەموو خەڵکی کوردستان و تەواوی لایەنە سیاسەکانی کوردستان دەکات و رایدەگەیەنێت، کە هەموو هاووڵاتیانی کوردستان وەك یەك ئازادن و دەبێت بەمجۆرەش یاسا سەیری هەمووان بکات، کەواتە ئەوەی سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە کە هاووڵاتیانی کوردستان هاووڵاتی ئازادی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتین و لەبەردەم یاسا هەموویان وەك یەك یەکسانن، بۆیە ئەگەر بێت و لەنێو خەڵکی کوردستاندا جیاوازی بیربۆچوونی سیاسی هەبێت و لایەنەسیاسەکان هەموویان لەسەر سیاسەتێکی دیاریکراوو لەسەر چۆنیەتی ئەدای حکومەتی هەرێمی کوردستان رازی نەبن، ئەوا کارێکی ئاسایی و سروشتی هەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی و گەلی کوردستان چۆن بەدەنگی خۆی سیاسەتی ئێستای هەرێمی کوردستانی داڕشتووە، هەر ئەوانیش ئەو مافەیان هەیە بەدەنگی خۆیان بیگۆڕن و ئەو کەسە هەڵبژێرن کە بەباشی دەزانن نوێنەرایەتیان بکات، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و هەڵوەستە کردنە، سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر خاڵێکی گرنگ دەکاتەوە کە نابێت خۆپیشاندانی ئاشتیانەی هاووڵاتیان بگۆڕدرێت بۆ توندوتیژی و بگۆڕێت بۆ



هەڵکوتانە سەر دامودەزگای حکومەت و بارەگای پارتە سیاسیەکان و سەرو ماڵی خەڵك، لەم لایەنەوە راشکاوانە پەیامی خۆی خستۆتە روو بە هەموو لایەکی ڕاگەیاندووە هەموو ئەو کەسانەی کە پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن یان دەبنە هۆکارێك بۆ توندوتیژی ئەوانە لەگەڵ ئەو نین و سەرۆك بارزانیی لێیان بێ بەرییە، ئەوانەشی کە پشتگیری ئاشتی و هێورکردنەوەی باردۆخەکە دەکەن و دەیانەوێت کێشە و داخوازییەکانی خەڵك بەرێگەی دیالۆگ وئاشتی چارەسەر بکرێت، ئەوا ئەو کەسانە بۆ گێڕانەوەی باری ئاسایی بۆ هەرێمی کوردستان، هاوڕێی سەرۆك بارزانین ، ئەمە پەیامێکە کە دەبێت هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان وەك خۆی تێبیگەن و وەك ناوەڕۆکی پەیامەکە پێشوازی لێبکەن و نابێت ڕێگە بەوە بدرێت کە جیاوازییەکان یەکرێزی خەڵکی کوردستان و ئاشتی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان بشێوێنێت، بۆ ئەمەش هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەو حزبانەی لە حکومەتدا بەشدارن و بەوانەشەوەی لەدەرەوەی حکومەتن و ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەگێڕن، دەتوانن پێکەوە لە دەوری مێزێك کۆببنەوەو پێکەوە چارەسەرێکی هاوبەش بۆ کێشەکان بدۆزنەوە.

بێگومان سەرۆك بارزانی لە ڕۆژە سەختەکانی پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ بونیادنەوەی عێراقی دوای دیکتاتۆری ڕۆڵی کاریگەری بۆ دۆزینەوەی رایەڵەی هاوبەش لە نێوان بۆچوونە جیاوازەکانی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دۆزیوەتەوە و ئەمساڵیش دوای ئەوەی بۆ ماوەی زیاتر لە هەشت مانگ پرۆسەی سیاسی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئێستای کەوتنە نێو قەیرانێکی سیاسی ئەو تۆوەو کە هەموو لایەك گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی پرۆسەی سیاسیی عێراق گەیشتۆتە لێواری هەڵدێر و کەس ناتوانێت عێراق لەو قەیرانە رزگار بکات، ئەوەبوو بە دەستپێشخەریەکەی سەرۆك بارزانی توانرا هەموو لایەنە سیاسیە عێراقیەکان لەهەولێر پێکەوە کۆبکرێنەوە و لەسەر بنەمای دەست پێشخەریەکەی بەڕێزیان هەرسێ پۆستە سەرۆکایەتیەکە یەکلایی بکرێتەوە و بڕیار لەسەر دامەزراندنی ئەنجومەنی سیاسەتە باڵاکان بدرێت، ئەم سەرکەوتنە بێ وێنەیە کە لایەنێکی دیکەی لۆژیکی سیاسەتی بارزانی بوو، ئەوەی فێرکردین کە لەناو کێشە سەخت و ئاڵۆزەکاندا چارەسەر ناگەتە بن بەست و دەبێت هەموو لایەك ئەو راستیەیان بۆ دەربکەوێت، کە تەنیا بە وتووێژو لێك تێگەیشتن کێشەکان چارەسەر دەکرێت.

سەبارەت گیانی لێبوردەیی کە سەرۆك بارزانی وەك توخمێکی سەرەکی ئاشتی وپێکەوە ژیان باوەڕی پێیەتی و هەموو کاتێك لە پێناویدا خەبات دەکات،لەو کاتەی برا کریستیانەکان لە بەشەکانی دیکەی عێراق ڕووبەڕووی کاری دەستدرێژی و توندوتیژی بوونەوە، بەڕێزی قبوڵی نەکرد بەشێکی گرنگ لە پێکهاتەی گەلانی عێراق و گەلی کوردستان ڕووبەڕووی تاڵاوی تاراوگەیی ببنەوە، بۆیە دەرگای هەرێمی کوردستانی بۆ ئاوەڵاکردن و بەوپەڕی ئامادەباشییەوە پێشوازی لێکردن،ئەم هەڵوێستەی بەڕێزیان نەك هەربووە هۆکاری ئەوەی کە برایەتی و هاوسۆزی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی گەلی کوردستان پتەوتر بێت، بەڵکو بووە هۆکاری ئەوەی کە نەیەڵێت رایەڵی خاڵە هاوبەشەکانی نێو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بپچرێت و بەگرێدراوی پێکەوە بیهێڵێتەوە، لەوانەیە ئەم هەڵوێستە بۆ ئێمە وەك تاکێکی کوردستانی هەڵوێستێکی سادە و ئاسایی بێت لەبەرئەوەی وەك سەرۆك بارزانی بە پاپای فاتیکانی راگەیاند( جۆری مامەڵەی خەڵکی کوردستان دەرهەق بەلێقەوماوە کریستیانەکان، هەڵقوڵاوی کەلتور و پرانسیپ و بیروباوەڕی گەلی کوردستان کەلتورێکی کراوەو لێبوردەییە و لە هەرێمی کوردستاندا فرەڕەنگی و فرە ئایینی و فرە ئەتنیی، واقیعێکی خۆڕسکی راستەقینەیە و لەدێرزەمانەوە بۆتە بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانی خەڵکی کوردستان بەجیاوازی پێکهاتەکانیەوە) ئەگەر سەیری ئەم پەیامە بەرزەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەین کە بە قەداسەتی پاپای فاتیکانی راگەیاندووە، سەروەریی ئەو شانازییەی جیهان لە بەرێزی دەگرێت، بەرێزی دەگێڕیتەوە بۆ گەلی کوردستان و بەجیهانی رادەگەیەنێت کە کەلتوری لێبوردەیی و ئاشتی و پێکەوە ژیان، کەلتوری خۆڕسکی خەڵکی کوردستانە و ناکرێت کەسێك خۆی بە هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بزانێت بێجگە لە پەرەپێدانی ئەم کەلتوورە پشتگیری لەهیچ کەلتوورێکی دیکە بکات و ئەگەر هەوڵبدات کەلتوری ئاشتی و پێکەوە ژیان بشێوێنێت و بیگۆڕێت بۆ توندوتیژی ئەوا لە کوردستان بێ بەرییە.

گولان
١٢
ژمارە (٨٢٠) ■ ٢٠١١/٢/٢٨
سیاسی

# حیكمەتی حاجی عەلی و گرووپی سپی و د.پیربالْ



فلك الدین كاكەیی

(١)

هەندێ جار شتی وەهای «سیاسی» ڕوو دەدات كە ئینسان دەخاتە نائومێدی و تەمی ڕەش بەرچاوی دادەگرێت. ئا لەو ساتانەشدا دیاردەی گەشی هیوابەخش لەو سەری تۆنێلەوە سەرهەڵدەدات كە خەم و پەژارە و نائومێدی دەڕەوێنێتەوە.

شاری سلێمانی ماوەیەكە تووشی هەڵوێستی نادروست و هەڵچوونی ناوەختی ئەوانە بووە كە هێشتا ئاشكرا نەبووە بۆچی ڕقیان لە ئارامی و خۆشیی خەڵكی كوردستان دەبێتەوە، بۆچی ناحەزی پێشكەوتنی هێمنانەن. ئاخر پێشكەوتنی درێژخایەنی سەقامگیر هێمنایەتی و پشوو درێژی دەوێ.

(٢)

نەك جارێك و دووجار، بەڵكو سەدان جار، ئەزموونی گەلان سەلماندویەتی كە توندڕەوی بازدانە بەسەر قۆناغەكاندا و پەلەپەل و «ئیرادەی یەكلایەنەی چەند كەس» نابێتە ڕێگەی دروستی پێشكەوتن و گۆڕانكاریی پتەو، بەڵكو ڕێبازی ئارامی هەنگاو بەهەنگاو دەوێ تا پێشكەوتن جادەی هەمواری ئێستاكە و داهاتوو ببڕێت..

ئەڤرۆ دەبینین هێشتا ئەندێشەی داخراو بەسەر عەقڵی هەندێ كەسدا زاڵە. كە پەلەیانە بە دوو ڕۆژ ئەوەندەی سەد ساڵ بڕۆن و وەلێ وەك توركمان دەڵێ، «یاغنیشن» واتە هەڵە و چەواشە و سەرەوژێر دەڕۆن. كورد دەڵێ «بەفرێ نابێ بە كوڕێ». فرینی ناوەخت مرۆڤ دەخاتە داوەوە، كە دروست داوی شێوەی تەسكی بیركردنەوەی خۆیەتی.

(٣)

هێشتا ئەوەندە ئازاد نەبووینە تا هەر شتێ بەناوی خۆیەوە بناسێنین. «ناتوانین» چونكە دەڵێم: بارودۆخەكە «ناسك و هەستیارە». لە چیابووین، بەیاننامەی سیاسی پارتی و حزبەكانی تر دەردەچوو، كە پڕ بوون لەم دەستەواژانە: «. لە بارودۆخی ئاڵۆز و ناسك و هەستیار و تێكچڕژا و نالەباردابین...!» پێشمەرگەیەكی ئازاد و چاونەترس و خاوەن بەزمی شۆخی و گاڵتە و گەپ، كە دەیزانی ئەز یەكێكم لە داڕێژەرانی ئەو بەیاننامانە، بە پێكەنینەوە پێی دەوتم:

- ئەرێ هەڤاڵ! با بزانم كەی بارودۆخەكەمان ئارام و تەبیعی دەبێتەوە؟ من لەوەتی لە شۆڕشدام هەر دەڵێن: ناسك و نالەبار و تێكچڕژاو و..تاد! ڕۆژێك دوای ڕاپەڕین، دوای ڕۆژی ١٦ ئابی ١٩٩٤، جارێكی تر بەیانێكمان بڵاوبووەوە هەمان كێشەی دێرینی بەر لە ڕاپەڕینی پێوە دیار بوو، وەك بڵێی نە با بووە نە باران. ئەو پێشمەرگەی خۆشەویستە، كە ئێستاش لە دانیشتنمان پێكەوە چێژی خۆشی و دڵنیایی وەردەگرم، چونكە ڕاستگۆیە. (ئێستا ڕاستگۆیان لە كۆمەڵگادا بەدەگمەن بەرچاوان دەكەون). ئەم برادەرەم جارێكی تر هاتەلام، هەر كە هاتە ژوورەوە بە پێكەنینەوە وتم: وریابە! بارودۆخەكە هەستیار و ناسك. ئیتر ئەو ڕستەی كلێشەییەكەی لەمن جوانتر وتەوە، دەمزانی هەر بۆ پرسیارە ئەزەلییەكەی هاتووە: كە بارودۆخەكە ئاسایی و ئارام دەبێتەوە

- ئەو ئێستا دووره هەر ساڵی ١٩٩٤ سەری خۆی هەڵگرت و ئیدی نەگەڕایەوە نیشتمان. یەك دووجار، كە سەفەری هەندەرانم كردووە، پێی شاد دەبوومەوە و منی دەبردە ماڵە خنجیلانەكەی.

ئەوا دیسانەوە بۆی دەنووسم: برای چیاو و شارم وریابە و بزانە هێشتاش «بارودۆخی نائارام و ناسك و هەستیار و ئاڵۆز و مەترسیدار ماوە» چونكە كەسانێك لە نێومانا ماون كە بێ پەروا شەوی ئارامیمان دەشڵەژێنین و، دەستی «داگیركەرانی دیكەش» ڕادەكێشنە ناو كوردستان، ناهەقانە بە ئارەزووی خۆیان هەموو شتێكی خراپ دەڵێن و گوێ نادەن بەوەی كە وەزعەكە «ناسك و هەستیارە، بەڵام ئێمەی خاوەن هەق و مەسەلە بێدەنگین و ورتەمان لێوە نایەت، چونكە بارودۆخ هەستیار و ئاڵۆز و ناسكە!!

ئا لەم بارودۆخە پڕ لە غوبار و دووكەڵ و پڕوپاگەندەی درۆزنانەدا، چەند مەشخەڵی گەشیش دەبینین، لەوانەش: لێبوردەیی حاجی عەلی و، پێكهێنانی گرووپی سپی سلێمانی و، وتەكانی د. فەرهاد پیربال.

١- حیكمەت و زانایی حاجی عەلی باوكی شەهید ڕێژوان، كە نموونەی مرۆڤێكی زەردەشتییە. ئەم چاخەیە، لە جیاتی خەم و شین و قسە بە حزبە سیاسییەكان و بەم و بەو، وەك تێكدەرانی ئارامی دەیانەویست)، بەدەنگی بەرز و وشەی جوان و بیروهۆشی قووڵەوە ڕووی كردە خەڵكی كوردستان و وتی:

- كەس بە ناوی كوڕی شەهیدەوە بارودۆخەكە تێكنەدا..» حاجی عەلی كوڕەكەی، بە قوربانی پاكی وەك ئیسماعیل و بە نیشتمان پێشكەش كرد. بەوەش ڕێگەی لەوانە گرت كە ڕەنگە بەناوی تۆڵەسەندنەوە گرفتەكەیان بەلایەكی دیكەدا ببردبا و بۆ مەرامی سیاسیی كورتخایەن بەكاریان بهێنابا.

- بەڕێز حاجی عەلی، باوكی خۆڕاگر و

گوڵان

لەخۆبوردوی شەهید ڕێژوان، دەستی ئاژاوەی بڕی ، پەندێکی مێژوویی بۆ کورد و هەرگەلێکی دیکەی زیندووی بەجێهێشتووە..

کوردستان ئاوەدان و سەربەرزە بە دەنگی زوڵاڵی ئاشتیخوازی و لێبوردەیی و مرۆڤدۆستانەی حاجی عەلی. ئەو نەیویست و ڕێگەی نەدا بەناوی جگەرگۆشە شەهیدەکەیەوە خوێنی کەس بەناوی تۆڵە و تۆڵەسەندنەوە، بڕێژرێ. ئەو سەبری ئەیوبی هەبوو.

لە گفتوگۆیەکی تەلەڤزیۆنیدا لەگەڵ سەرۆك بارزانی ئەوەندەی تر ورەی بەرز و گیانی کورد پەروەریی خۆی نواندەوە، کە بە زمانێکی پاراوی جوانی ڕۆمانتیکی مرۆڤدۆستیەوە نەمامی کەلتووری لێبوردەیی چاند و بەرژەوەند و خەمی تایبەتی خۆی بەلاوە ناوە و، وتی: تکایە ئاشتی و ئارامی بپارێزن.

حاجی عەلی مامۆستای هەموومانە، مەسیح ئاسا وانەی عەقڵ و حیکمەتی بۆ دەگوتینەوە. ئەو بە تەنیا ئەوەندەی هەموو حزب و لایەنەکان ئارامی و هێمنایەتیی خستەوە وڵات و ئاسایشی نیشتمانی پاراستووە.

٢- گرووپی سپیی هونەرمەندانی موزیکژەن و و شانۆکارانی سلێمانی سومبولێکی گەشی دیکەی ئەم تونێلەیە کە ئاژاوەکاران هەوڵدەدەن لێی دەرنەچین. بەچی زمانێك سوپاس و ستایش بۆ ئەو هونەرمەندە خۆشەویستانە دەرببڕم، کە کۆتری سپیی ئاشتی و، سەربەرزانە هاتنە مەیدان و چوونە ناوبژیوانی و پاراستنی ئاشتی و ئارامی و گەل و نیشتمان.

ئومێدەوارم بەردەوام ببن و ئاشتیخوازانی دیکەش بچنە پاڵیان نەك تەنیا لە سلێمانی بەڵکو لە گشت شارەکان.

کوردستان پێویستی هەیە بە بزووتنەوەیەکی مەدەنی. ئاشتیخوازی کاراو ئەکتیف و کاریگەر، کە هەمیشە حزوریان هەبێ.

٣- د.فەرهاد پیرباڵ، بەشێوەی جوانی خۆی نموونەی ڕووناکبیری ئازادیخواز و نیشتمانپەروەری نواند. ئەو کە چووە بەردەرکی سەرای سلێمانی تا خەڵك بۆ هێمنی و بەکریزی و پاراستنی دەسکەوتەکان بانگ بکات. وەلی نەیانهێشت پەیامی خۆی بگەیەنێت بەڵکو «ئاژاوەگێڕان» پەلاماریاندا لێی بدەن. پاشان بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە سلێمانی گوێی لە نووسەرێکی گەورە بووە وتویەتی: «دەمانەوێ سلێمانی جیا بکەینەوە!». بەلای منەوە ئەم قسەیە پڕوپاگەندەی بێ مایەیە و بۆ مەرامی سیاسی دیکەیە چونکە سلێمانی لەخۆی جیا نابێتەوە. کوردستان جەستەی سلێمانییە. ئەوەش هەیە وەختی هاتووە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان فراوانتر بکرێ و کارا ببن تا خەڵکی هەر پارێزگایەك باشتر کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن.

وەڵامی بەڕێز د.فەرهاد، لە پێش مایکرۆ فۆنەکەدا، ئەوە بوو ڕووناکبیران و خەڵکی کوردستانی بانگ کرد تا هەوڵبدەن ئارامی بگەڕێتەوە و دەسکەوتەکانی بپارێزن.

پەیامی پیرباڵ پەیامی هەموو ئاشتیخواز و ئازادیخوازەکانە، هەموو ئەوانەی ئازادن و ئازادانە بیرئەکەنەوە، نەك عەقڵ و ئەندێشەی خۆیان دادەخەن بە ڕووی ڕاستی و بانگەوازی ژیاندا.

ئەوە مانگی ئادارە. یادەکانی ئادار، یادی ڕاپەڕین و نەورۆزە، بیرەوەریی کیمیابارانی هەڵەبجە (١٦/ئادار) و بۆنە مێژووییەکان. کەیادی ڕاپەڕینی مێژوویی کوردستان لەسەدەی بیستەم دەکەینەوە. خۆ دەبێ (بەرەی کوردستانیش) بەیاد بهێنینەوە یاد، کە بە عەقڵ و بیری کراوە و دڵسۆزیی تێکۆشەرانی کوردستان ساڵی ١٩٨٨ پێکهات و ڕاپەڕینەکەی بە ئەنجام گەیاند، کە هەڵبژاردنی ئازاد و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و دامودەزگا شەرعییەکانە.

ئێمە بەر لە بیست ساڵ ڕاپەڕینی خۆمان بەڕێوە بردووە. گەلانی دەوروبەرمان تازە گەیشتوونەتە سەرەتای ڕاپەڕینی کوردستان.

ئەمڕۆ هەندێ کەس دەیانەوێ ملی ڕاستییەکان بابدەن و ڕووداوەکان بە ئارەزووی خۆیان لێکبدەنەوە، کەوتوونەتە وەهمی خۆ بە زلزانین، وا دەزانن دەتوانن «ڕاپەڕین» بکەنەوە. بەڵام تێی دەکەون، چونکە باز دەدەن بەسەر واقیع و ڕەچاوی بارودۆخی کوردستان ناکەن، ناتوانن ببینن کە ڕاپەڕینی ڕاستەقینە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری خۆی هەیە. بە کورتی: کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بە ئاوەدانی و بونیادنانەوە و پێشکەوتنی بەردەوامە، کەشوهەوای ئارام و سروشتیی دەوێ. بازدان بەسەر ئەم ڕاستییانەدا دروست نییە و سەرناکەوێ..

ڕێگەی کورتتر و دروستتر لە پێشە، ئەویش هەلومەرجی دیالۆگ و هۆڵی پەرلەمان و ڕای گشتی خەڵك و ڕاگەیاندن.

حەزم دەکرد زووترین کات هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان بکرێ، تا دەرکەوێ هاووڵاتییان دەنگ بەکێ دەدەن. ئەوگرووپە توندڕەوانە بەخۆیان کەشوهەوای ئاڵۆز دروست بکەن، تا ڕێگە نەدەن هاووڵاتیان بە ئارامی و ئازادی بیربکەنەوە. هیوادارم ئەگەر داخوازیی بنەڕەتیی سیاسیانە بخرێتە بەر ڕیفراندۆم و ڕای ئازادی هاووڵاتیان ڕێژەیەکی بچووك لەگەڵیانا دەبن. ئەوکاتە ڕاستی دەردەکەوێ.

شتێکی گرنگیش هەیە لەبیرکراوە، پەراوێز خراوە و ناهێڵن باسی لێوەبکرێ، ئەویش (ئەخلاقی سیاسی)یە. هەروەك چۆن هەر پیشە و بوارێکی چالاکیی کۆمەڵگا ئەخلاقی خۆی هەیە وەك ڕاگەیاندن، پزیشکی، ئەندازیاری، پەروەردە و مامۆستایی، پێوەندیی ژنان و پیاوان. هی تر، ئاوەهاش ئەخلاقی سیاسی هەیە، دابونەریتی دروستی سیاسی هەیە، کە باڵای هەموو شتێکی کۆمەڵگایە. (بەڵکو لە دەرفەتێکی تردا بێمەوە سەر ئەم مەسەلەیە).


١٣
ژمارە (٨٢٠) ■ ٢٠١١/٢/٢٨
سیاسی

# بارودۆخی ئێستای كوردستان پێویستی بە سیاسەتی ئەقڵانی و ئیرادەی خێرە



لەنێـــو هەموو ئەو مەســـەلانەی لەنـــاوەوە و دەرەوەی ئەم جیهانە مەزندەی دەکەین، هیچ شـــتێک نییە بتوانین بەشێوەیەکی ڕەهاوە بەخێر بیژمێرین، ئەڵڵاهومە یەک شت نەبێت، ئەویش ئیرادەی خێرە.

ئاستی تێگەیشتن و زیرەکی و مەلەکەی حکومڕانی و هی دیکەش، بەهەر ناوێک دەربکەون، بەهرەی ئەقڵن، هەروەها ئازایەتی و نەخشـــەدانان و سووربوون لەســـەر ئامانج کە وەک تایبەتمەندی مەزاج وەسف دەکرێت، تایبەتمەندی خێرن کە مرۆڤ هیوای بۆ دەخوازێت، بەڵام ئەم بەهرە سروشتیانە لەوانەیە زۆر خراپ بێت، ئەگەر ئەم ئیرادەیەی ئـــەو بەهرانە هەڵدەســـوڕێنێت نەبێتە هۆکاری خولقاندنی ئیرادەی خێر، ئەم قســـانە لەســـەر دیاردەکانی دیکەی بەخت و هێز و دەوڵەمەندیش پراکتیزە دەبێت، تا خودی تەندروســـتی و ڕازیبوون لە حاڵی خۆمان، کـــە وامان لێدەکات ناوی بنێین کامەرانی، زۆرجار دەبنە هۆکاری شـــانازی بەخۆکردن، لەرێگەی خۆی لادەداو دەگۆڕێـــت بۆ جۆرێک لەغرور و لەخۆبایی بـــوون، ئەگەر ئیرادەیەکی خێر بوونی نەبێت، ئەو کاریگەریانە لەسەر ویژدان ڕاستنەکاتەوە و بەرەو ئامانج و مەبەستە گشتییەکان ئاڕاستەی نەکات و هەموو ئاکارەکان ڕاست نەکاتەوە.



لێرەدا پێویســـتمان بەو وتەیەیە کە دەڵێت، شـــاهیدی ئاقڵمەند لایەنگیری ناهەق ناکات و بەوە ڕازی نابێت هیچ شتێک بەهەڵگەڕاوەیی پیشانبدات و هەموو ئیرادەیەکی پاکی خێر پەکبخات، هەربۆیە ئەمە پیشانمان دەدات، کە ئیرادەی خێر ئەو مەرجەیە ناتوانین دەستبەرداری بین بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت کامەرانی بونیاد بنێت.

(ئەمانوئێل کانت)



**چۆن کەنیسەکانی سەدەی ناوەڕاست لۆژیکی ئەرستۆیان خستە خزمەتی ئەقڵی داخراوی خۆیانەوە، بەهەمان شێوە ئێستا ئۆپۆزسیۆن نەهامەتیەکانی خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری بە ئەقڵێکی داخراو بەکاردەهێنن و هەموو ئیرادەیەکی پاکی خێریان لە چارەسەرکردن و دۆزینەوەی ڕێگەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پەکخستووە**

**بزووتنەوەی گۆڕان نایانەوێت بەهیچ جۆرێك لەسەر ئەو بەیاننامە ١٧ خاڵیەی پەرلەمانی کوردستانیش ڕێکبکەون، کە میکانیزمی گونجاوی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەخۆ گرتووە**

**گۆڕان خۆی جارێ ئەوەددا کە حزب و حکومەت لەیەکتری جیابکاتەوە، بەڵام هێندە بێ ویژدانە، خواست و داواکارییە ڕەواکانی خەڵکی سلێمانی و خۆپیشاندەرانی بەردەرکی سەرای سلێمانی لەپێناوی ئامانجە سیاسییەکان دەشارێتەوە و یەکگرتووی ئیسلامیش نوێژی هەینی بۆ هەمان ئامانج بە خەڵکی دەکات**



ئەو بارودۆخەی ئێستا هەرێمی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، بارودۆخێکە پێویستی بە هەڵوەستە لەسەر کردن و ڕاوەستان هەیە، بەواتایەکی دیکە لەنێو بۆچوونە جیاوازەکانەوە بۆ دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکان پێویستی بە سیاسەتێکی ئەقڵانی و بوونی ئیرادەی خێر هەیە، تا ئەزموونی هەرێمی کوردستان جوانتر و سیمای حکومڕانی لەهەرێمی کوردستاندا بەرەو باشتر بەرین، بەداخەوە لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو کە خۆپیشاندانەکان لە ناوچەکانی سلێمانی و دەوروبەری دەستی پێکردووە، هەست دەکەین چۆن کەنیسەکانی ڕۆژئاوا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لۆژیکی ئەرستۆیان بۆ پتەوکردنی حکومڕانی کەنیسە و باڵادەستی قەشەکان بەکارهێنا، لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش بەگشتی و بەتایبەتی بزووتنەوەی گۆڕان نەهامەتی و کەموکورتیی خزمەتگوزارییەکانی خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنن و دەیانەوێت چۆن کەنیسەکانی سەدەی ناوەڕاست لۆژیکی ئەرستۆیان خستە خزمەتی ئەقڵی داخراوی خۆیانەوە، بەهەمان شێوە ئێستا ئۆپۆزسیۆن نەهامەتیەکانی خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری بە ئەقڵێکی داخراو بەکاردەهێنن و هەموو ئیرادەیەکی پاکی خێریان بۆ چارەسەرکردن و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو لەچارەسەرکردنی کێشەکان پەکخستووە و نایانەوێت بەهیچ جۆرێك لەسەر ئەو بەیاننامە ١٧ خاڵیەی پەرلەمانی کوردستانیش ڕێکبکەون، کە میکانیزمی گونجاوی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەخۆ گرتووە.

کەواتە ئەم دەروازەیە پێمان دەڵێت، چۆن ئەمانوئێل کانت لە کتێبی (دامەزراندنی میتافیزیقیای ئەخلاقدا) ئاماژەی پێکردووە، کە بونیادی کامەرانی و خۆش گوزەرانی هاووڵاتیان پێویستیان بە شاهێدیکی ئاقڵە بۆ ئەوەی لایەنگیری ناهەق نەکات و بەوە ڕازی نەبێت بارودۆخەکە پێچەوانە بکاتەوە و ئیرادەی خێر پەکبخات، ئەوا ئەم ڕاپۆرتە بەو ئاڕاستەیە

**لە سلێمانی
داخوازیی هەق و پیرۆزی
هاووڵاتیان خەریکە
بەلاڕێدا دەبرێت و
خەریکە جارێکی دیکە
ئازار و مەینەتیەکانی
هاووڵاتیان
لە بەرگێکی سیاسیی
دەپێچرێتەوە و
هەموو ئیرادەیەکی
پاکی خێر
بۆ چارەسەرکردنی
ئەو نەهامەتیانە
پەکدەخرێت**

**هەتا ساڵی ٢٠١٠ پارێزگاری
سلێمانی سەر بەبزووتنەوەی
گۆڕان بووە و ئێستاش لەبەر
ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگا
تیایدا گۆڕان باڵادەستە
تێبینیان لەسەر پارێزگاری
ئێستای سلێمانی هەیە**

**هەر کەموکورتیەك
لە پرۆژە
خزمەتگوزارییەکان
هەبوبێت لە ساڵی 1996
تا ساڵی 2010، لە هەولێر
و دهۆك ڕاستەوخۆ پارتی
دیموکراتی کوردستان لێی
بەرپرسیارە و بەڵام لە
گەرمیان و سلێمانی، یەکێتی
نیشتمانی کوردستان لێی
بەرپرسیارە.
کە گۆڕانیش باڵێکی
پانی ناو ئەو
حزبە بووە..**



هەنگاو هەڵدەگرێت، دەبێت لەم بارودۆخەدا وەك شاهیدێکی ئاقڵ بارودۆخەکە هەڵبسەنگێنین و لایەنگیری ناهەق نەکەین، هەروەها ڕاستیەکانیش هەڵنەگێڕینەوە.

### هەڵگێڕانەوەی ڕاستیەکان
### بۆ بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی

هیچ گومان لەوەدا نییە کە خەڵکی سلێمانی و گەرمیان چەندی بڵێیت کەموکورتیان لەبواری خزمەتگوزاری هەیە، تەنانەت ئەو خزمەتگوزارییانەی ئەو ناوچانە لێی بێ بەشن، ئەو خزمەتگوزارییە سەرەکیانەن کە نابێت و ناکرێت بۆیان دابین نەکرێت و هەر حکومەتێکیش پاکانە بۆ ئەوە بکات کە ناتوانێت ئەو خزمەتگوزارییە سەرەکیانە دابین بکات، یان لەماوەی دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراقەوە نەیتوانیبێت بۆیان دابین بکات، ئەوا ئەو پەنگخواردنەوەی لێدەردەچێت کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بینیمان چۆن تەقییەوە و چۆن تا ئێستاش هاووڵاتیان داوای ئەوە دەکەن تا وەڵامی پێویستیان نەدرێتەوە لە خۆپیشاندان دەست هەڵناگرن، ئەمە یەکێکە لەو داوایانەی کە پێویستە هەموو لایەك ڕێزی لێبگرێت و ڕاشکاوانە وەڵامی ئەو خەڵکە خۆپیشاندەرە بداتەوە، کە نەبوونی خزمەتگوزاری و گەندەڵی هێناویانە سەر شەقام و دەنگیان لێ بەرز بۆتەوە، بەڵام وەك لە چەند ڕۆژی ڕابردوو سەیری بارودۆخەکە دەکەین هەست دەکەین ئەم داخوازییە هەق و پیرۆزەی هاووڵاتیان خەریکە بەلاڕێدا دەبرێت و خەریکە جارێکی دیکە ئازار و مەینەتیەکانی هاووڵاتیان لە بەرگێکی سیاسیی دەپێچرێتەوە و هەموو ئیرادەیەکی پاکی خێر بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەهامەتیانە پەکدەخرێت، هەربۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا مەبەست لە پەکخستنی ئیرادەی پاکی خێر چییە؟ ئایا مەبەست لە هەڵگێڕانەوەی ڕاستیەکان چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بەچەند خاڵێك دەدەینەوە:

١- لەوانەیە ئەو ڕاستیە تاڵ بێت کە ناچارین بینووسین، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٦-٢٠٠٥ دووئیدارەی سەربەخۆ بووە

و تەنانەت ئەو داهاتەشی کە لەبڕیاری ٩٨٦ وەك بەشە داهاتی کوردستان جیاکراوتەوە لەسەر بنەمای پارێزگاکان دابەشکراوە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ یشەوە کە هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی پێنجەمدا یەکیان گرتۆتەوە، لانی کەم لەڕووی داراییەوە، دوو ئیدارە بوون لەناو یەك حکومەتدا، تەنانەت تا هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٩، وەزیری دارایی ناوچەکانی هەولێر و دهۆك سەرکیس ئاغاجان بووە و وەزیری دارایی ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان بایز تاڵەبانی بووە، بۆیە هەر کەموکورتیەك لە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان هەبوبێت تا ساڵی ٢٠١٠، لە هەولێر و دهۆك ڕاستەوخۆ پارتی دیموکراتی کوردستان لێی بەرپرسیارە و بەڵام لە گەرمیان و سلێمانی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان لێی بەرپرسیارە، کە گۆڕانیش باڵێکی ئەو حزبە بووە، ئەمە پیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەی کێشەکەیە کە لەوانەیە لەم بارودۆخەدا ناخۆش بێت وا بەو ڕاشکاوییەوە پەنجە بخرێتە سەر گەوهەری کێشەکان، بۆیە ئەگەر خەڵك لە هەولێر و دهۆك لە نەبوونی خزمەتگوزاری و گەندەڵی بڕژێنە سەر جادەکان و خۆپیشاندان بکەن، ئەوا پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای ئەم واقیعە وەڵامیان بداتەوە و ئامادەش بێت گوێ لە داواکانیان بگرێت، ئەو ئیدارەیە موسائەلە بکات کە ئەو ناوچانەی بەڕێوەبردووە، بەهەمان شێوە کاتێك لە سلێمانی و گەرمیان خۆپیشاندان دەکرێت و خەڵك لەسەر هەقی خۆی دەڕژێتە سەر شەقامەکان، ئەوا پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامیان بداتەوە و موسائەلەی ئەو ئیدارەیە بکرێت کە لەوێ بەرپرسیار بووە کە هەردوو لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان هەڵیان سوڕاندووە. ئەمە هەقیقەتێکە ئەوەی نکوڵی لێبکات جەماوەر چەواشە دەکات.

٢- هەقیقەتێکی دیکە هەیە دەبێت وەك خۆی پیشانی جەماوەری بدەین، ئەوەیە کاتێك خۆپیشاندان لە هەولێر و دهۆك بۆ نارەزایی دەکرێت، خەڵك دژی ئەو لایەنە خۆپیشاندەکات کە لە هەڵسوڕاندنی ئیدارەی ئەو ناوچەیە بەرپرس بووە، ڕاشکاوانەتر واتە ئەگەر خەڵك لە هەولێر و دهۆك نارەزایی دەربڕێت ڕاستەو ئاراستەی نارەزاییەکانی دەکاتە پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەبەرپرسیار دەزانێت، بۆیە ئەگەر جەماوەر توڕەش بێت، توڕەیی خۆی ئاراستەی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، ئەمە بۆ خۆپیشاندانەکانی سلێمانی و دەوروبەریشی بەهەمان شێوەیە، خەڵکی ئەو ناوچانە کە خۆپیشاندان دەکەن، دەبێت نارەزایی خۆیان ئاراستەی ئەو ئیدارەیە بکەن کە پێشتر یەکێتی نیشتمانی و بزووتنەوەی گۆڕان هەڵیان سوڕاندووە، ئەمە هەقیقەتێکە کەس ناتوانێت نکوڵی لێبکات، لەبەر ئەوەی هەتا ساڵی ٢٠١٠ پارێزگاری سلێمانی سەر بەبزووتنەوەی گۆڕان بووە و ئێستاش لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگا تیایدا گۆڕان باڵادەستە تێبینیان لەسەر پارێزگاری ئێستای سلێمانی هەیە، ئەمەش ڕاشکاوانە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە تەلەفزیۆنی کەی ئێن ئێن ئاماژەی پێکرد، هەربۆیە وەك خۆشیان دەڵێن ئەم خۆپیشاندانانە بەرەنجامی کەڵەکەبوونی چارەسەرنەکردنی کێشەکانە، ئەوا ئەو کێشانەی ئەمڕۆ گۆڕان باسیان دەکات بەشێکی گەورەی سەرانی خۆی لێی بەرپرسیارە.

٣- پرسیار لێرەدا ئەوەیە کاتێك هەردوو لایەنی یەکێتی نیشتمانی و بزووتنەوەی گۆڕان بەرپرسی یەکەمی هەڵسوڕاندنی ئیدارەی ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان بن، پرسیار ئەوەیە ئایا مەسەلە چییە خەڵکی خۆپیشاندەر لە سلێمانی و کەلار و چەمچەماڵ و هەڵەبجە، هەڵدەکوتنە سەر بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرد بارانیان دەکەن؟ ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپرسە لە هەڵسوڕاندنی ئیدارەی ناوچەکانی گەرمیان و سلێمانی؟ شاردنەوەی ئەم ڕاستیانە شاردنەوەی هۆکارە سەرەکییەکانی گەندەڵین لەو دەڤەرە و بێگومان بەشی گەورەشی بەر بزووتنەوەی گۆڕان دەکەوێت، لێرەدا زۆر گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، ئەگەر لە هەولێر و دهۆك خەڵك دژی گەندەڵی و کەمی خزمەتگوزاری خۆپیشاندان بکات، ئایا چ ئەقڵێك ئەوە قبوڵ دەکات کە خەڵك بچێت بەرد بارانی بارەگاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان یان بزووتنەوەی گۆڕان بکات؟ ئایا پێتانوایە خەڵکی کوردستان هێندە بێ ئاگایە و نازانێت گەندەڵی و کەموکورتیەکانی هەولێر و دهۆك کێ لێی بەرپرسە و نازانێت گەندەڵی و کەموکورتیەکانی سلێمانی و گەرمیان کێ لێی بەرپرسە؟ بەڕاستی سەیرە حزبێکی سیاسیی لافی ئەوە لێبدات کە سەرکردایەتی گۆڕانکاری و چاکسازی لە وڵاتتدا دەکات و لە هەنگاوی یەکەمدا نەهامەتیەکانی خەڵك دەکاتە توخمی سەرەکی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی، بەڕاستی سەیرە بزووتنەوەی گۆڕان خۆی جاڕی ئەوەدەدا کە حزب و حکومەت لەیەکتری جیابکاتەوە، بەڵام هێندە بێ ویژدانە، خواست و داواکارییە ڕەواکانی خەڵکی سلێمانی و خۆپیشاندەرانی بەر دەرکی سەرای سلێمانی لەپێناوی ئامانجە سیاسییەکان دەشاردرێتەوە و یەکگرتوویی ئیسلامی نوێژی هەینی بۆ هەمان ئامانج لەوێ دەکات، بەڕاستی ئەمە ناهەقییە دەرهەق بەو داواکارییە ڕەوایانە دەکرێت کە خەڵکی خۆپیشاندەری سلێمانی هێناوەتە سەرشەقام.

٤- بزووتنەوەی گۆڕان کە دێتە سەر یاسای

**ئەگەر لە هەولێر و دهۆك خەڵك دژی گەندەڵی و کەمی خزمەتگوزاری خۆپیشاندان بکات، ئایا چ ئەقڵێك ئەوە قبوڵ دەکات کە خەڵك بچێت بەردبارانی بارەگاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان یان بزووتنەوەی گۆڕان بکات؟**



**بەشێکی زۆری ئەو گەندەڵی و کەمورتیانەی ئێستا لە سلێمانی و گەرمیان گەیشتوونە ئەو ئاستەی خەڵك چیدیکە بێدەنگ نەبێت، پێوەندی بەو گەندەڵییە سیاسییەوە هەیە کە لە ئاکامی جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە یەکێتی هاتۆتە ئاراوە**



هەڵبژاردنی پارێزگاکان باس لەوە دەکات پێویستە سیاسەتی حکومەتی لۆکاڵ (لامەرکەزیەتی پارێزگاکان) پیادەبکرێت، هەربۆیە ئەگەر یەکێك ئاگاداری سیستەمی ئیداری کوردستان نەبێت، وا دێتە بەرچاوی کە پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان لە مەرکەزی هەولێرەوە ئیدارە دەکرێن و پارێزگار هیچ دەسەڵاتێکی نییە، ئەمە لە کاتێکدا هەموو پارێزگارێك دەسەڵاتی ئەوەی هەیە هەموو پرۆژەکانی ئەو پارێزگایە بخاتە تەندەرین و سەرپەرشتی هەموو پرۆژەکانیش بکات، لەمەش زیاتر ئەوە واقیعی سیاسیی کوردستانە کە ئیدارەی پارێزگای سلێمانی لەبەر ئەوەی تەنیا پارێزگا بووە لە ئیدارەی سلێمانی پێشوودا، هەربۆیە خۆی حکومەتێکی سەربەخۆبووە لەرووی سیاسیی و ئیدارییەوە تا ساڵی ٢٠٠٦ و لەرووی داراییشەوە هەتا ئێستاش حکومەتێکی سەربەخۆیە، بۆیە بەلامانەوە سەیرە داوای دەسەڵاتی زیاتر بۆ پارێزگای سلێمانی دەکرێت لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی ئیدارەی سلێمانی هەتا ئێستاش هیچی لە دەسەڵاتی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك پێکەوە کەمتر نییە، هەر بۆیە ئەم داوایە بەو جۆرە دەخوێنرێتەوە کە ئەمیشیان هەوڵێك بێت بۆ چەواشەکردنی خەڵك، ئەم راپۆرتە ئەم خاڵانە پێشنیار دەکات:

• با خۆپیشاندەرانی سلێمانی داوای ئەوە بکەن لەدوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر لە چوارچێوەی کابینەی پێنجەمدا، ئەو پارەیەی بەرێگای بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان و بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ( ١٧٪)ە، چەندی بەر سلێمانی و گەرمیان کەوتووەو چەندی بەر هەولێر و دهۆك کەوتووە، لەم چوارچێوەیەدا بێن بەراوردێك بکەن ئایا لەهەولێر و دهۆك بەو پارەیە چی کراوەو لە سلێمانی و گەرمیان چی پێکراوە؟ ئەم داوایە دەروازەیەکمان بۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی راستییەکان وەك خۆی ببینین بۆ ئەوەی بزانرێت کێ بەرپرسە لە نەهامەتی و کەمی خزمەتگوزارییەکانی سلێمانی و گەرمیان و کێ بەرپرسە لە گەندەڵی و کەموکورتییەکانی هەولێر و دهۆك؟

• ئەم بەراوردکارییە بۆ ئەوەنییە بە خۆپیشاندەران بڵێین لە سلێمانی و گەرمیان گەندەڵی و کەموکورتی هەیە و لە دهۆك و هەولێر نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە خۆپیشاندەران بزانن ئایا ئاستی گەندەڵی لە سلێمانی و گەرمیان بەبەراورد بە هەولێر و دهۆك چەندە؟ بێگومان لەوانەیە کاتێك ئەم بەراوردییە دەکرێت، ئەو راستییە دەربکەوێت، کە بەشێکی زۆری ئەو گەندەڵی و کەمورتیانەی ئێستا لە سلێمانی و گەرمیان گەیشتوونە ئەو ئاستەی خەڵك چیدیکە بێدەنگ نەبێت، پێوەندی بەو گەندەڵییە سیاسییەوە هەیە کە لە ئاکامی جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە یەکێتی هاتۆتە ئاراوە.

• بەڵام کاتێك داواکاری خۆپیشاندەران دەگۆڕێت بۆ داواکاری سیاسیی لایەنێکی سیاسیی کەهەموو خەمی گرتنە دەستی دەسەڵاتە، پێویستە خۆپیشاندەران رووبەرووی ئەو پرسیارە بکەنەوە، ئایا دەتەوێت دەسەڵات بگریتەدەست بۆ ئەوەی ئەم نموونەیەی ئێستا لە سلێمانی بوونی هەیە لەهەموو کوردستان دووبارەی بکەیتەوە.

## سیاسەتی ئەقڵانی و ئیرادەی خێر وەك تەنیا رێگە بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە

ئەم قەیرانەی ئەمڕۆ لەسلێمانییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئاکامی هەڵسووڕاندنی خراپی ئیداری و بەرەنجامی ئەو باروودۆخە سیاسییەیە کە لە ژینگەی سلێمانیدا بوونی هەیە، بۆیە دووبارەی دەکەینەوە ئەو داوایانەی خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری بۆ چاکسازی بەرزی دەکەنەوە، داوای هەق و رەواو پیرۆزن، دەبێت بەرپرسیاران لە هۆکارەکانی گەندەڵی و کەمی خزمەتگوزارییەکان وەڵامیان بدەنەوە و هەوڵیش بدرێت لە سلێمانییەوە دەست بەچاکسازی و رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی بکرێت بۆ ئەوەی هەموو هەرێمی کوردستان بگرێتەوە، لەمەش راشکاوانەتر چاکسازی ئیداری و قەڵاچۆکردنی گەندەڵی بەبڕیارێکی سیاسیی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکان یان دامەزراندنی لیژنەیەك لە پەرلەمانی کوردستانەوە ناکرێت، بەڵکو دەبێت سیاسەتێکی ئەقڵانیانە هەبێت بۆ چۆنییەتی داڕشتنی بەرنامەیەك بۆ ئەوەی رووبەرووی گەندەڵی ببینەوە، هەروەها دەبێت ئیرادەیەکی خێر هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکات.

سەبارەت بەم پرسە و چۆنییەتی پیادەکردنی سیاسەتی ئەقڵانی پرۆفیسۆر مەهدی جابر ئوستادی زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سەلاحەدین لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن و وتی: (سیاسەتی ئەقڵانی ئەو سیاسەتەیە کە پشت دەبەستێت بە بیرکردنەوە لە ئاستە هەمەچەشنەکانی واقیع و خەسڵەتەکانی و باروودۆخەکەی، بەشێوازێکی ئاشتیانەو بونیادنەر، بەبێ گەڕانەوە بۆ توندوتیژی. فەیلەسووفی بەناوبانگ یۆرگان هابرماس بیرۆکەی چارەسەری ئەقڵانی بۆ دیاردە سیاسییەکان خستۆتەڕوو، وەك رێگەچارەو شێوازێك بۆ پێشکەشکردنی چارەسەر و وەڵامدانەوەی ئەو پرس و تەنگژانەی کە رووبەرووی دنیای مۆدێرنە دەبنەوە. ئەقڵانییەت بەدرێژایی مێژوو میتۆدێکی بیرکردنەوە و پێکهاتەو پوختەیەکی هزری مرۆڤایەتیی بووە، هەموو پەرەسەندنەکانی هزری مرۆڤایەتی دەخاتە بەر تیشك و نەشتەرگەری توێژینەوە. هەروەها کاریگەری زۆری هەبووە لە پەرەپێدان و هەڵکشانی بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی

# سیاسەت بەپلەی یەکەم پشت بەئەخلاق دەبەستێت ئەمە لە تێزەکانی ئەفلاتۆن و ئەرستۆ و سوقراتدا ئاماژەی پێکراوە



## پرۆفیسۆر مەهدی جابر بۆ گوڵان:

چارە لە دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، ئەمرۆش لەســـەردەمی جیهانگیریدا کە بازنەی پرس و گرفتەکان فراوانتر بوون، ئەقڵانییەت وەك تەوژمێکی فیکری سیاسی بایەخی خۆی زیاتر بۆ دەگەڕێتەوە لەپێناوی پێشکەشکردنی وەڵامی گونجاوی هاوئاســـت بە ڕەوڕەوەی پێشکەوتن. لەلایەکی دیکەوە سیاســـەتی ئەقڵانی ، ئەخلاق وەك ڕەگەزێکی گرنگ لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتەکان بەکاردەهێنێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەخلاق لەبەرچاو نەگیرێت کارەســـات و ئاکامی نێگەتیڤی لێ بەرهەم دێـــت. زۆربەی وڵاتانی دنیـــا بەرێگەیەکی نائەقڵانـــی و دوور لەبنەما ئەخلاقیـــەکان مامەڵە لەگەڵ دیاردەکاندا دەکەن هەروەکو چۆن ئێستا لە لیبیا بەفڕۆکەی جەنگی بۆردومانی خۆپیشـــاندەران دەکرێـــت، ئەمەش دووپات بوونـــەوەی ئەزموونی حوکمی بەدکاری ســـەدام حوسێن بوو کاتێك بەفڕۆکەی جەنگی و تانك و تۆپەوە گەلی کوردی جینۆســـاید دەکرد، تەنانەت گەیشـــتبووە ئەوەی چەکی کیمیاییان لەســـەر تاقیبکاتەوە، ئەمەش دەلالەتە لەســـەر داماڵینی مامەڵەی ئەخلاقی لەسیاســـەتدا. لەم بۆچوونەمدا دەمەوێت بڵێم غیابی ڕەهەندەکانی ئەخلاق، لەسیاسەتدا، بەئاکامی خراپ کۆتایی بە دیاردەو ڕووداوەکان دێنێت. لەزۆربەی کاتەکاندا دووفاقـــی دەبینین لەنێوان ئەو هەڵوێســـتانەی سیاســـین بەبەراورد بە هەڵوێستە ئەخلاقییەکان، من لە دژی ئەو بۆچوونەم کە دەڵێت سیاســـەت جێگەی ئەخلاقی تێدا نابێتەوە. جەخت دەکەمەوە لەســـەر ئەوەی کە سیاســـەت وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە لەهەزاران ســـاڵ پێش ئێستاوە بۆ خزمەتی مرۆڤ داهێنـــراوە، بەپلەی یەکەم پشت بەئەخلاق دەبەســـتێت هەروەك لە تێزەکانی ئەفلاتۆن و ئەرســـتۆ و ســـوقرات دا بەجوانی ئاماژەی پێدراوە)).

پرۆفیســـۆر جابـــر گرێدانـــەوەی ئەخلاق و سیاسەت بەپێویست دەزانێت، لەبەر ئەوەی بەبێ ڕەچاوکردنی بنەمـــا ئەخلاقیەکان، ئیرادەی خێر بوونـــی نابێت، بۆیە هەر لـــەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بەو سیاســـەتانەی توندوتیژی بەرهەم دێنێت، پرســـیارمان کرد ئایا لە نێوان سیاسەتی تۆتالیتـــاری و بەرهەمهێنانـــی توندوتیژیـــدا پێوەندییـــەك هەیـــە؟ لەوەڵامی ئەم پرســـیارەدا بەمجۆرە وەڵامی داینەوە: (بەڵێ، پێوەندییەکی توندو تۆڵ لەنێوان تۆتالیتار و توندوتیژیدا هەیە. تۆتالیتار بـــۆ زۆربەی کارەکانی پەنا دەباتە بەر توندوتیـــژی وەك ئامرازێك بۆ دیســـپلینکردنی بزاڤـــی کۆمەڵگـــە، هـــەر لایەنێـــك بـــڕوای بەدیموکراتییـــەت و مافەکانـــی مرۆڤ نەبێت، هەروەها بڕوای بەدەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەســـەڵات نەبێت، دەبێتە تۆتالیتار. هەموو ئەو وتانەی لە زەمانـــی نازییەکانـــدا بەکاردەهات کاریگەرترین چەکی ڕژێمـــە تۆتالیتارەکانە کە دەیوت «درۆ بکە. درۆبکە. درۆبکە تا هەمووان باوەڕت پێدەکەن. ئەم خەســـڵەتانەی باسم کردن بەجۆرەها تەکنیك و شـــێوازەوە بەکار دەهێنرێن، ئەمە ئاســـاییە بەلای تۆتالیتارەکانەوە، چونکە لـــە بنەڕەتدا بڕوایـــان بەدیموکراتییـــەت نییە، بەڵام نائاســـاییە بەلای ئێمـــەوە، چونکە ئەمە بەپێچەوانەی پیادەکردنی مافەکانی مرۆڤەوەیە، بەڵام ناکرێت هەموو ئایدلۆژیەتە تۆتالیتارییەکان لەیـــەك چوارچێـــوەدا کۆبکەینەوە، بـــۆ نموونە تۆتالیتارییەتـــی ئەزموونی سۆشیالیســـتی لە ئەزموونی فاشـــی یا نازی جیاوازە. ســـەبارەت بە دووری و نزیکیشیان لە ئەقڵانییەتەوە دیسان چەند ئاســـتێکی جیاوازیان لەیەکتر تێدا بەدی دەکرێت. کاتێك کە تۆتالیتاریەتی سۆشیالیستی دەخەینە بەر ڕەخنە، پێویستە دان بەوەدا بنێین کە سۆشیالیستی لایەنی پۆزەتیڤی بۆ مرۆڤایەتی تێـــدا بووە، بەڵام لـــە تۆتالیتاریەتـــی نازی و فاشیســـت کە لەئیتاڵیاو ئەڵمانیاو ئیســـپانیادا کاریـــان پێدەکـــرا لەکوشـــت و بـــڕو جەنگ و خاپوورکردن زیاتر هیچیان پێشکەش بە مێژووی مرۆڤایەتی نەکرد. هەردوو جەنگە جیهانییەکەی سەدەی بیستەم لەئەنجامی پیادەکردنی ئەو دوو تۆتالیتاریە لە ئەوروپادا هەڵگیرسا، بەڵام ئەگەر ڕژێمێکی دیموکراتی هەبێت پشـــت بەستوو بێت بەهەڵبژاردنی ئازادو خاوێنەوە، دەستاودەستکردنی ئاشـــتیانەی دەســـەڵات، جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکەی لا مەبەست بێت، ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ بگرێت، کۆمەڵگەی مەدەنی ئەکتیڤ بـــکات و دەوڵەت بکاتـــە کۆمەڵێك دامودەزگاو هەمـــوو هاووڵاتیـــان لێی ســـوودمەند بن، کە لەقازانجی هاووڵاتیاندا بێـــت، هەروەها ئەگەر ئەم خەسڵەتانە لە بنەچەوە بەرێکوپێکی ڕێڕەوی خۆیـــان وەرگرت،ئـــەوە بناغەیەکـــی ماددی و مەعنـــەوی بۆ ئەقڵانییەت لـــەو کۆمەڵگەیەدا پتەو دەبێت. بەمشـــێوەیە کاتێـــك ئەقڵانییەت و دیموکراتییـــەت کارتێکـــەر و کارتێکـــراو دەبن، لەئاکامدا ئارامی دەکەوێتە ناو کۆمەڵگەوە، نەك کۆمەڵگە ببێتە مەیدانێك بۆ ئاژاوەو پشـــێوی و هەرکەس بەمیزاج و هەوەســـی خۆی لە هەوڵی بەکارهێنانی هێز و چەسپاندنی مافەکانی خۆیدا دەســـتی باڵا دەبێت. بۆیە پێویســـتە دەزگاکان یاسایی و دیموکراتی بن، بەمشێوەیە لە ئارەزووی کەســـێك یا ســـەرکردەیەك بەدوور دەبن، بەمەش دەتوانرێت بەپێـــی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاســـی و ئابووری کۆمەڵگەکە، سیستمێکی ئەقڵانـــی بونیـــاد بنرێت، ئـــەم ئەقڵانییەتەش گرێبەندە بە کەلتووری سیاســـییەوە. کەواتە ئەم ڕێکخستنی دامودەزگایانە تەنیا ناوەستێتە سەر فەرمانڕەوایان و دەســـەڵات، بەڵکو دەوەســـتێتە سەر کۆمەڵگەو هۆشـــیاری خەڵکیش، ئەمەش لەپێناوی داڕشتنەوەی سیاسەتێکی زانستییانەی وادا کە بەرژەوەندی هەمووان بپارێزێت)).

لەلایەکـــی دیکە و ســـەبارەت بەچۆنییەتی

# چاكسازی بە تەنیا بە حكومەت ناكرێت، بۆیە پێویستە پێش ئەوەی چاكسازی بكەین هاوسەنگی لە نێوان موئەسەساتی سیاسی و مەدەنی بكرێت



## پرۆفیسۆر محەمەد شەریف بۆ گوڵان:

پیادەكردنی سیاسەتی ئەقڵانی و ئەو ئامرازانەی لەم سیاسەتەدا بەكاردەهێنرێت، پرسیارمان لە د.دۆغانچان ئۆزەل لە زانكۆی ئەنگلۆ-ئەمریكی لە پرتوگال كرد و لە لێدوونێكی تایبەتدا پرۆفیسۆر ئۆزەل بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (لە ڕاستیدا تێڕوانینێكی باوی هەڵە هەیە لە بەكارهێنانی دەستەواژەی «ئەقڵانی» و «سیاسەتی ئەقڵانی» لەگەڵ «سیاسەتی ئایدیال» و «سیاسەتی ماقووڵدا»دا تێكەڵ دەكرێت. لە ڕاستیدا ئەقڵانییەت مانایەكی تەواو دیاری كراوی هەیە. لە سیاقی سیاسەتدا، ئەقڵانییەت پەیوەستە بە ئامرازەوە، نەك ئامانج. بە دەربڕینێكی دیكە، كاتێك باس لە سیاسەتی ئەقڵانی دەكرێت، ئەوا ئێمە باس لە ئامانجگەلێكی دیاریكراو ناكەین كە دەبێت سیستمە سیاسییەكە بیانهێنێتەدی (وەك بەرزكردنەوەی ئاستی بەختەوەری خەڵك یان پێكهێنانی سوپایەكی بەهێز، بەڵكو پەیوەستە بەو ئامرازانەوە كە لە ڕێیانەوە ئەم ئامانجانە بەدی دەهێنرێت، بەڵام ئیتیك، بەتایبەتی لە سیاقی سیاسیدا، زیاتر پەیوەستە بەو ئامانجەی هەوڵدەدرێت بهێنرێتەدی. كەواتە دەكرێت سیاسەتی ئەقڵانی لە خزمەت ئامانجی ئەخلاقی یا نائەخلاقیدا بێت. واتە دەكرێت بۆ خزمەتی خەڵك یا بۆ سەركوتكردنی خەڵك بەكار بهێنرێت. لە هەردوو حاڵەتەكەدا ئامانجەكانی خۆی كارایانە بەدەست دەهێنێت، لەم ڕووەوە، سیستمی سیاسەتی ئەقڵانی سیستمێكە كە:

أ) ئامانجە سیاسییە بەدیلەكان پاساوی خۆیان هەیە، ئەویش بە خستنەڕووی لایەنە باشەكانیان(بۆ نموونە وەك ئەوەی بڵێین دەبنەهۆی زیادكردنی تێكڕای داهاتی محەلی).

ب) كارابوون گرنكترین هۆكارە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییە بڕیارلێدراوەكان. سیاسەتی ئەقڵانی دوو خەسڵەتی هەیە: یەكەمیان، سیاسەتی ئەقڵانی ستایشی لۆجیكی (بیركردنەوە) تاكەكەسی دەكات، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی سیاسەتی ئەقڵانی كارێكی مومكین بێت. كەواتە، پێوەندییەكی ئیجابی هەیە لە نێوان سیاسەتی ئەقڵانی و تاكەكەسیدا. هەروەها لەو كۆمەڵگەیانەدا كە كەلتووری سیاسەتی ئەقڵانی باڵادەستە، ئەوا پێوەرە بنچینەییەكانی سیاسەت پێوەری «چەندی» دەبن. واتە پرۆسەكانی بڕیار دروستكردنی ئەقڵانیانە ئاڵۆزی و قووڵی ژیانی بۆ ژمارە و حسابات كورت دەكەنەوە، كەواتە ئەقڵانیبوون دەبێتەهۆی دوورخستنەوەی خواستە نائەقڵانییەكان لە پرۆسەكانی دروستكردنی بڕیاردا. لەبری ئەوە، سیاسەتی ئەقڵانی مرۆیی بوون دەگۆڕێت بۆ تاكەكەس بوون. ئەمە هاووڵاتییەكی تاكەكەسی و ئەقڵانی دەخولقێنێت كە بڕیارە سیاسییەكانیان لەسەر ئەساسی لێكدانەوەی بەرژەوەندی گشتی، هەروەها بەرژەوەندییە تایبەتیەكان بنیاد بنێن، نەك هۆكارە نائەقڵانییەكان، وەك ئینتیمای عەشائیری و باوەڕە ئاینییەكان)).

لەلایەكی دیكە و سەبارەت بە ئەنجامدانی چاكسازی لەكۆمەڵگە بەرێگەی سیاسەتی و ئەقڵانی و بەرێگەی دامەزراوەكان و پێوەندی نێوان سیاسەتی ئەقڵانی و پشت بەستن بەدامەزراوەكان بۆ ئەنجامدانی چاكسازی د.ئۆزەل لەدرێژەی لێدوانەكەیدا بۆ گوڵان وتی: (پێموایە پێوەندییەكە دوو ئاڕاستەی هەیە. مەبەستم ئەوەیە پێوەندییەكی دوولایەنە هەیە لە نێوان پرۆسەكانی بڕیاردروستكردنی ئەقڵانی و چوارچێوە دامەزراوەییەكاندا ڕوونە كە ئەوە خەڵكن نەك دامەزراوەكان كە بەشداری لە دارشتنی سیاسەتدا دەكەن. لەگەڵ ئەوەشدا، دامەزراوەكانی سیاسەتی ئەقڵانی هەوڵی خولقاندنی سیاسەتی ئەقڵانی دەدەن. هەروەها سیاسەتی ئەقڵانی هەمیشە پەرە بە دامەزراوە ئەقڵانییەكان دەدا. كەواتە بەدەستێهنانی سیستمێكی سیاسی كە پرۆسەكانی بڕیاردروستكردن لەلایەن دەنگدەران، دامەزراوەكانی دەوڵەت و پارتە سیاسییەكانەوە ئەقڵانی بن، ئەوا دەبێت لەڕێی پرۆسەیەكی دوورودرێژەوە كە تێیدا سیاسەت و چاكسازی ئەقڵانی دامەزراوە ئەقڵانییەكان بخولقێنن. ئەگەر كەسێك دركی بەوەكرد هەندێ چاكسازی بەرهەڵستی توندوتیژی لێدەكەوێتەوە، ئەوا من پێشنیاردەكەم لە پێناو پاراستنی سەقامگیری و ژیانی ئینسانەكاندا جیاوازی بكرێت لەنێوان داواكارییە بە پەلەكان (وەك مافی مرۆڤ و پێداویستیە بنەڕەتیەكانی دیموكراسی) و ئەو داواكاریانەی كە دەكرێت گفتوگۆیان لەبارەوە بكرێت لەگەڵ ئەو كەسانەی بەرهەڵستی چاكسازیەكە دەكەن. كە دەكرێت ئەم داواكاریانەی دوا دوابخرێن و لەمەودای دووردا بەدەست بهێنرێن. بە كورتی، ناتوانیت پشت بە هێزێكی نادیموكراتی بۆ ئەنجامدانی چاكسازی دیموكراتی ببەستیت. دەبێت دڵی خەڵك كەسب بكەیت و پشتیان پێببەستیت.

پرۆفیسۆر محەمەد شەریف سەرۆكی كۆڕبەندی فیكری لەسەر ئەم بارودۆخەی ئێستای كوردستان و چۆنییەتی پیادەكردنی سیاسەتێكی ئەقڵانی بۆ چارەسەركردنی گرفتەكان، لەلێدوانێكی تایبەتی بۆ ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان، جەختی لەسەر ئەوە كردەوە پێش ئەوەی باسی سیاسەتی ئەقڵانی بكەین، پێویستە باسی سیاسەت بكەین، لەم چوارچێوەیەدا وتی: (لە سەرەتادا دەبێ بڵێین سیاسەت چییە؟ سیاسەت ئیدارەی حكومەت و میللەتە، نەك ئیدارەی فەرمانگەیەك، واتە سیاسەت ئیدارەیەكی تایبەتو گرنگیدانێكی زیاترە بەچۆنییەتی ئیدارەی ئەو حكومەتەی كە ئەم هەیئەتە دەیكات، ئەگەر ئیدارە خۆی زانستێكی هەبێت، ئەوە سیاسەتیش لەناو ئیدارەدا

# ڕەفتاری ئەقڵانە زۆر باشترە لە ڕەفتاری نائەقڵانی، لەبەرئەوەی هەرگیز ناتوانرێت پێشبینی ڕەفتاری ئەو وڵاتانە بکرێت کە بەشێوەیەکی عاقڵانە ڕەفتارناکەن



## پرۆفیسۆر سیمۆن کۆشین بۆ گوڵان:

پەرلەمانی کوردستانەوە ناکرێت، بەڵکو دەبێت سیاسەتێکی ئەقڵانیانە هەبێت بۆ چۆنییەتی دارشتنی بەرنامەیەك بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە، هەروەها دەبێت ئیرادەیەکی خێر هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکات.

سەبارەت بەم پرسە و چۆنییەتی پیادەکردنی سیاسەتی ئەقڵانی پرۆفیسۆر مەهدی جابر ئوستادی زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سەلاحەدین لە لێدوانێکی تایبەتتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن و وتی: (سیاسەتی ئەقڵانی ئەو سیاسەتەیە کە پشت دەبەستێت بە بیرکردنەوە لە ئاستە هەمەچەشنەکانی واقیع و خەسڵەتەکانی و بارودۆخەکەی، بەشێوازێکی ئاشتیانەو بونیادنەر، بەبێ گەڕانەوە بۆ توندوتیژی. فەیلەسووفی بەناوبانگ یۆرگان هابرماس بیرۆکەی چارەسەری ئەقڵانی بۆ دیاردە سیاسییەکان خستۆتەڕوو، وەك ڕێگەچارەو شێوازێك بۆ پێشکەشکردنی چارەسەر و وەڵامدانەوەی ئەو پرس و تەنگژانەی کە ڕووبەڕووی دنیای مۆدێرنە دەبنەوە. ئەقڵانییەت بەدرێژایی مێژوو میتۆدێکی بیرکردنەوە و پێکهاتەو پوختەیەکی هزری مرۆڤایەتیی بووە، هەموو پەرەسەندنەکانی هزری مرۆڤایەتی دەخاتە بەر تیشك و نەشتەرگەری توێژینەوە. هەروەها کاریگەری زۆری هەبووە لە پەرەپێدان و هەڵکشانی بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی چارە لە دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، ئەمڕۆش لەسەردەمی جیهانگیریدا کە بازنەی پرس و گرفتەکان فراوانتر بوون، ئەقڵانییەت وەك تەوژمێکی فیکری سیاسی بایەخی خۆی زیاتر بۆ دەگەڕێتەوە لەپێناوی پێشکەشکردنی وەڵامی گونجاوی هاوئاست بە ڕەوڕەوەی پێشکەوتن. لەلایەکی دیکەوە سیاسەتی ئەقڵانی ، ئەخلاق وەك ڕەگەزێکی گرنگ لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتەکان بەکاردەهێنێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەخلاق لەبەرچاو نەگیرێت کارەسات و ئاکامی نێگەتیڤی لێ بەرهەم دێت. زۆربەی وڵاتانی دنیا بەرێگەیەکی نائەقڵانی و دوور لەبنەما ئەخلاقیەکان مامەڵە لەگەڵ دیاردەکاندا دەکەن هەروەکو چۆن ئێستا لە لیبیا بەفڕۆکەی جەنگی بۆردومانی خۆپیشاندەران دەکرێت، ئەمەش دووپات بوونەوەی ئەزموونی حوکمی بەدکاری سەدام حوسێن بوو کاتێك بەفڕۆکەی جەنگی و تانك و تۆپەوە گەلی کوردی جینۆساید دەکرد، تەنانەت گەیشتبووە ئەوەی چەکی کیمیاییان لەسەر تاقیبکاتەوە، ئەمەش دەلالەتە لەسەر داماڵینی مامەڵەی ئەخلاقی لەسیاسەتدا. لەم بۆچوونەمدا دەمەوێت بڵێم غیابی ڕەهەندەکانی ئەخلاق، لەسیاسەتدا، بەئاکامی خراپ کۆتایی بە دیاردەو ڕووداوەکان دێنێت. لەزۆربەی کاتەکاندا دووفاقی دەبینین لەنێوان ئەو هەڵوێستانەی سیاسین بەبەراورد بە هەڵوێستە ئەخلاقییەکان، من لە دژی ئەو بۆچوونەم کە دەڵێت سیاسەت جێگەی ئەخلاقی تێدا نابێتەوە. جەخت دەکەمەوە لەسەر ئەوەی کە سیاسەت وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە لەهەزاران ساڵ پێش ئێستاوە بۆ خزمەتی مرۆڤ داهێنراوە، بەپلەی یەکەم پشت بەئەخلاق دەبەستێت هەروەك لە تێزەکانی ئەفلاتۆن و ئەرستۆ و سوقرات دا بەجوانی ئاماژەی پێدراوە)).

پرۆفیسۆر جابر گرێدانەوەی ئەخلاق و سیاسەت بەپێویست دەزانێت، لەبەر ئەوەی بەبێ ڕەچاوکردنی بنەما ئەخلاقیەکان، ئیرادەی خێر بوونی نابێت، بۆیە هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بەو سیاسەتانەی توندوتیژی بەرهەم دێنێت، پرسیارمان کرد ئایا لە نێوان سیاسەتی تۆتالیتاری و بەرهەمهێنانی توندوتیژیدا پێوەندییەك هەیە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا بەمجۆرە وەڵامی داینەوە: (بەڵێ، پێوەندییەکی توندو تۆڵ لەنێوان تۆتالیتار و توندوتیژیدا هەیە. تۆتالیتار بۆ زۆربەی کارەکانی پەنا دەباتە بەر توندوتیژی وەك ئامرازێك بۆ دیسپلینکردنی بزاڤی کۆمەڵگە، هەر لایەنێك بڕوای بەدیموکراتییەت و مافەکانی مرۆڤ نەبێت، هەروەها بڕوای بەدەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات نەبێت، دەبێتە تۆتالیتار. هەموو ئەو وتانەی لە زەمانی نازییەکاندا بەکاردەهات کاریگەرترین چەکی ڕژێمە تۆتالیتارەکانە کە دەیوت «درۆ بکە. درۆبکە. درۆبکە تا هەموان باوەڕت پێدەکەن. ئەم خەسڵەتانەی باسم کردن بەجۆرەها تەکنیك و شێوازەوە بەکار دەهێنرێن، ئەمە ئاساییە بەلای تۆتالیتارەکانەوە، چونکە لە بنەڕەتدا بڕوایان بەدیموکراتییەت نییە، بەڵام نائاساییە بەلای ئێمەوە، چونکە ئەمە بەپێچەوانەی پیادەکردنی مافەکانی مرۆڤەوەیە، بەڵام ناکرێت هەموو ئایدلۆژیەتە تۆتالیتارییەکان لەیەك چوارچێوەدا کۆبکەینەوە، بۆ نموونە تۆتالیتارییەتی ئەزموونی سۆشیالیستی لە ئەزموونی فاشی یا نازی جیاوازە. سەبارەت بە دووری و نزیکیشیان لە ئەقڵانییەتەوە دیسان چەند ئاستێکی جیاوازیان لەیەکتر تێدا بەدی دەکرێت. کاتێك کە تۆتالیتاریەتی سۆشیالیستی دەخەینە بەر ڕەخنە، پێویستە دان بەوەدا بنێین کە سۆشیالیستی لایەنی پۆزەتیڤی بۆ مرۆڤایەتی تێدا بووە، بەڵام لە تۆتالیتاریەتی نازی و فاشیست کە لەئیتاڵیاو ئەڵمانیاو ئیسپانیادا کاریان پێدەکرا

# گۆڕانکاری
# بەهێزی نادیموکراتی ناکرێت
# دەبێت دڵی خەڵک کەسب بکەیت و
# پشتیان پێ ببەستیت



**د. دۆغانچان ئۆزەل بۆ گوڵان:**

لەکوشت و بڕو جەنگ و خاپوورکردن زیاتر هیچیان پێشکەش بە مێژووی مرۆڤایەتی نەکرد. هەردوو جەنگە جیهانییەکەی سەدەی بیستەم لەئەنجامی پیادەکردنی ئەو دوو تۆتالیتاریە لە ئەورووپادا هەڵگیرسا، بەڵام ئەگەر ڕژێمێکی دیموکراتی هەبێت پشت بەستوو بێت بەهەڵبژاردنی ئازادو خاوێنەوە، دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکەی لا مەبەست بێت، ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ بگرێت، کۆمەڵگەی مەدەنی ئەکتیڤ بکات و دەوڵەت بکاتە کۆمەڵێك دامودەزگاو هەموو هاووڵاتیان لێی سوودمەند بن، کە لەقازانجی هاووڵاتیاندا بێت، هەروەها ئەگەر ئەم خەسڵەتانە لە بنەچەوە بەڕێکوپێکی ڕێڕەوی خۆیان وەرگرت،ئەوە بناغەیەکی ماددی و مەعنەوی بۆ ئەقڵانییەت لەو کۆمەڵگەیەدا پتەو دەبێت. بەمشێوەیە کاتێك ئەقڵانییەت و دیموکراتییەت کارتێکەر و کارتێکراو دەبن، لەئاکامدا ئارامی دەکەوێتە ناو کۆمەڵگەوە، نەك کۆمەڵگە ببێتە مەیدانێك بۆ ئاژاوەو پشێوی و هەرکەس بەمیزاج و هەوەسی خۆی لە هەوڵی بەکارهێنانی هێز و چەسپاندنی مافەکانی خۆیدا دەستی باڵا دەبێت. بۆیە پێویستە دەزگاکان یاسایی و دیموکراتی بن، بەمشێوەیە لە ئارەزووی کەسێك یا سەرکردەیەك بەدوور دەبن، بەمەش دەتوانرێت بەپێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کۆمەڵگەکە، سیستمێکی ئەقڵانی بونیاد بنرێت، ئەم ئەقڵانییەتەش گرێبەندە بە کەلتووری سیاسییەوە. کەواتە ئەم ڕێکخستنی دامودەزگایانە تەنیا ناوەستێتە سەر فەرمانڕەوایان و دەسەڵات، بەڵکو دەوەستێتە سەر کۆمەڵگەو هۆشیاری خەڵکیش، ئەمەش لەپێناوی دارشتنەوەی سیاسەتێکی زانستییانەی وادا کە بەرژەوەندی هەمووان بپارێزێت)).

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بەچۆنییەتی پیادەکردنی سیاسەتی ئەقڵانی و ئەو ئامرازانەی لەم سیاسەتەدا بەکاردەهێنرێت، پرسیارمان لە د.دۆغانچان ئۆزەل لە زانکۆی ئەنگلۆ- ئەمریکی لە پرتوگال کرد و لە لێدونێکی تایبەتدا پرۆفیسۆر ئۆزەل بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (لە ڕاستیدا تێڕوانینێکی باوی هەڵە هەیە لە بەکارهێنانی دەستەواژەی « ئەقڵانی» و « سیاسەتی ئەقڵانی» لەگەڵ «سیاسەتی ئایدیال» و «سیاسەتی ماقووڵدا»دا تێکەڵ دەکرێت. لە ڕاستیدا ئەقڵانییەت مانایەکی تەواو دیاری کراوی هەیە. لە سیاقی سیاسەتدا، ئەقڵانییەت پەیوەستە بە ئامرازەوە، نەك ئامانج. بە دەربڕینێکی دیکە، کاتێك باس لە سیاسەتی ئەقڵانی دەکرێت، ئەوا ئێمە باس لە ئامانجگەلێکی دیاریکراو ناکەین کە دەبێت سیستمە سیاسییەکە بیانهێنێتەدی (وەك بەرزکردنەوەی ئاستی بەختەوەری خەڵك یان پێکهێنانی سوپایەکی بەهێز، بەڵکو پەیوەستە بەو ئامرازانەوە کە لە ڕێیانەوە ئەم ئامانجانە بەدی دەهێنرێت، بەڵام ئیتیك، بەتایبەتی لە سیاقی سیاسیدا، زیاتر پەیوەستە بەو ئامانجەی هەوڵدەدرێت بهێنرێتەدی. کەواتە دەکرێت سیاسەتی ئەقڵانی لە خزمەت ئامانجی ئەخلاقی یا نائەخلاقیدا بێت. واتە دەکرێت بۆ خزمەتی خەڵك یا بۆ سەرکوتکردنی خەڵك بەکار بهێنرێت. لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئامانجەکانی خۆی کارایانە بەدەست دەهێنێت، لەم ڕووەوە، سیستمی سیاسەتی ئەقڵانی سیستمێکە کە:

أ) ئامانجە سیاسییە بەدیلەکان پاساوی خۆیان هەیە، ئەویش بە خستنەڕووی لایەنە باشەکانیان(بۆ نموونە وەك ئەوەی بڵێین دەبنەهۆی زیادکردنی تێکڕای داهاتی محەلی).

ب) کارابوون گرنکترین هۆکارە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییە بڕیارلێدراوەکان. سیاسەتی عەقڵانی دوو خەسڵەتی هەیە: یەکەمیان، سیاسەتی عەقڵانی ستایشی لۆجیکی (بیرکردنەوە) تاکەکەسی دەکات، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی سیاسەتی عەقڵانی کارێکی مومکین بێت. کەواتە، پێوەندییەکی ئیجابی هەیە لە نێوان سیاسەتی ئەقڵانی و تاکەکەسیدا. هەروەها لەو کۆمەڵگەیانەدا کە کەلتووری سیاسەتی ئەقڵانی باڵادەستە، ئەوا پێوەرە بنچینەییەکانی سیاسەت پێوەری «چەندی» دەبن. واتە پرۆسەکانی بڕیار دروستکردنی ئەقڵانیانە ئاڵۆزی و قووڵی ژیانی بۆ ژمارە و حسابات کورت دەکەنەوە، کەواتە ئەقڵانیبوون دەبێتەهۆی دوورخستنەوەی خواستە ناعەقڵانییەکان لە پرۆسەکانی دروستکردنی بڕیاردا. لەبری ئەوە، سیاسەتی ئەقڵانی مرۆیی بوون دەگۆڕێت بۆ تاکەکەس بوون. ئەمە هاووڵاتییەکی تاکەکەسی و ئەقڵانی دەخوڵقێنێت کە بڕیارە سیاسییەکانیان لەسەر ئەساسی لێکدانەوەی بەرژەوەندی گشتی، هەروەها بەرژەوەندییە تایبەتیەکان بنیاد بنێن، نەك هۆکارە نائەقڵانییەکان، وەك ئینتیمای عەشائیری و باوەڕە ئاینییەکان)).

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بە ئەنجامدانی چاکسازی لەکۆمەڵگە بەرێگەی سیاسەتی و ئەقڵانی و بەرێگەی دامەزراوەکان و پێوەندی نێوان سیاسەتی ئەقڵانی و پشت بەستن بەدامەزراوەکان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی د.ئۆزەل لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان

بەڵام ئەو زانست و زەوابت و بنچینەییە کە سیاسەت پێناسە دەکات یان پۆلێنی دەکات کە چۆن بێت، ئەوە نەرم و نیانی هەیە، بەپێی سەردەم و جوگرافیا و پێوەندییەکان دەگۆڕێت. بێگومان لە خودی سیاسەت ئەقڵانییەتی تێدایە، ئەگەر سیاسەت ئەقڵانییەت نەبێت ئەوە سیاسەت نییە، ئەوە مانای ئیدارەیەکی گێرەشێوێنە، بەڵام سیاسەتی ئەقڵانی مانای ئەوەیە کە ڕەچاوی پێویستی بارودۆخەکە بکات، مانای ئەوەیە ئەوانەی سیاسەت دەکەن سۆز و بیروباوەڕ و ئارەزووی خۆیان دەبێ لەولاوە دابنێن و تێکەڵی سیاسەتەکەی نەکەن، ڕوو لە بەرژەوەندی میللەت بکەن، چونکە ئەوەی ئەشکالیات لە سلوکی مرۆڤ و کۆمەڵگە و تاکەکان دروست دەکات ئەوە سۆزە کەوا دەکات بەرەو ئارەزوو بەرژەوەندی خۆی و حزبەکەی ببات، بۆیە کە سیاسەت دووربوو لە سۆز ئەوە ئەقڵانییە، لەو کاتەدا بێگومان ئەوە یاسا و ئەخلاق هەیە، بە تەئکیدیش بنەمای یاساش ئەخلاقە، بەڵام جیاوازی لە نێوان یاسا و ئەخلاق هەیە، چونکە هەرچی ئەخلاقە پابەند نییە و لەو کاتەدا ئەگەر بەبێ ئەخلاقیش کار و هەڵسوکەوت نەکرا کەس ناتوانێ داوات لەسەر تۆماربکات، بەڵام کە دەڵێین یاسا ئەگەر ڕەفتارەکەت بەپێی یاسانەبوو ئەوکاتە کۆمەڵگە و تاکەکەس و میللەت لە ڕێگەی داواکاری گشتییەوە دەتوانێ داواکاریت لەسەر تۆماربکات، لە سیاسەتی ئەقڵانیدا یاسا لە پێش ئەخلاقەوە دێت و ئەخلاق پاڵپشتی و هێز بە یاسا دەدات، لە یاسای سیاسی دەستوورمان هەیە و هەموو ئەو یاسایانەی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی هەیە دەبێ لە بەرژەوەندی جێبەجێکردنی یاسا و بارودۆخ و میللەتەکە بێت، سیاسەتی ئەقڵانی بەپێی بنەما و زەوابتەوە دەبێ بە گوێرەی بارودۆخ و یاسای ناوخۆ بێت، هاوکات دەبێ پابەندی پێوەندی و یاسا نێودەوڵەتییەکانیش بێت)).

سەبارەت بە چۆنییەتی پیادەکردنی ئەم سیاسەتە لەلایەن دامەزراوەکانەوە و چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە، پرۆفیسۆر محەمەد شەریف وتی: (دەوڵەتی ئەو سەردەمە لە دوولایەن پێکهاتووە، لایەنێکیان موئەسەساتی دەوڵەتە وەکو(ڕاپەڕاندن و تەشریعی و قەزائی) ئەو سێ دەزگایەش کۆڵەگەی سەرەکی دەوڵەتن، بەڵام ئەمانەش بە تەنیا بەس نییە، بۆیە لایەنەکەی تر کۆمەڵگەی مەدەنییە تەواوکار و پاڵپشتی سێ کۆڵەگە سەرەکییەکەیە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی جگە لەوەی یارمەتیدەرن لە هەمان کاتیشدا لە حوکم بەشدارن و کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە، چونکە ئەوانە زانیاری و شارەزایی بە دەوڵەت و دەزگاکان دەدەن، گەرچی ئێستاش لە نیزامی عێراقی بەشێوەیەکی گشتی لە کوردستان بەتایبەتی کۆمەڵگەی مەدەنی دواکەوتووە و



حکومەتمان زۆر لە پێشترە، ئەوەش یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی کوردستانە. هەربۆیە کاتێك توندوتیژی ڕوودەدات، پێموایە هەڵە لەوەدایە کە هاوسەنگی لە نێوان حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی نییە، بێگومان حکومەتەکەمان ئەکتیڤە، ئەگەر هەر کەسێك بڵێت حکومەت لاوازە ئەوە ڕاست ناکات، بەڵام کێشەکە لەوەدایە لایەنەکەی تری کە کۆمەڵگەی مەدەنییە لاوازە، دیارە کە خۆیان نەچوونەتە پێش یان ماویانە پێی نەداون، بۆ نموونە سەندیکای کرێکاران پێویستە لە چارەسەرکردنی گرفتی کرێکاران دەنگی هەبێت، بەڵام ئەوانە زۆربەیان هیچ دەنگیان نییە، پێم باشە هەتا بەو دواییەش لە میسر کرێکاران و جووتیاران نوێنەریان لە پەرلەمان هەبوو، هەروەها بۆ نموونە زانکۆکان لە کوردستان ناوەندی بیروهزر و پێشەنگن پێویستە ئەوانە ئەگەر سەرکردە نەبن، بەڵام لەسەرکردایەتی حوکم و دەوڵەت بەشداربن، بۆیە پێویستە پێش ئەوەی چاکسازی بکەین هاوسەنگی لە نێوان موئەسەساتی سیاسی و مەدەنی بکرێت. ئێمە تازەین و لە پێشکەوتنداین، تا ئێستا گرنگی بە چاکسازی نەدراوە، لەبەر ئەوە نییە کە نایانەوێت چاکسازی بکەن، بەڵام چاکسازی بە تەنیا بە حکومەت ناکرێت بەبێ بەشداری کۆمەڵگەی مەدەنی، من ناڵێم شەقام و لەگەڵ ئەوە نیمە کە ئەو بارودۆخەی ئێستا ڕوویداوە یان دوو کەس دانامەزرێن بێنە سەر شەقام و بڵێن حکومەت بڕووخێت، قەت لەگەڵ ئەو ڕاوبۆچوونە نیم، بۆیە دەڵێم ئەو بارودۆخەی ئێستا کە لەهەندێ شاری کوردستان هەیە تەندروست نییە ئەمە ڕێکخراوە شتێکی لە پشتە، بەڵام تەئکید دەکەمە بۆ چاکسازی دەبێ هەنگاو بە هەنگاو بەهاوسەنگی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ حکومەت بەشداربێت، بۆی هەیە بپرسین حکومەت و پەرلەمان و دەزگاکانی تر هەڵبژێردراون، بێگومان وایە، بەڵام سەندیکا و کۆمەڵگەکانی مەدەنیش بەهەمان شێوە لەلایەن چین و توێژی جیاجیا هەڵبژێردراون بۆیە هەندێ لە فەیلەسووفەکان بەتایبەتی ئەڵمانەکان لە کاتی خۆی دیموکراتییەتیان والێك دەدایەوە کە دەبێ لە نەقابەکانەوە بێنە سەر حوکم و حکومەت و پەرلەمان و دەسەڵات پێك بێنن، بەڵام ئەو نیزامە نەچووە سەر و سەرکەتوو نەبوو، دووبارە دەڵێم دەبێ بەشداریکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی کاریگەر و نزیك لە حکومەت بێت، نەك بۆ هەر عینوانێك داوابکرێت بێنە سەر شەقام و خۆپیشاندان بکەن یان هەڕەشە بکەن، ئەو کارانە ڕاست نییە و دەبێ کۆتایی پێ بێت. لێرەدا دەرفەتە ئاماژە بەو بارودۆخەی ئێستای کوردستان بکەم بەتایبەتی ئەوەی لە شاری سلێمانی هاتۆتە پێش، بارودۆخێکی ناخۆش و زەنگێکی مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی من وەکو ئەکادیمیەك کە دەمەوێت لەڕووی زانستی بارودۆخەکە بخوێنمەوە هیچ هۆکارێکی بابەتی نابینمەوە کە بگاتە ئەو ڕاددەی کە ڕوویداوە، تەنیا لایەنی عاتیفی خۆیان نەبێت کە هەندێك کەس دەیانەوێت ئەو ئەزموونە تێك بدەن، چونکە خەڵکی سلێمانی هەمووی لەگەڵ ئەزموونی کوردستاندایە و پارێزگاری لێدەکەن.

بۆیە هەرچی بکەیت و چاکسازیش ئەنجام بدرێت ئەو کەسانە هەر ڕازی نین و کێشەکە لێرەدایە، لەبەر ئەوەی بارودۆخەکەی دروستیان کردووە دەستی لە پشتەو مەبەستدارە، بەڵام بەهەر جۆرێك بێت چاکسازی بکرێت کارێکی باش و سەرکەوتووە، چاکسازیش بە چەند ڕێگەیەك دەبێت لەوانە کۆمەڵگەی مەدەنی بێتە پێش، هەروەها بیر لە چاککردنی باروگوزەرانی



هەژاران و بێکارن بکرێتەوە، هەروەکو ئێمە نموونەمان هەیە ئەو وڵاتانەی نەوتی هەیێت نابێت هەژاری تێدابێت، بۆ ئەو مەبەستەش کوردستان پلانێکی (٥) ساڵی دەوێت تاوەکو هەژاری نەمێنێت، لەسەرووی هەموو ئەمانە ئێمە دەبێ سەرژمێرییەك لە کوردستان ئەنجام بدەین، بۆ ئەوەی دەست نیشانی ئەو کەسانە بکرێت کە بە فیعلی نانیان نییە و ناتوانن بژین. دووبارەی دەکەمەوە ئەو هێزە نادیموکراتییەی ئێستا بانگەشەی چاکسازی دەکات ئەگەر بێتە سەر حوکم لە حوکمی پێشتر لە (١٠٠٪) خراپتر دەکات، ئەمەش بە لێکدانەوەی سیاسی کۆن پێی دەڵێن دیماگۆگی واتە جەماوەر چەواشە دەکەن.

لایەنێکی دیکەی سیاسەتی ئەقڵانی پەیوەستە بەو فەلسەفە سیاسییەی لەپشت ئەم سیاسەتەوەیە، لەمبارەوە پرۆفیسۆر سیمۆن کۆشین ئوستادی فەلسەفەی سیاسەت لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە باسی ئەم لایەنەی کرد وتی: (زۆرجار کە زانا سیاسییەکان باس لە سیاسەتی ئەقڵانی دەکەن، پێیانوایە پێویستە دامەزراوەیەکی ئەقڵانی لەپێناو بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان کاربکات. بۆ نموونە، کاتێك کە وڵاتانی ئەوروپا لە یەکێتی ئەوروپا هەڵستان بە تاوتۆکردنی سیاسەتەکان، هەر نوێنەرێك لە نوێنەرەکانی وڵاتەکان هەوڵیاندەدا پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتی خۆیان بکەن، لەم بارەیەشەوە من پێموایە کە رەفتارەکانیان ئەقڵانی بوو. ئەم پێناسەیە هەر هەمان واتا دەگرێتەوە بۆ ئەقڵانییەتی ئابووری، بەشێوەیەك کە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆتان کاربکەن. زۆر لە فەیلەسوفەکان کە لەژێر کاریگەریی فەیلەسوف « ئەمانوئێل کانت»دان، بەشێوەیەکی جیاواز لە چەمکی عەقڵانییەت تێگەیشتوون و پێیانوایە واتای «ئەقڵانییەت» بریتییە لەو شتانەی کە لەرووی رەوشتەوە دروستە و مەرج نییە لەبەرژەوەندیی هەموو لایەك بێت. هەربۆیە، ئەگەر بێت و تۆ لەژێر کاریگەریی «کانت» بیت و پێتوابێت کە سیاسەت پێویستە ئەقڵانی بێت، ئەوکات پێویستە هەموو لایەنێك هاورادەبن لەبەرئەوەی تەنیا یەك سیاسەتی ئەخلاقی دروستە بۆ هەمووان بوونی هەیە. لەکاتێکدا لەرووی تێگەیشتنی پێشوودا، هەموو لایەنەکان نارازی دەبوون لەبەرئەوەی هەر لایەنێك خاوەن بەرژەوەندییەکی سەربەخۆیە و لەئاکامدا ململانێ دەکەوێتە نێو لایەنەکان.

هەربۆیە، ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە جۆری بارودۆخەکە، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا، پێموایە رێگەچارەی یەکەم باشترە بۆ وڵاتان پەیرەوی بکەن، مەبەستم رەفتاری ئەقڵانە زۆر باشترە لە رەفتاری نائەقڵانی، لەبەرئەوەی هەرگیز ناتوانرێت پێشبینیی رەفتاری ئەو وڵاتانە بکرێت کە بەشێوەیەکی ئەقڵانە رەفتارناکەن. بۆ نموونە، کۆریای باکوور رەفتارەکانی بەشێوەیەکی رەها نائەقڵانەیە و ستراتیژییەتێکی هەیە کە هەمیشە رۆژئاوای لە ئامادەباشی راگرتووە لەبەرئەوەی رۆژئاوا هەرگیز ناتوانێت پێشبینیی پێشوەختە بکات بۆ رەفتارەکانی کۆریای باکوور. هەندێك جار دەتوانین بڵێین کە ئەو رەفتارەی کە لە رواڵەتدا نائەقڵانییە، بەڵام لەناوەڕۆکدا ستراتیژییەتێکی ئەقڵانییە، لەبەرئەوەی زۆرجار رەفتاری نائەقڵانە دەتگەیەنێتە ئامانجەکانت. هەربۆیەش دەبینین ناو بەناو کۆریای باکوور بە چاونەترسانە هێرش دەکاتە سەر کۆریای باشوور و کەشتییەکان نوقمی ژێر ئاو دەکات و یان کاتێك کە هەندێك رەفتاری سەیر و نامۆ ئەنجامدەدات لەپێناو راکێشانی سەرنجی جیهان)).

لەلایەکی دیکەوە و سەبارەت بەوەی ئایا دەکرێت بڵێین هەموو سیاسەتێکی ئەقڵانی سیاسەتێکی رەچاوی بنەما ئەخلاقیەکان دەکات؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا پرۆفیسۆر کۆشین بەمجۆرە وەڵامی داینەوە: (لەرووی بۆچوونی «کانت»ەوە بەڵێ سیاسەتی ئەقڵانی واتە ئەو سیاسەتەی کە رەچاوی بنەما ئەخلاقیەکان دەکات، بەڵام لەرووی تێڕوانینی ئابوورییەوە ٢ رێگە هەیە و زیاتر رووداوە نەك «هەدەف»، پێموایە زۆربەی خەڵك پێیانوایە کە باشترین ئومێد ئەوەیە کە پیادەکردنی سیاسەتی ئاقڵانە لەپێناو بەرژەوەندیی تاکە کەسی لەچوارچێوەی رەوشت بێت. بەواتایەکی تر، دامەزراوە سیاسییەکان دەتوانن لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان کاربکەن تاکو خاڵێك بەشێوەیەك کە نەتەوەکانی تر کاولبکەن. لەهەمان کاتیشدا ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بەشێوازی پێناسەکردنی «رەوشت»، ئەگەر بێت و خاوەن بۆچوونێکی تەسك بیت لەبارەی «رەوشت – Morality»، یا خاوەن تێگەیشتنێکی سادە بیت لەبارەی «رەوشت» بۆ نموونە وەك مافەکانی مرۆڤ. ئەمڕۆ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەوڵدانە بۆ بەزمنی کردنی «رەوشت» لە سیاسەت، بەم شێوەیەش ئەگەر بێت و نەتەوە یەکگرتووەکان فشار بخاتە سەر رژێمەکان لەبارەی رەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ ئەوکات لەوانەیە رژێمەکان بە رەوشت بجووڵێنەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا، هەندێك لە وڵاتان، بۆ نموونە وڵاتی «چین» و چەندین وڵاتی تر، لەوانەیە رەخنە لەم مەسەلەیە بگرن بەو پاساوەی کە چەمکی «رەوشت» پەیوەستە بە رۆژئاوا و لەوانەیە بڵێن کە وڵاتانی رۆژئاوا بەهیچ شێوەیەك خاوەن رەوشت نین، بەڵکو تەنیا دەیانەوێ کەلتووری رۆژئاوایی لەسەر وڵاتانی جیهان بسەپێنن. هەربۆیە، تەنانەت بیرۆکەی «رەوشت» بابەتێکی مشتومڕلەسەرکراوە. زۆربەی ئەو رژێمانەی کە سەرپێچی لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن، ناو لەخۆیان نانێن بە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ، بەڵکو دەڵێن ئێمە خاوەن رەوشتی جیاوازین لە رۆژئاوا و ئەمە دروستترین رێگەچارەیە کە پەیرەوی بکەین. بۆ نموونە کاتێك کە جیهانی ئیسلامی هەوڵیدا بۆ دامەزراندنی جۆرە شێوەیەکی بەستراو لە یاسای شەریعەت، نەتەوە یەکگرتووەکان لەچەند روویەکەوە رەخنەی لێگرت، بەڵام وەڵامدانەوەیان بەو شێوەیە بوو کە یاسای شەریعەت رەوشتی ئیسلامە و لادان لەو شەریعەتە دەیانکات بە نارەوشت. بەم شێوەیەش، ئەم مەسەلەیە وەڵامێکی ئاسانی نییە)).

# سیاسەتی

ئەقلگەرایی (ئەقلانیزم ) واتە مرۆڤ لە بۆچوون و چالاکی و هەڵسوکەوتەکانیدا هەمیشە ئەقڵ بکات بەپێوەر، بەتایبەتیش سیاسەتمەدار یان سەرکردەی سیاسی دەبێ تا ئەوپەڕی ئەقلانی بن، چونکە ئەمانەی دوایی بڕیار بەدەستی چارەنووسسازن دەربارەی گەلێ لە بوارەکانی ژیانیی نەك هەر خەڵك و جەماوەرەکانیان، بگرە تەواوی نەتەوەو کۆمەڵگاکەیان .

ئەقلگەرایی چەند سەدەیەکە بووە بە ڕێبازی ژیان لە بەشێکی زۆری ئەم جیهانەدا، کەچی لە بەشەکانی تری تا ئێستا و زێتریش لەبواری سیاسەتدا، بەداخەوە جێ پەنجەی ئەقڵ بزرە دیارترین و کاریگەرترین نیشانەکانی نائەقلانییەتی سیاسی لەوەدایە کە سەرکردە و سیاسەتمەداران لەبیریان دەچێ کە ئەوان بەرێگە و پشتیوانیی جەماوەرەوە گەیشتوون بە دەسەڵات؛ یان بەدەگمەن نەبێ و لەژێر فشارێکدا نەبێ پەنا بۆ جەماوەرو خەڵك نابەن، بەڵکو ئەوان وەکو باوە لەجیاتی ئەو خەڵکە بیردەکەنەوە و بڕیاردەدەن — ئەوەش جۆرێك لە شکۆی پیرۆزی و رەهبەت بۆ سەرکردەکان دروست دەکات و جەماوەریش ملکەچ و بێ دەسەڵات .



د. رەشاد میران

سیاسەتی ئەقلانی، لەهەمان کات ئەو سیاسەتەیە کە رەچاوی پرانسیپەکانی ئەخلاقی دەکات ؛ بەوتەیەکی تر سیاسەتی ئەقلانی ئەوپەری دادپەروەرانەیە و هەمیشە رەچاوی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی جەماوەر دەکات و هەرگیز نابێت دابڕاو بێت لە رۆحی سەردەم — واتە بایەخی پێویست بدات بە هەموو چین و توێژ و رەگەز و نەوەکان . لەم روانگەیەوە گەلێ جار دەوترێ: لە سیاسەتدا ئەخلاق نییە، تەنیا بەرژەوەندی هەیە ! .

ئەمەش ئەوپەری تێنەگەیشتنە لە سیاسەت، چونکە سیاسەت خۆی بریتییە لە پیادەکردنی کۆمەڵێك بەها کەهەر هەموویان ناوەرۆکی ئەخلاقییان هەیە، ئەوەش نە تەنیا لە سیاسەتی ناوخۆدا، بەڵکو لە سیاسەتی دەرەوەشدا — لە بەها سیاسییەکانیش وەکو : دەسەڵات، جەماوەر، ماف، پابەندی (ئیلتیزام)، بەرژەوەندی، خەبات، قوربانیدان، دیموکراسی، دادپەروەری .. هەر کەسێك بایەخی ئەم بەهایانە نەزانێ و لە چالاکی و هەڵوێستەکانیدا پیادەیان نەکات، ئەوا هەرگیز سیاسی نییە. بەم بۆنەیەشەوە دەپرسین : ئایا هیچ بەرژەوەندییەکی

**سیاسەت خۆی بریتییە لە پیادەکردنی کۆمەڵێك بەها کە هەر هەموویان ناوەرۆکی ئەخلاقییان هەیە. هەر کەسێك بایەخی ئەم بەهایانە نەزانێ و لە چالاکی و هەڵوێستەکانیدا پیادەیان نەکات، ئەوا هەرگیز سیاسی نییە**

گشتیی هەیە بەدەر لە ئەخلاق ؟

ئایدیۆلۆگیا چوارچێوەیەکی دیاریکراو و رێکخراوە بۆ بیرکردنەوەی سیاسی کە دەشێ سەرچاوەی گرتبێت لە ئایین، فەلسەفە یان تیۆرییەك...

ئایدیۆلۆگیا هەمیشە هەمەلایەن و گشتگیرە ؛ ئایدیۆلۆگیا ئەقڵ و ئەقلانییەت لە چوارچێوەی خۆیدا چڕدەکاتەوەو بەوپێیەی کە گشتگیرە و لێکدانەوەی بۆ هەموو لایەن و بوارەکانی ژیان هەیە، ئەقلانییەتی دەرەوەی خۆی رەتدەکاتەوە. جا لەبەر ئەوەی وڵاتێك، نەتەوەیەك و کۆمەڵگایەك هەمیشە فراوانتر و ئاڵۆزتر و فرەلایەنترن لەوەی یەك ئایدیۆلۆگیا کۆنترۆڵیان بکات، بۆیە وەکو هەمیشە روویداوە، فیکر و بۆچوون و تێڕوانینی بەدەر لەو ئایدیۆلۆگیایە سەرهەڵدەدەن و بەمەشەوە ململانێ و زۆرانبازیی فیکری و هەروەها سیاسی و چەکداری و توندوتیژیی لێ دەکەوێتەوە .

ئایدیۆلۆگیای باڵادەست و دەسەڵاتدار چونکە قەوارەیەکدا قەتیس بووە، بێگومان درێغی ناکات لە پەنابردنە بەر هەر شێوازێك بۆ لەناوبردنی هەر دژەبۆچوونێك؛ بەم جۆرەش سەرلەبەری دەزگا و دامەزراوەکان قۆرخ دەکات و هەرهەموویان بۆ ئەم ئایدیۆلۆگیایە کاردەکەن و هیچ سەربەخۆییەکیان

**لە هەموو حاڵەتێکیشدا کە توندوتیژی دروستبوو، سیاسەتی عەقلانی دەبێ هەر لەسەرەتایەوە کۆتایی پێ بێنێ و بەکەمترین قوربانی بەسەربچێ؛ ئەوەش بەنەهێشتنی هۆکارەکانی ئەو توندوتیژییە**

# ئەقڵانی !

**سیاسەتی عەقڵانی چونکە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا هەردەم چاکسازی پەیڕەو دەکات، بۆیە پێویستی بەوە نابێت گۆڕانکاریی ڕادیکال و بنەڕەتی ئەنجام بدات کە هەمیشە توندوتیژیی لێ دەکەوێتەوە**

نابێ . ئەمە بەپێچەوانەی سستەمی دیموکراتی کە تیایدا دەزگا و دامەزراوەکان بڕێکی زۆری سەربەخۆییان دەبێ و بەمەشەوە دەتوانن کارەکانی خۆیان بەباشی ئەنجام بدەن بەبێ دەستێوەردانی سیاسی یان کۆمەڵایەتی و هەروەهاش گەشەبکەن و پەرەبەخۆیان بدەن .

شایانی ئاماژە بۆکردنە کە تەنیا سستەمی دیموکراتی دەتوانێ وڵات بە دامەزراوەیی بکات، چونکە رژێمی مەرکەزی و سەرانسەری ( شموولی ) تۆسقاڵێك سەربەخۆیی بەهیچ دەزگایەك نابەخشێ – سەرۆك و کارمەندەکانیان دادەنرێن لەسەر بنەمای ئینتیما بۆ رژێم، بودجەی کولەمەرگی، بەکارهێنانیان بۆ ئەرك و ئامانجی تری دوور لە پسپۆرییان .. ئەوەش، بێگومان، بۆ رۆژگاری ئێستا ئەوپەڕی نائەقڵانییە و هەر لەم رۆژانەدا بەچاوی خۆمان دەبینین لە وڵاتانی ئەفریقادا چۆن جەماوەر رووبەڕووی ئەم جۆرە سستمانە بوونەتەوە و یەك لەدوای یەك دەیانگۆڕن.

گۆڕانکاری، لەهەر کۆمەڵگایەکدا، هەرگیز بێ نارەزایی و بێ ململانێ و زۆرانبازی، تەنانەت زۆرجار بێ توندوتیژیش نابێت . ململانێ و زۆرانبازی لە هەموو حاڵەتێك هەر هەیە، بۆیە

**ناعەقڵانییە حسێبێکی تری سەردەمیانە نەکەین بۆ نەوەی نوێ – ئەمانە چاوکراوەو هۆشیار و ئاگادارن، قەوارە و چوارچێوەو کۆتە تەقلیدییەکان بەرگەیان ناگرن ؛ دەبێ بەئەوپەڕی دیموکراتیانە، مەدەنیانەو مۆدێرنانە پێشوازییان لێ بکرێ**


ڕەنگە ئەمە ئاسایی بێت، بەڵام کە کار گەیشتە توندوتیژی ئەوا هەر زوو دەبێ چارەسەر بکرێ . سیاسەتی ئەقڵانی لەسۆنگەی سروشتەکەیەوە کە لۆگێك و سەردەمانە و دادپەروەرانەیە هەرگیز ناگەیەنێتە ئەوەی توندوتیژی سەرهەڵبدات، تەنانەت لە کاتی ئەنجامدانی گۆڕانکاریش – سیاسەتی ئەقڵانی چونکە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا هەردەم چاکسازی پەیڕەو دەکات، بۆیە پێویستی بەوە نابێت گۆڕانکاریی ڕادیکال و بنەڕەتی ئەنجام بدات کە هەمیشە توندوتیژیی لێ دەکەوێتەوە .

لە هەموو حاڵەتێکیشدا کە توندوتیژی دروستبوو، سیاسەتی ئەقڵانی دەبێ هەر لەسەرەتایەوە کۆتایی پێ بێنێ و بەکەمترین قوربانی بەسەربچێ؛ ئەوەش بە نەهێشتنی هۆکارەکانی ئەو توندوتیژییە – سیاسەتی ئەقڵانی ڕێگە بەسەرکردەی سیاسی نادات مەسەلەکە بەشەخسی وەرگرێ، لێی ببێ بە ڕکە و تەنازول نەکات بۆ داواکارییەکانی جەماوەر، چونکە لە بنەڕەتدا دواخستن و پشتگوێ خستنی داواکارییەکان ئەوپەڕی نائەقڵانییە ؛ کەڵەکەبوونی داواکارییەکان و پشتگوێخستنیان، لە ئەنجامدا ئاپۆرەی خەڵك دروست دەکەن و ئەمەش کۆڕەفتاری لێدەکەوێتەوە کە لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە دەبێتە یەکەمین دیاردەی ڕاپەڕینی جەماوەری . مامەڵەکردنیش لەگەڵ کۆرەفتاردا کارێکی تابڵێی ئەستەمە، چونکە ئاپۆرە کە دروستبوو تاکە دیاردەیەکی روون تیایدا نارەزایی و نیگەرانی و تووڕەییە، هەرچی سەرکردایەتی و ئامانج و بواری گفتوگۆکردن و ئەقڵانییەتە تیایدا، بەتایبەتی لەسەرەتادا بزرن .

ئەوپەڕی نائەقڵانییە چاوپۆشین لە تێکچوونی هەندێ لایەن و بوارەکانی ژیانی خەڵك: بێکاری، گرانی و قۆرخکردنی بازاڕ، تۆقاندن، بەسیاسی و حزبیکردنی بوارە هەستیارەکانی وەکو پەروەردەو خوێندنی باڵا، گەندەڵیی ئیداری - دامەزراندن و بەخشینی پۆست لەسەر بنەمای ئینتیمای حزبی، رۆتین و بیرۆکراتیایەکی قێزەوەن لە ئەنجامی گردبوونەوەی دەسەڵات لەلای بەرپرسی یەکەم.

هەروەهاش نائەقڵانییە حسێبێکی تری سەردەمیانە نەکەین بۆ نەوەی نوێ – ئەمانە چاوکراوەو هۆشیار و ئاگادارن، قەوارە و چوارچێوەو کۆتە تەقلیدییەکان بەرگەیان ناگرن ؛ دەبێ بەئەوپەڕی دیموکراتیانە، مەدەنیانەو مۆدێرنانە پێشوازییان لێ بکرێ .

# قەیران، ساتەوەختێک لە ڕووبەڕووبوونەوە



ڤینۆس فایەق

قەیران بە مانای ساتە گرژ و یەکلاکەرەوەو ناجێگیرەکان کە پێشبینی گۆڕانکاری لێدەکرێت. قەیرانی سیاسی کە دەرئەنجامی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و زۆرجار ئەخلاقی بەجێدەهێڵێت بەتایبەت لەئەنجامی تێکچوونی باری ژیانی خەڵك بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و باڵادەستبوونی کەمینەیەك لەسەر حیسابی زۆرینە دروستدەبێت کە دیارترین ئاماژەکانی دەرکەوتنی دیاردەی ناعەدالەتی و گەندەڵییە لەناوەندەکانی دەسەڵاتدا.

سەرهەڵدانی قەیران کات و ساتی دیاریکراو و نەخشەبۆکێشراوی بۆنییە، بەڵام ئەوەی جێگەی بایەخە فەلسەفەی دەسەڵاتی سیاسییە بۆچۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران، بە ئامانجی ئەوەی ئاکامی قەیرانەکە ئاراستەی گۆڕانکاری نەرێنی نەگرێت. بۆیە ئەوەی گرنگە بەوردی لێی بڕوانین ئەوەیە ئایا دەسەڵاتێکی سیاسی کە دووچاری قەیرانێکی سیاسی دەبێتەوە لە ئەنجامی هەڵچوونێکی جەماوەرییەوە کە دەرئەنجامی قەیرانێکی ژیانیە کە هۆکارەکەی هەبوونی دیاردەی گەندەڵیە کە ژیانی هاووڵاتیانی تێکداوە و ناعەدالەتی خولْقاندوە و خستوونیەتە ئەو چرکە ساتە مێژووییەی چیدی ئەو واقیعەی پێ قەبووڵ ناکرێت، داخوا ئەو فەلەسەفەیە چۆنە.

ئەوەی ناکرێ نکوڵی لێبکرێت ئەوەیە لە کوردستاندا قەیرانێك هەیە خەڵكی بێزارکردوە، بەڵام پرسیاری جەوهەری ئەوەیە ئایا دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان باوەڕی هەیە کەئەو قەیرانە چرکە ساتێکی سەختە لە ژیانی کۆمەڵگادا و پێویستە بەعەقڵانی مامەڵەی لەگەڵدا بکات؟

قەیرانی سیاسی زۆر پێناسە هەڵدەگرێت، باشترینیان ئەوەیە کە ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع لە کوردستاندا بەرجەستەبووە، کە هەڵچوونێکی جەماوەری هەیە کە بێ هۆ و لەخۆڕا نییە، هۆکەی زۆربوون و هەڵاوسانی کێشەکانی هاووڵاتیانە، تێکەڵبوونێکی خەتەرناکی دەسەڵاتی حزب و حکومەت بەجۆرێك کە لەگەڵ خۆیدا واقیعێکی سەخت و خەتەرناکتری هێناوە. کە چەندین ساڵە خەڵك بەچەندین شێواز و بەدەربڕینی جۆراوجۆر باسی لێوەدەکات و دەسەڵاتی سیاسی لێ ئاگاداردەکاتەوە بەڵام هیچ گۆڕانکاری و جموجۆڵێکی بۆ نەکراوە کە هەستێك بدات کە دەسەڵاتێك هەیە لە دڵی میللەتەوە نزیکە.

دوورکەوتنەوەی دەسەڵات لە شەقامەوە و بە ئایدیاکردنی هەموو وردەکاریەکانی ژیانی هاووڵاتیان و چڕکردنەوەی دیالۆگەکان لەناو ژوورە حزبیەکاندا و موساوەمەکردن لەسەر ژیانی هاووڵاتیان و قۆرخکردنەوە دەسەڵاتە ئابووری و ستراتیژیەکان و دوورخستنەوەی خەڵك لە بڕیار و هەڵوێستە چارەنوسسازەکان ئەمانە هەموو وایکردوە جۆرێك لە کەشوهەوایەکی گرژی لەناو ریزی جەماوەردا دروستکردوە لەگەڵ جۆرێك لە بێباکی و حیساب نەکرد بۆ هێزی جەماوەر و گوێنەدان بەو جیاوازیە چینایەتیە زەقەی کە لە ئەنجامی ئەو ستراتیژە سیاسی و حزبی و ئابووری و فەرهەنگیەی کە لە کوردستاندا لەسەر هەموو ئاستەکان بەڕێوەدەچێت دروست بووە.

ئەوەی لە ئێستادا لە کوردستاندا لەسەر ئەرزی واقیع ڕوودەدات قەیرانێکی ناوخۆییە کە ڕێگەخۆشکەرە بۆ دەستێوەردانی دەرەکی، بەتایبەت لەو دراوسێیانەوە کە تا ئێستاش ئەزموونی ئەو بڕە لە ئازادی کوردستان بە خەتەر پێناسە دەکەن، کە ئەمەش دواجار ئەمنیەتی نەتەوەیی کوردیش لە ناوچەکەدا ڕووبەڕووی قەیرانێکی دەرەکی دەکاتەوە.

سەیرلەوەدایە رای جادە و جەماوەر لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان لەسەر ئەوە کۆکن کە لەناو کوردستاندا دیاردەیەکی زەق هەیە پێی دەڵێن گەندەڵی، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانیە ئەوەیە هەتا ئێستاش دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا ئالیەتێکی تۆکمەی نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردە خەتەرناکە و لەوەش خەتەرناکتر خەمساردانە مامەڵە لەگەڵ ئەو هەڵچوونە و تووڕەبوونە جەماوەریە دەکات، کە ئەمەش دواجار بازنەی قەیرانەکە فروانتر دەکات و مەودای نێوان دەسەڵات و جەماوەر ئەوەندەی تر دووردەخاتەوە، تا دەگاتە ئاستی ئەوەی جەماوەر بەیەك دەنگ کۆك بن لەسەر هەرچی زووترە سەندنەوەی دەنگ و متمانە بەو حزبانە و دەستلەکارکێشانەوەی حکومەت و دوورخستنەوەی دەسەڵاتی حزب لە کاروباری حکومەت وەکوو داواکاری سەرەکی بۆ گەرەنتیکردنی زەمانەتێك بۆ ئەوەی دوای ئەوەی کێشە ژیانیەکانیان و ناعەدالەتیەکان کە ژیانی لێ تێکداون چارەسەر بێت.

ئەو قەیرانەی ئێستا لە کوردستاندا لەگۆڕێیە سیاسی، ئیداری، دەستووری، ئابوورییە کە تێکەڵبوونی دەسەڵاتی حزب و حکومەت و یەکلانەبوونەوەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی پارتی و یەکێتی بەشێوەیەکی فیعلی تەواو قووڵی کردۆتەوە و، دواجار خەمساردی هەردوو دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەرانبەر دۆزینەوەی ئالیەتێك بۆ ئیحتیواکردنی ئەو قەیرانە بەسوودی جەماوەری عادز و تووڕە و هەڵچوو.

بەپیرۆز زانینی حزب و بەرزڕاگرتنی بەرژەوەندی حزبی و بچووککردنەوەی داواکارییەکانی خەڵك و گوێنەدان بە دەنگەکانی نارەزایی و دانەبەزین بۆ ناو ریزی خەڵك و قەبووڵنەکردنی بە دیالۆگ لەگەڵ خەڵکی تووڕە هێندەی تر قەیرانەکەی گەورەکردوە و پێناسەی تری داوەتێ.

مێژوو زۆرێك لەو جۆرە قەیرانانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە توندوتیژی و خوێنڕشتنی لێکەوتۆتەوە، ئەم وتارە جێگەی نابێتەوە یەکە یەکە ریزبەندیان بکەم، کەدەکرا لەخۆبوردوویی دەسەڵات و دابەزینی بۆ ناو ریزی جەماوەرە زویرەکە و گوێگرتن لە سکاڵاکانیان و ڕێزگرتن لە دەنگیان بە کەمترین زەرەر و زیان دەرچووبان.

ئەوەی گرنگە ئەمڕۆ لەبەردەم ئەو تووڕەبوونە جەماوەریەدا دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا لەخۆی ببورێت و ئاشتیانە گوێ لە دەنگی جەماوەر بگرێت و جیدیانە ئیش بۆ سکاڵاکانیان بکات و کێشە و گرفتەکانیان چارەسەر بکات و گۆڕانکاری لەخۆیدا بکات، نەك داوا لە جەماوەر بکات بەزۆر بێدەنگ بن، چونکە بێدەنگکردنی زۆرەملێ هەڵچوونی گەورەتر و تەقینەوە لەگەڵ خۆی دێنێت.


# لیبیای پاش قەزافی و ئەگەرەکانی ئایندە

ساڵی ١٩٨٦، کاتێك بارەگامان لەبەرگەڵوی دۆڵی جافەتی بوو، دکتۆر فوئاد مەعسوم کتێبێکی سەوزی خستە بەردەمم و داوای لێ کردم وەری بگێڕمە سەر زمانی کوردی. ئەمە یەکەم جارم بوو کتێبە سەوزەکەی مەعەممەر قەزافی ببینم. ئەگەرچی دەستوبردم لێ کردو خێرا دەستم بەوەرگێڕانی کرد، بەڵام هەر ئەوەندە فریا کەوتم بەشی یەکەم و دووەمی وەربگێڕم، چونکە دکتۆر فوئاد زۆر پەلەی بوو، لەسەر سەفەر بوو. ئەوەی کەفریا کەوتم بیکەمە کوردی، بردی لەگەڵ خۆی و لەئێران چاپی کردو بیست دانەیەکی بۆ ناردینەوە.

کتێبی سەوز، بەکردەوە، دەستووری لیبیایەو لەهەڵسەنگاندا یەکێکە لەکتێبە کرچ و کاڵەکان، بیرو بۆچوونەکانی ئەم کتێبە بۆ سەردەمی پێش پەیدابوونی دەوڵەتی مۆدێرن دەگەڕێنەوەو تێزە دیموکراتییەکانی دەچنەوە سەر ئەزمونی دیموکراسیی ڕاستەوخۆی پەیڕەوکراوی سەردەمی شار- دەوڵەتەکانی یۆنانی دێرین. لیبیای قەزافی ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی ناو ئەم کتێبەیە. لەلیبیا دەوڵەت نییەو ڕژێمە ئابوورییەکەی نە سەرمایەدارییە نە سۆسیالیستی. لەحەفتاکاندا قەزافی کتوپڕ شۆڕشێکی کەلتووریی ڕاگەیاند کە لەبنەمـا هزرییەکاندا زۆر لەشۆڕشە کەلتوورییەکەی ساڵی ١٩٦٦ی ماوتسیتۆنگ دەچوو. لیبیا بەشێوەیەکی فەرمی سەرۆکی نییەو لەوتارەکەی ڕۆژی ٢٢ی شوباتدا قەزافی وتی ((ئەمرۆ من هیچ دەسەڵاتێکم نییە، چونکە لەساڵی ١٩٧٧ەوە دەسەڵاتم بۆ گەل بەجێ هێشتووە))و لەم سۆنگەیەوە ئەوەی کرد بەبیانوو کەئەو ناتوانێ دەست لەکار بکێشێتەوە چونکە پۆستی فەرمیی نییە.

گومان لەوەدا نییە کەشۆڕشی ئێستای لیبییەکان دژی قەزافی لەژێر کاریگەریی دوو شۆڕشەکەی میسرو تونسە. خێڵەکانی لیبیا درێژبوونەوەی قوڵیان بۆ ناو میسرو تونس هەیە. هەر ئەوە بۆ خۆی مایەی تێرامانە کەبەشی باکوری ڕۆژئاوای میسر لەڕوی زمان و جلوبەرگ و شێوەی گوزەرانەوە ئەوەندەی کە لەلیبیا دەچێ ئەوەندە لەمیسر ناچێ.

ئەگەر ڕژێمی قەزافی لەسۆنگەی شۆڕشە هەڵگیرساوەکەوە بڕوخێ، ناوچەی باکوری ئەفریقیا گۆڕانێکی جیۆ ستراتیجیی گەورە بەخۆوە دەبینێ. لەناوخۆدا، پاش نەمانی ئەم ڕژێمە دەرفەتێکی گونجاو بۆ پەیدابوونی دیموکراسی لەلیبیا پەیدا دەبێ و دەشێ بۆ لەمەودوا ئیسلامگەراکان ڕۆڵێکی دیارتر لەسیاسەتی ناوخۆدا بگێڕن، بەتایبەتی کە کەلتوری ئیسلامگەرایی زۆر لەگەڵ ئەنگێزەی خێڵەکیدا وێك دێتەوەو کۆمەڵگای لیبیاش هێشتا لەبنەمادا کۆمەڵگایەکی خێڵەکییە. هەروەها دەشێ بەربەرەکانیش کەڕێژەیان خۆی لەقەرەی دەوروبەری ١٠٪ی دانیشتوان دەدا، بتوانن ڕۆڵێکی بەرچاوتر لەسیاسەتدا بگێڕن، بەڵام دەرفەتێکی زۆرتر لەبەردەم دەستەبژێری عەلمانیی دیموکراتدا بۆ نواندنی ڕۆڵێکی کاراتر هەیە.



فەرید ئەسەسەرد

لیبیای پاش قەزافی دەشێ کەمتر بەلای عەرەبیزمدا دابشکێنێ. ئەوەی کەزۆرتر پشتگیری لەم ئەگەرە دەکا ئەوەیە کەلیبیا بەدرێژایی مێژوو پەیوەندیی لاوازی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی جیهانی عەرەبدا هەبووە. لەڕوی مێژووییەوە، پەیوەندیی لیبیا لەگەڵ ئەوروپادا زۆر دێرینەو ڕەچەڵەکی لیبییەکان پێش پەیدابوونی عەرەبە موسڵمانەکان لەلیبیا زۆرتر بۆ ئەوروپا دەگەڕێتەوە، بەڵام پاش بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، دوا بەدوای جەنگی دووەمی جیهان، لیبیا جیۆستراتیجی خۆی لەسەر بنەمای ناسنامەیەکی سێقۆڵیی عەرەبی- ئیسلامی- ئەفریقی دارشت و خۆی لەکایەی جیۆستراتیجی دەریای ناوەڕاست (ئەوروپایی) ڕاپسکاند. دەشێ لیبیای پاش قەزافی زۆرتر بکەوێتە ژێر کاریگەریی کایەی جیۆستراتیجی دەریای ناوەڕاست و لەیەك کاتدا هەم خۆی لەڕۆژهەڵاتی جیهانی عەرەب دابڕێ هەم لەئەفریقای خوار بیابان و زۆرتر لەئەوروپاوە نزیك ببێتەوەو بەهۆی نەوتەوە ڕۆڵێکی کاراتر لەپرۆژەی دەوڵەتانی لێواری دەریای ناوەڕاستدا بگێڕێ، پرۆژەیەك کەفەرەنسا خۆی بەخاوەنی دەزانێ. ڕەنگە ئەمەش ببێ بەمایەی هاندانی ئەوروپا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی لیبیا لەپەیوەندیی لەگەڵ ئەوروپادا بۆ ئاستی مامەڵەی تایبەتی ئەوروپا لەگەڵ هەر یەك لەتورکیاو مەغریب.

لیبیای قەزافی پاش ڕوخانی بن عەلی لەڕۆژئاواداو ڕوخانی موبارەك لەڕۆژهەڵاتداو هەڵایسانی شۆڕش بەدرێژایی لێواری سەر کەنار دەریا، لەدرنەوە لەبەری ڕۆژهەڵاتدا تا نزیك تەرابلوسی پایتەخت، ئومێدی بەردەوامبونی نییەو تەنانەت سەرکوت کردنی شۆڕشیش ئایندەیەکی درێژخایەنی بۆ دەستەبەر ناکا.



گۆڕینی هاندانی گەندەڵی بۆ هاندانی دژە گەندەڵی

# چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی



پرۆفیسۆر دانیال کۆفمان سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی، لە وەڵامدانەوەیەکی ئۆن لاینی سایتی بانکی نێودەوڵەتی و لەوەڵامی یەکێك لەو پرسیارانەی لێکرا، ئایا باشترین ڕێگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و قەڵاچۆکردنی گەندەڵی بەوجۆرە وەڵامیداوەتەوە کە باشترین میکانیزم بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی پەتای گەندەڵی، گۆڕینی ئەو فاکتەرانەیە کە دەبنە هاندان بۆ گەندەڵی بۆ فاکتەری هاندانی دژە گەندەڵی، ئەمەش واتە لە هەموو وڵاتێکدا دیاردەی گەندەڵی لە

**باشترین میکانیزم بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی پەتای گەندەڵی، گۆڕینی ئەو فاکتەرانەیە کە دەبنە هاندان بۆ گەندەڵی بۆ فاکتەری هاندانی دژە گەندەڵی**

هەموو ئاستەکاندا بوونی هەیە، بەڵام ئاستی جیاوازی گەندەڵی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە پەیوەستە بەوەی چۆن فاکتەرەکانی هاندانی گەندەڵی دەگۆڕێت بۆ فاکتەرەکانی هاندانی دژە گەندەڵی، سەبارەت بەکاریگەری بنبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی و ڕەنگدانەوەی ڕێگرتن لەگەندەڵیش بەسەر پرۆسەی پەرەپێدانی کۆمەڵگەوە، کۆفمان پێیوایە نەهێشتن یان ڕێگرتن لەدیاردەی گەندەڵی سیحرێك لە کۆمەڵگە دروست دەکات، کە نازانین ئەو هێزە لەکوێوە پەیدابووە، ئەو گۆڕانکارییە سەیرە لە کۆمەڵگە دروست دەکات، کۆفمان دەڵێت کاتێك دەست بە ڕیشەکێشکردنی دیاردەی گەندەڵی دەکرێت، نازانرێت چۆن لەماوەی یەك دوو ساڵدا ئاستی پەروەردە و فێرکردن لە پەروەردە و فێرکردنێکی ڕووکەشەوە دەگۆڕێت بۆ ئاستی پەروەردە و فێرکردنی ڕاستەقینە، نازانرێت چۆن ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەرزدەبێتەوە و چۆن سیستەمی چاودێری تەندروستی پیادە دەکرێت، هەروەها نازانرێت چۆن ئاستی بێکاری کەمدەبێتەوە و لەپڕ ئاستی داهاتی تاکەکەس بەرز دەبێتەوە، بەڵام وەك پشتگیریەك بۆ پاڵپشتی بۆچوونەکانی نۆرس، پرۆفیسۆر دۆگلاس سی نۆرس، ئەم هێزە سیحرییەی ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی گرێدەداتەوە بە گرنگی و کارایی دامەزراوەکانەوە و پێیوایە، لەبەر ئەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت دەبنە فاکتەری دانانی سانسۆر لە دەسەڵاتەکان و دەسەڵاتەکان سنووردار دەکات و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکات، ئەوە خودی دامەزراوەکان هاوشان لەگەڵ هەنگاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەبێتە هێز بۆ سیحرێکی گەورەتر و هاندانی تاك لە کۆمەڵگە بۆ ئەوەی بتوانێت داهێنان بکات و ڕێگەی دووری پەرەپێدان بە سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای سەردەم کورتبکاتەوە، سەبارەت بە کورتکردنەوەی ماوەی پرۆسەی پەرەپێدانیش پرۆفیسۆر تۆم جی پالمەر بۆ بەراورد کردنی لەنێوان سیحری دامەزراوەکان بۆ پەرەپێدان و نەبوونی دامەزراوە، نموونە بە کۆریای باکوور و کۆریای باشوور دەهێنێتەوە و دەڵێت، جیاوازییەکە هێندە ئاشکرایە هیچ پێویست نییە سەردانی ئەو دوو وڵاتە بکەیت، بەڵکو تەنیا هێندە بەسە بەشەو بەفڕۆکە بەسەریدا تێپەڕیت و دەبینین ئەو دیوی هێڵی پانی ٣٨ کە کۆریای باکوورە وەك تاریکستان دەچێت، ئەم دیوی هێڵی ٣٨ کە کۆریای باشوورە هەست دەکەیت چراخانە، بەم نموونەیە پالمەر دەیەوێت پێمان بڵێت پرۆسەی پەرەپێدان بەرێگەی دامەزراوەکان پێوەندی بە کەلتوور و داب و نەریتی هیچ کۆمەڵگەیەکەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بەچۆنییەتی هەڵسوڕاندنی دامەزراوەکانەوە هەیە، لەمەشدا مەبەستی ئەوەیە هەتا ساڵی ١٩٥٣ کۆریای باکوور و باشوور تەنیا یەك گەل بووە و لەو کاتەوەی جیابوونەتەوە، دەبینین کۆریای باشوور بەرەو سیستمی دامەزراوەیی هەنگاوی هەڵگرتووە ئێستا لەریزی دەوڵەتانی جیهانی یەکەمدایە، بەڵام کۆریای باکوور کە هەر لەسەر سیستەم شمولییەکەی خۆی بەردەوامە، دەبینین لە ریزی وڵاتانی جیهانی سێهەمدا ماوەتەوە، سەبارەت بەو خێراییەی کە تەکنۆلۆژیا ڕۆڵی خۆی تیابینووە بۆ کەمکردنەوەی ماوەی بڕینی قۆناغی پەرەپێدان، پالمەر ئاماژە بەوە دەکات ئەوەی بە ماوەی ١٠٠ ساڵ بەریتانیا توانی ئەنجامی بدات، ژاپۆن بە ٣٣ ساڵ



ئەنجامی داوە و کۆریای باشوور بە ١١ ساڵ، ئەمە مانای ئەوەیە تەنیا ڕێگە بۆ چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەهێزکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەتە، بەبێ بەهێزکردنی دامەزراوەکان کە دەبنە هاندان بۆ دژە گەندەڵی ناتوانرێت ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە ببینەوە، لەمبارەوە دەکرێت ئاماژە بە نموونەی هەوڵەکانی چین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردە بکەین، کە سزای گەندەڵی گەیاندۆتە ئاستی لەسێدارەدان، بەڵام نەتوانراوە دیاردەی گەندەڵی بنبڕ بکرێت، ئەمە فێرمان دەکات چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەدروشمی سیاسی و هاتوهاواری نێو میدیاکان ناکرێت و ئەگەر نییەت هەبێت بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی دەوڵەت بنبڕ بکەین، ئەوا دەبێت هەنگاوی یەکەم لە ڕێزگرتن لەشەرعییەت و بەهێزکردنی دامەزراوەکانەوە دەستی پێبکرێت نەك بە پێچەوانەوە.



## دیاردەی گەندەڵی لە دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتی و قۆناغی ئینتیقالیدا

لەپرۆسەی دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتییدا، واتە دەسپێکی وەرچەرخان لە سیستمێکی سەنترالیزمی سیاسی و ئابوورییەوە بۆ سیستمێکی دیموکراتی و کرانەوە لەسەر ئاستی سیاسی و بازاڕ، ئەم حاڵەتە کە هەموو شتێك لە گۆڕان و وەرچەرخاندایە، هەموو ئەگەرەکان بەڕووی دەرکەوتنی دیاردەی گەندەڵی دەکرێنەوە و لەوانەیە زۆر جاریش هەندێك فاکتەر خۆی ببێتە سەرچاوەی هاندان بۆ دیاردەی گەندەڵی، سەبارەت بەم لایەنە گرنگە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر لۆرنزۆ پیلیگرینی تۆژەر لە ئامۆژگای دیراساتی پەرەپێدانی ئەورووپی کرد، سەبارەت بەچۆنییەتی دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکان، بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوەو وتی: (گەندەڵی لەهەموو قۆناغەکانی پەرەپێداندا بوونی هەیە، بەڵام شێوەی جیاوازی هەیە. ئەگەر بێت و وڵات لە قۆناغی گواستنەوەدا بێت، ئەوکات دەرفەتەکان بۆ سەرهەڵدانی گەندەڵی دەرەخسێت، بۆ نموونە لە پلانە سەرەتاکانی وڵات، وەکو «خصخصە». بێگومان بەتایبەتکردن یان»خصخصە» نابێتە بەمایەی سەرهەڵدانی گەندەڵی، بەڵکو گەندەڵی ئەو کاتە سەرهەڵدەدات کاتێك

**ئەگەر نییەت هەبێت بۆ ئەوەی دیاردەی گەندەڵی لە کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی دەوڵەت بنبڕ بکەین، ئەوا دەبێت هەنگاوی یەکەم لە ڕێزگرتن لەشەرعییەت و بەهێزکردنی دامەزراوەکانەوە دەست پێبکرێت نەك بە پێچەوانەوە**

کە فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی گەندەڵی لەبەرچاونەگیرێت لەمیانی جێبەجێکردنی پلانەکانی بەتایبەتکردنی کۆمپانیاکان... وتاد. بۆیە پێویستە چەند سیاسەتێك پەیڕەو بکرێن کە مایەی پتەوکردنی ئەم پرۆسانە بن. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی چەندین میتۆدی جیاواز هەیە، سەرەکیترین میتۆد ئەو میتۆدانەیە کە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە دانراوە، بۆ نموونە ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی کە «ڕێبەر»یان هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، دەتوانن ڕێبەری ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی وەرگرن و ببینن تاچەند دەتوانرێت گۆڕانکاری دامەزراوەیی ئەنجامبدرێت، کە ڕێنمایی تێدایە لەبارەی نەهێشتنی دەرفەتەکانی تەشەنەکردنی گەندەڵی. هەڵبەتە ئەو ڕێبەرە بریتییە لە چەند فاکتەرێك وەکو شەفافییەت و دیموکراسییەت و متمانەیی و بەرپرسیارێتی، لەگەڵ هەموو کێشەکان کە ڕووبەڕووی دەوڵەت دەبێتەوە لە ئاستەکانی دامەزراوەیی



و نیشتمانی. ئەگەر بێت و دیاردەی گەندەڵی لەسەر ئاستی لۆکاڵ بێت ئەوکات پێموایە دەتوانن هەستن بە دامەزراندنی دەستەی چاودێری لەسەر ئاستی لۆکاڵ. ئاراستەیەکی تر هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کە پێیدەوترێت «ئاراستەی تاوان و سزا»، کە سزای قورس و توند لەسەر ئەو کەسانە دەسەپێنێت کە لەسەر گەندەڵکاری گیراون، بەڵام ئەم ئاراستەیە، بەپێی ئابووریناسەکان، تەمەنی کورتە و درێژە ناکێشێت لەبەرئەوەی ئەم ئاراستەیە پێویستی بە «پۆلیس» و «سیستەمی دادوەری»ی متمانەپێکراو هەیە، لەگەڵ ئەوەیدا پۆلیس و سیستەمی دادوەری لەو وڵاتانەدا بوونیان نییە کە پەتای گەندەڵی لەناوبەرن)).

هەندێك لەپسپۆڕانی ئابووری و تایبەتمەند لەبواری ئابووری ئەم هەنگاوانەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەگیرێنەبەر، بە هەنگاوی درێژخایەن باسی دەکەن و پێیانوایە ئەم پرۆسەیە پێویستە دەستی پێبکرێت ئەگەرچی درێژخایەنیش بێت، سەبارەت بەم لایەنە گرنگە وەك لایەنێکی پراکتیکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پرۆفیسۆر لۆرنزۆ پیلیگرینی لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (گەندەڵی کێشەیەکە و پەیوەستە بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستەکانی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی. چارەسەرکردنی گەندەڵی پێویستی بە کۆمەڵێك هەنگاو هەیە، بەڵام مەرج نییە ئەو هەنگاوانە بەشێوەیەکی تەدریجی جێبەجێ بکرێت. چەندین حاڵەت هەیە کە تیایدا ئاستەکانی گەندەڵی بەشێوەیەکی خێرا کەمکرایەوە و گۆڕانکارییەکان بەپەلە ڕوویاندا. دەتوانین نموونەیەکی دیار وەرگرین لە هەندێك لە وڵاتەکان کە لەماوەی ٢٠ – ٣٠ ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی فراوان بەرەنگاری گەندەڵی بوونەتەوە، بۆ نموونە «هۆنك کۆنگ». دابەزینی ئاستەکانی گەندەڵی لە «هۆنك کۆنگ» بەشێوەیەکی «تەدریجی» نەبوو، بەڵکو ستراتیژییەتێکیان هەبوو لە بەرەنگاربونەوەی هەموو لایەنەکانی گەندەڵی لەیەك کاتدا. حکومەتی «هۆنك کۆنگ» ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە دابەزاندنی ئاستەکانی گەندەڵی، حکومەت هەڵنەستا بە دواخستنی پرۆسەکە، بەڵکو بەشێوەیەکی خێرا هەڵستا بە دانانی سیاسەتی پێویست و لەئاکامدا بووە مایەی دابەزاندنی ئاستی گەندەڵی، بەڵام بەداخەوە

ئەزموونەکان فێری کردووین کە پیادەکردنی سیاسەتی «خەصخەصە» لەو وڵاتانەی کە تیایدا سەرچاوەکان لەماوەیەکی کورتدا دەستاودەست دەکات، زەمینە فەراهەم دەکات بۆ پەیدابوونی گەندەڵی. هەربۆیە باشترین



لۆرنزۆ پیلیگرینی بۆ گوڵان:

## زۆر گرنگە سیاسەتی «خەصخەصە» جێبەجێبکرێت و لەهەمان کاتیشدا بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پیادەبکرێت

■ ■ ■

شت ئەوەیە کە سیاسەتی «خەصخەصە» و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە یەك کاتدا ئەنجامبدرێت، نەك سیاسەتی «خەصخەصە» پەیڕەو بکرێت و پاشان بێیت و ڕووبەڕووی گەندەڵی بیتەوە. لەبەرئەوەی تەنانەت تاکو ئەمڕۆش پاش نزیکەی ٢٠ ساڵ هێشتا کاریگەرییەکانی «خەصخەصە» لەسەر ڕووسیا هەر ماوە. هەربۆیە، زۆر گرنگە سیاسەتی «خەصخەصە» جێبەجێبکرێت و لەهەمان کاتیشدا بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بکرێت، لەبەر ئەوەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی «خەصخەصە» و ئازادکردنی کەرتی تایبەت یەکێکن لە فاکتەرەکانی نەهێشتنی هەژاری. ئەگەر سەیرێکی ئەزموونی وڵاتان بەدرێژایی مێژوودا بکەین، پێموایە بەدەگمەن ئەزموونێك دەدۆزینەوە کە توانیبێت بەبێ ئازادکردنی کەرتی تایبەت ئاستی هەژاری بەشێوەیەکی بەرچاو بنبڕبکات، تەنیا چەند کەیسێکی دیاریکراو نەبێت، ئەو وڵاتانەش کە توانییان لەمبارەیەوە سەرکەوتوو بن ئەو وڵاتانەن کە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتییان هەبووە، بۆ نموونە وڵاتێك وەکو عێراق کە خاوەن سامانێکی دەوڵەمەندی نەوتین، بەڵام وێڕای هەبوونی ئەم خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییانە، پێویستە کەرتی تایبەت-یش ئازادبکرێت بۆئەوەی هەلی کار



برەخسێنێت و لەهەمان کاتیشدا دەبێتە هاندەرێك بۆ دامەزراندن و بەرزبوونەوەی ئاستی پەروەردە و زیادبوونی ئاستەکانی خاوەندارێتی. لێرەدا دەڵێم بەداخەوە نموونەکان کەمن لەسەر ئەزموونی ئەو وڵاتانەی کە توانیویانە بەشێوەیەکی خێرا و سەرکەوتووانە بەرەنگاری دیاردەی گەندەڵی ببنەوە، چەند نموونەیەك هەیە لە ئەفریقیا و لە ئاسیا، لەسەرتاسەری جیهاندا تەنیا ژمارەیەك ئەزموونی سەرکەوتوو هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، پێشتر ئاماژەم بە «هۆنك کۆنگ»دا، دەتوانین نموونەی تر بێنینەوە وەکو «تایوان» و «بۆتزوانا». دەبینین گۆڕانکارییەکان لەم وڵاتانەدا بەشێوەیەکی خێرا ڕوویانداوە، ئەویش بەهۆی ئیرادەی سیاسی و لەگەڵ کۆمەڵێك چاکسازی کە لەڕێگەیاندا توانرا مامەڵە لەگەڵ دیاردەی گەندەڵی بکرێت، دەتوانن سوود لەو ئەزموونانە وەرگرن. لەلایەنێکی ترەوە و لەسەر ئاستی لۆکاڵ-دا، دەبینین لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا سیستەمی لۆکاڵ هەیە بۆ بەڕێوەبردنی سامانە سرووشتییەکان، زۆرجار ئەم سیستەمە لۆکاڵانە بۆ بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکان کاری زۆر باشیان ئەنجامداوە، تەنانەت لەکاتێکدا کە لەسەر ئاستی نیشتمانی ئاستێکی بەرزیش هەیە لە گەندەڵی، بەڵام ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان تاراددەیەك توانیویانە دیاردەی گەندەڵی لەسەر ئاستی لۆکاڵ چارەسەربکەن. ئەوەی ماوەتەوە ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە دیاردەی گەندەڵی نەك تەنیا لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، بەڵکو لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا تەشەنەی کردووە، من هاووڵاتییەکی «ئیتاڵی»م و لە «ئیتاڵیا» کێشەی گەورەمان هەیە لەسەر گەندەڵی. هەربۆیە، تاکە ڕێگە بۆ ڕێگرتن لە سیاسەتوان و دەسەڵاتداران بۆئەوەی گەندەڵ نەبن ئەوەیە پێویستە فشار بخەنە سەر دەسەڵاتداران بۆئەوەی دەسەڵاتەکانیان لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بەکارنەهێنن.



کلینت بینهاردت بۆ گوڵان:

## ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی پێویستی بە بەشدارییەکی کارای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە

■ ■ ■

ئەوەی پرۆفیسۆر لۆرنزۆ ئاماژەی پێکرد جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم پرۆسەیە پێویستی بەوە هەیە هەموو لایەك تیایدا بەشدار بێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا پەنابردن بۆ یاسا تاچەند کاریگەری لەسەر ئەم لایەنە دەبێت؟ ئەم پرسیارەمان ئاراستەی پرۆفیسۆر نارسی تیکی ئوستادی زانستی سیاسی و ئابووری سیاسی لەزانکۆی تەکساس کرد و لە لێدوانێکی تایبەتیدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی:

(زۆربەی جار قۆناغی ئینتیقالی قۆناغی نادڵنیاییە، زۆربەی شیکەرەوە سیاسییەکان لە دەرئەنجامەکەی دڵنیانین و دامەزراوە حکومییەکانیش هێشتا زۆر لاوازن. لەم ڕوانگەیەوە دەرفەتەکانی گەندەڵی یەکجار زۆرن. لە سایەی ئەم هەلومەرجانەدا، ئەو ئەکتەرە کۆمەڵایەتییانەی لە پێگەی دەسەڵاتدان (سیاسییەکان و بیرۆکراتەکان) کە بەرژەوەندە تایبەتییەکانی خۆیان ڕەچاو دەکەن، زۆر بە خێرایی هەڵدەستن بە شیکردنەوەی سوود و زیانی دۆخەکە، بۆ ئەوەی باشترین ڕێگەچارە بگرنەبەر کە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی ئەوان بەدی دەهێنێت. ئەگەر گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی ئەگەری کەمتر هەیە وڵاتەکە بەرەو دیموکراتی بوون بچێت، کە ئەمەش بە واتای ئەوەی سەروەری یاسا باڵادەست نەبێت، ئەوا ڕوودەکەنە ڕەفتاری گەندەڵکارانە. هەربۆیە لەم قۆناغەدا جێبەجێکردنی سەروەریی یاسا مەسەلەیەکی بنەڕەتییە بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی. کاتێك بەرپرسە گشتییەکان دەگەنە ئەو قەناعەتەی ئەو سزایەی دووچاری دەبن لە ئەنجامی تێوەگلانیان لە گەندەڵییەوە زیاترە لە سوودەکانی، ئەوا کەڵکی خراپ لە دەسەڵاتەکەیان وەرناگرن بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی تایبەتی. هەر ئەمەش تەفسیری ئەو ئاستە نزمەی گەندەڵی دەکات لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا.

بە هەمان شێوە دروستکردنی دەزگایەکی سەربەخۆی دژەگەندەڵی گرنگی خۆی هەیە. دەبێت ئەم دەزگایە ئامرازی خۆیی هەبێت بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکانی خۆی و بتوانێت هەر کەسێك بداتە دادگایکردن ئەگەر گومانی تێوەگلانی لە گەندەڵی لەسەربوو. چەندین ساڵ بوو وڵاتی سەنگافورە لە گەندەڵیدا بەشی شێری هەبوو، بەڵام دوای هێنانەئارای ئەم بونیادە، وڵاتەکە بووە یەکێك لەو وڵاتانەی کەمترین گەندەڵی تێدایە. دەبێت هەر وڵاتێك کە ئاستێکی بەرزی گەندەڵی تێدایە سوود لە مۆدێلی سەنگافورە وەربگرێت، من پێموایە ئەمە دەرئەنجامی ئیجابی لێدەکەوێتەوە، لە بیرتان نەچێت کلیلی سەرکەوتن لە سەربەخۆیی دایە.

کەواتە چۆن پرۆسەی پەرەپێدانی پرۆسەیەکە پەیوەستە بە چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی بۆی دادەڕێژرێت، بەهەمان شێوەش بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پێویستی بە بەرنامەیەك هەیە کە بتوانرێت بەسەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت، بەڵام لایەنێکی دیکە کە ئەم ڕاپۆرتە جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە ئایا بارودۆخی وڵات تاچ ڕاددەیەك لەسەر ئەم مەسەلەیە کاریگەری دەبێت، سەبارەت بەم لایەنەش پرۆفیسۆر تیکی وتی: (من دەمەوێت ئەوە بڵێم زۆربەی چاکسازییەکان لە شەو و ڕۆژێکدا ڕوونادەن، دەبێت لە پرۆسەی کامڵبوندا چاکسازی هەنگاو بە هەنگاو ئەنجام بدرێت. دیموکراسی، پاش هەموو شتێك، پەیوەستە بە کەلتوورەوە، خەڵکی ڕادێن لەسەر ئەوەی دیموکراتیانە ڕەفتار بکەن، هەروەها ئێوە دەزانن کە وڵاتەکەی ئێوە ئەو کاتە بە ڕاستی بە دیموکراتی دەبێت کاتێك ڕێسا بەرچاو و نەنووسراوەکان جێبەجێ بکرێن. کاتێك لایەنی دۆڕاو لە هەڵبژاردنەکاندا پیرۆزبایی لە لایەنی براوە بکات، ئەو کاتە دەزانیت کە دەروازەی زێڕینی دیموکراسیت بڕیوە. من دەزانم ئەو خەڵکانەی لە سایەی دیکتاتۆریدا ژیاون تینووی چاکسازین، بەڵام دەبێت بە شێوەیەکی لەسەرخۆ ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدەن و ئەو ڕاستییە بزانن کە چەند دەیەیەکی خایاند تاوەکو دیموکراسییە دێرینەکانی وەك ئەمریکا و ئەورووپا مەحکەم بن. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت بە پەلە هەندێ لە پرسە دامەزراوەییە گرنگەکان چارەسەربکرێن، کە ئەوانیش چەند مەسەلەیەك لە خۆدەگرن وەك پێوەندی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادان، سروشتی سیستمەکە، ئایا سیستمەکە فیدراڵییە یاخود یەکگرتوو، بێلایەنی دەزگای بیرۆکراتی، چۆن دەسەڵاتی سەرکردە سیاسییەکان سنووردار دەکرێت، تاد. هەربۆیە دەبێت خەڵکی ئاگادار بکرێنەوە کە لە ناوبردنی گەندەڵی کاتی دەوێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم ڕاستییە بگەیەنینە خەڵك. لەم ڕووەوە ڕۆڵی ڕاگەیاندن گرنگە، دەبێت خەڵکی ببینن کە ڕاهێنانی پێویست بۆ گەمەکارە سەرەکییەکانی وەك هێزەکانی پۆلیس، ئەندامانی دەسەڵاتی قەزائی و بیرۆکراتەکان دابین دەکرێت. لە هەمانکاتدا دەبێت هاووڵاتییانیش ببینین کە ڕێوشوێنی کۆنکرێتی دژی ئەو سیاسی و بیرۆکراتانە دەگیرێتەبەر کە بەهۆی وەرگرتنی کەڵکی خراپ لە دەسەڵات دەستکەوتی ناقانونی بەدەست دەهێنن)).

سەبارەت بە چۆنییەتی سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەو وڵاتانەی کە لە قۆناغی دەسپێکی بونیادی دیموکراتی دیاردەی گەندەڵی سەری تیاهەڵداوە و توانیوویانە بەسەرکەتوویی ڕووبەڕووی ببنەوە، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر کلینت بینهاردت ئوستادی ئابووری لە زانکۆی میشیگان کرد و


نارسی تیکی بۆ گوڵان:

## جێبەجێکردنی سەروەریی یاسا بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی مەسەلەیەکی بنەڕەتییە

■ ■ ■

لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (ئەمە پرسیارێکی باشە و ڕەنگە ئاماژەکردن بۆ ئەزموونی ئەو وڵاتانەی پێشتر لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤییەتدا بوون و ئەزموونی وڵاتانی ڕۆژهەڵات کارێکی سوودبەخش بێت، بۆ نموونە پرۆسەی بە تایبەتکردن لە ڕووسیادا بووە هۆی ئەوەی تەنیا کەسانێکی کەم دەستیان بە سەرچاوەکانی وڵات بگات و دەستی بەسەردا بگرن، ئەمە لە کاتێکدایە لە وڵاتی پۆڵەندا کە لە هەمان کاتدا ئەم پرۆسەیەی بەڕێوەدەبرد، توانی ڕێگە لەوە بگرێت کەسانێکی کەم سەروەت و سامان کەڵەکە بکەن و دەست بەسەر سەرچاوەکاندا بگرن، بەم شێوەیە بەتایبەتکردن بووە هۆی ئەوەی هاووڵاتییانی ئاسایی بەشداری لەم پرۆسەیەدا بکەن. لە ڕاستیدا ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕی دیموکراتی و ئاڵوگۆڕی سەرمایەداری لە یەك کاتدا زەحمەتە، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا مومکینە، ئەگەرچی دەبێت لەم حاڵەتەدا میکانیزمی لێپرسینەوە دابنرێت، بە چەشنێك ئەو کەسانەی لە ناو پرۆسەی بەتایبەتکردندان و زانیاریان هەیە لەمبارەیەوە ئەم زانیاریانە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکارنەهێنن. ڕاستە دیموکراسی پەیوەستە بە بوونی لێپرسینەوە و چاودێرییەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا پەیوەستە بە بوونی گفتوگۆیەکی زیندوو، کە تێیدا خەڵك ڕێز لە یەکتر بگرن و پێیانوابێت هەڵبژاردنەکان براوە و دۆڕا و بەرهەم دەهێنن و ئەو پارتە سیاسییەی دەسەڵات دەگرێتەدەست لە ئاستی بەڵێنەکانی خۆیدا دەبێت، بەڵام بوونی گەندەڵی متمانەی خەڵك بە دەزگاکان لە ناو دەبات، ئەو متمانەیە لەناو دەبات کە بۆ بەرەو پێشبردنی پرۆسە دیموکراتییەکە گرنگە. هەرچەندە لە کاتی تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەیدا چارەسەرکردنی دەبێتە کارێکی زەحمەت، واتە ئەو کاتە پێویستی بە کۆششێکی بەربڵاو دەبێت بۆ زاڵبوون بەسەریدا. هەربۆیە گرنگە لە ڕێی بەهێزکردنی سیستمە یاساییەکەوە ئەم کارە بکرێت، مەبەستم ئەوەیە دەبێت گەندەڵی بە یاسا قەدەغە بکرێت، لە هەمان کاتدا دەبێت ئەو کەسانە دادگایی بکرێن کە لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون، بە هەمانشێوە دەبێت هاووڵاتیانیش ئازادی ئەوەیان هەبێت کاتێك گەندەڵییەکیان بۆ ئاشکرا بوو باسی لێوە بکەن، کەواتە بەشداری مەدەنییانە و بەشداری کۆمەڵگەی مەدەنی لەم پرۆسەیەدا گرنگی خۆی هەیە.))

# ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی سیماکانی گۆڕین لەخۆرهەڵاتی ناوەنددا



د. ئەنوەر عەبدوڵڵا بەرزنجی

ژمارە (٨٢٠) ■ ٢٠١١/٢/٢٨

لەدوای شەپۆلی شۆڕشی گەنجانی جیهانی خۆرئاوا کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بۆ دەستنیشانکردنی سیماکانی هاووڵاتیبوون و دەستەبەرکردنی داخوازی خەڵکی بەرپاکران بۆ داڕشتنی نەخشەی ڕێگا تا وڵات بەرەو دیموکراتییەت و پەرەپێدان بەرن، ئەمڕۆ کەسانی سیاسەتمەداری خۆرهەڵاتی ناوەندو ئۆپۆزسیۆن تووشی شۆك بوون لەوەی لە پێناوی داڕشتنەوەی بنەماکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و مافەکانی هاووڵاتی، گەنجان جڵەوی دەستپێشخەرییەکانیان لێوەرگرتوون وێڕای جیاوازی گەورە لەنێوان مافەکان و داخوازییەکاندا، کەلێنەکە لەنێوان عەقڵییەتی وەچەی گەنجان و عەقڵییەتی وەچەی پێش خۆیان زۆر بەرینتر بۆتەوە، ئەوەی گەنجانی هانداوە بۆ ئەم شۆڕشانە، ئاوێزانبوونی دەسەڵات و پارەیە لەسەر حسابی داخوازییەکانی وەك مەعریفەو دادپەروەری کە لەهەموو خۆرهەڵاتی ناوەند ئەمانەی دواییان بزر بوون بەم بزربوونەش هێدمەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەموو ناوچەکەی گرتۆتەوەو پشتی حوشتری خۆرهەڵاتی ناوەراستی ونبووی داچەماندووە چونکە حساباتی سیاسی وەچەکانی پێشوو زەمەنیان بەسەردا تێپەڕیوە، ( zbignew Brzezinski) لەکتێبێکی بەناوبانگیدا بە ناوی (Out of control) پێشبینی ئەوەی کردووە کە نایەکسانی ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە لەناو کاروباری سیاسی ئەم سەدەیەی ئێستاماندا، شارەزایانیش پێیان وایە گرنگترین تەنگژەکانی سەدەی بیست و یەك بریتین لە

١- سەدەی کارەساتە سروشتییەکان کە بەهۆیەوە ئاسایشی خۆراکی جیهانی و ئاسایشی ئاوو ئاسایشی وزە تێك دەچن و ئەمەش وا دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارە قورسە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەییەی کە گۆی زەوی تێك دەدات بڕیاری سیاسی تازە بدرێن


٢- سەدەی سەرەتای داڕووخانی فاکتەری کۆمەڵایەتی – ئابوورییە ( socio- economy) لە زۆربەی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکاندا ئەمەش لە دەرئەنجامی

* خێرابوونی بزاڤی جیهانگیری بەهەرچوار دیوەکەیدا کە بریتین لە کەرەستەو خزمەتگوزاری و زانیاری و کۆچکردنی مێشك، لەئاکامدا ئەم چوار بزاوتە لەسەر ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئامادەنەکراون بۆ کێبرکێ بەردەوام هەڵکشان بەخۆیانەوە دەبینن.

* داڕزانی چینی ناوەند لەکۆمەڵگا تازە پێگەیشتووەکان دا لەئەنجامی بزربوونی پەرەپێدانی مرۆیی و شەپۆلی گڕی گرانی هاوردەکردن لەدەرەوە. هەروەها ئاست نزمبوونەوەی کەرتەکانی خوێندن و تەندروستی ئەمەش وای لە هۆکاری بەرهەمهێنان کردووە کە دادوەری کۆمەڵایەتی نەمێنێت لە لایەکی ترەوە پاڵی ناوە بەبەشێکی بچووکی خەڵکەوە کە خۆی بەشانە هەنگوینی دەوڵەمەندەکاندا هەڵواسێتەوە، زۆربەی زۆری خەڵکیش هەژاری و تاڵێتی دەچێژن.

* نەمانی هاوسەنگی لەنێوان توانای کڕین لای وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لەبەرامبەر ئەو توانا بەرزە بەرهەمهێنەی وڵاتانی پێشکەوتووی خاوەن تەکنەلۆژیای بەرز، تاعوونی هەژاری لەم سەدەیەدا نیوەی دانیشتووانی سەرزەوی تەنیوەتەوە کە لەپشتەوە خەنجەر لەکەرامەتیان دەچەقێنێت.

ئێمە لەهەرێمی کوردستان لەرووی جوگرافییەوە دوور نین لە خۆرهەڵاتی ناوەند ناتوانین هزرو ویژدانی گەنجان ئینکار بکەین کە لەڕێگای پێوەندی ئەلەکترۆنی و ئەنتەرنێت و مۆبایلەوە لەهەوڵدان تا دنیا بگۆڕن، حینکەتی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی قەیران لەم کاتەدا پێویستی بەهەندێك حیکمەت و ڕوون بینی هەیە لەسەر دیتنی خاڵە لاوازو بەهێزەکانی هاووڵاتییان، تا ئێستا چاکسازی لەبەردەستی فەرمانڕەوایاندایە هەروەکو چۆن بەجەربەزەیی بڕیارمانداوە کە لەگەڵ پسپۆران و شارەزایانی سەقامگیریکردنی کۆمەڵگای تازەدا دوو ڕەگەز بکەینە دینگە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە یەکەمیان توانای خۆڕاگرتنی دەوڵەتە لەبەرامبەر ئەو شەپۆلە توندەی کە ئەم شەپۆلەی جیهانی هێناویێتی، دووەمیشیان توانای خۆلادانێتی بەر لەوەی هەموو شتێك لەگەڵ خۆی ڕاماڵێت، وێڕای ئەوەی بارودۆخی سەقامگیری لەکوردستانی عێراقدا لەگەڵ دەوڵەمەندێتی و هەمەچەشنێتی کەرەستەی سروشتیدا هاوبارگەیە، ئەمەش دەتوانێت ڕێگایەکی باش تەخت بکات بۆ بووژانەوەی ئابووری، بەڵام هەڕەشەکان هێشتا لەبەردەرگاماندان.



پێویستە بەجدی خەم وئازاری هاووڵاتییان وەربگیرێن لەپێناوی خستنەکاری هەموو تواناکانی هەرێم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەرقەیرانێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری کە بەڕێوەن و گەر ئەم خەمانە چارە نەکرێن بەردەوام لە هەڵایساندا دەبن. باشترە هەوڵی زۆریش بدرێت ئەو توانا ماددی و ئابوورییەی کە لە بەردەستە بخرێنە خزمەتی جەماوەرەوە تا دەستی کەسانی تر بەشێوەی خراپ ئەو جەماوەرە بۆ توندوتیژی بەکارنەهێنێت.

**دانەری کتێبی**
**East- west: sword& word)**
**(BOD GMbH(IN Print**

# پرۆژەیەکی هەمەلایەنە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی



عەبدولڕەحمان سدیق

گەندەڵیی، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە، بەکارهێنانی بەرژەوەندییە گشتییەکانە بۆ بەرژەوەندیی تایبەت و تاکەکەسیی.

ڕواڵەتەکانی گەندەڵیی زۆرن لەوانە بۆ نموونە: بەتاڵانبردنی سامانی گشتیی، بەرتیل وەرگرتن، تێکدان و شکاندنی شتومەك، خزمایەتیکردن لەکاردا، خراپ دابەشکردنی داهات، کەمتەرخەمیی لەپاراستنی ماڵی گشتیی، خۆدزینەوە لە دەوام..تاد.

جۆرەکانی گەندەڵی یان سیاسییە یان ئیدارییە، یان داراییە.

ڕاستە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی، بەیەك هەنگاو دەست پێدەکات، بەڵام دواتر پێویستیی بەچەند هەنگاوێکی گرنگ هەیە وەك:

یەکەم: ئیرادەیەکی سیاسیی لەلایەن حزبە سیاسییەکانەوە بۆ:

+ ڕێکخستنی کارو بەرنامەو پێڕەوی حزبیی لەگەڵ دەستووردا.
+ پابەندبوون بە باڵادەستیی دەسەڵاتی یاسادانان بەسەر دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن نەك بەپێچەوانەوە.
+ پابەندبوون بە ڕۆڵی پەرلەمان وەك نوێنەری بەرژەوەندییە گشتییەکان و، چاودێریکردنی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و، لێپرسینەوە لێیان.
+ دووبارە دارشتنەوەو پێناسکردنەوەی چەمکی دەسەڵات.
+ کاراکردن وپەیڕەوکردنی پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات لەنێوخۆی حزبدا.

دووەم: بەرنامەیەکی واقیعی لەلایەن حکومەتەوە بۆ:

+ ڕاستکردنەوەو چاککردنی پەیکەری ئیداریی، ڕزگاربوون لە ڕۆتینی ئیداریی.
+ جۆرەشێوازی دەوامکردن و، داهێنانی دەوامی بەرهەمدار نەك بێکاریی دەمامکدار.
+ گۆڕین و نوێکردنەوەی هاوچەرخانەی بینای فەرمانگەکان.
+ کاراکردنی سیستمی کاری بانکیی و، گۆڕینی سیستمی مامەڵەکردن بە پارەوپوول.
+ ڕاهێنانی کارمەندان لەڕێگەی خولی زانستیی و پسپۆڕێتییەوە.
+ گۆڕینی شێوازی دامەزراندنی کارمەندان لەتەزکییەوە بۆ ئەنجومەنی ڕاژە.
+ بایەخدانی سەردەمییانە بە زانستی ئابووریی و کارگێڕیی.

سێیەم: پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بۆ:

+ پێکهێنانی تۆڕێکی هاوبەشی بەدواداچوونی بەردەوام، لەو ڕێکخراوانەی کەتایبەتمەندیی ئەم بوارەیان هەیە.
+ داهێنانی چاودێریی میللی و، فشار خستنە سەر پەرلەمانتاران بۆ چاکتر کردنی ڕۆڵ و کاریان.
+ داهێنانی چاودێریی میللی، هاندانی هاووڵاتیان بۆدرێژەدان بەرۆڵی چاودێریی کردنی نوێنەرەکانیان.
+ کاراکردنی ڕۆڵی زانایانی ئایینی لە ڕوونکردنەوەی پێگەی پارەو پیرۆزیی سامانی گشتیی.

چوارەم: کاراکردنی ڕۆڵی بەدواداچوون و چاودێریی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن.

+ تۆمارکردن و گواستنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان لەکەنتڵەکانی ڕاگەیاندنەوە.
+تەرخانکردنی سایتی ئەلکترۆنی،ڕۆژنامەوگۆڤار، هێڵی تەلەفۆنی تایبەت بە خستنەڕووی گەندەڵیی.

پێنجەم: پەسەندکردنی ژمارەیەکی دیارکراو لەیاساو بڕیار لەلایەن پەرلەمانەوە.

پاش پەسەندکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێککەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی لەساڵی ٢٠٠٣، کە زیاتر لە ١٤٠ دەوڵەت قبوڵیان کردووەو کاری پێدەکەن، عێراقیش یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کەچۆتە نێو ڕێککەوتننامەکەوە پاش ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ئابی ٢٠٠٧دا بەزۆرینەی دەنگ ڕێککەوتننامەکەی پەسەند کرد.

جالەبەرئەوەی دەزگاو لیژنەی زۆر هەن لەعێراقدا کە کاری چاودێریی و لێپرسینەوە لە گەندەڵیی دەکەن و، زۆر جاریش بێئاگان لەکاری یەکدی، چونکە جیا لەیەکدی کاردەکەن، بۆیە بەمەبەستی هەماهەنگیی لەنێوان ئەو دەزگا جیاوازانەدا ئەنجومەنێك پێکهێنرا بەنێوی (ئەنجومەنی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی ).

ئەنجومەنی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی

ئەو ئەنجومەنە سەر بەئەنجومەنی وەزیرانەو، پێکدێت لە:

ئەنجومەنی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی

یەکەم: ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیران وەك سەرۆك.

دووەم: سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی وەك ئەندام.

سێیەم: سەرۆکی کۆمیسیۆنی نەزاهە وەك ئەندام.

چوارەم: نوێنەرێکی دەسەڵاتی قەزایی وەك ئەندام.

کاری ئەم ئەنجومەنە بریتییە لە:

یەکەم: دروستکردنی هەماهەنگییە لەنێوان دەزگاکانی تایبەت بە چاودێری دارایی.

دووەم: دانانی میکانیزم و شێواز و ڕێوشوێنی گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی.

سێیەم: دانانی ستراتیژییەتێکی پێنج ساڵی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی لەڕێگەی:

أ : هەنگاوی خێرا بەرەو چاکسازیی ئیداریی و سەروەریی یاسا.

ب : چاککردنی شێوازەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی.

ج : گەشەپێدانی شێوازی چاودێریی.

د : بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی دەستپاکیی و نەزاهە و شەفافییەت.

ئەم کارەش ستراتیژییەتێکی گونجاوە لەگەڵ پێوەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەپێی بڕگەی (١)لەماددەی(٥)ی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆبەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی لەساڵی (٢٠٠٣).

ئێمە لەهەرێمی کوردستاندا دەتوانین ئەم ئەنجومەنەمان هەبێت و، ئەندامێکی دیکەیشی بخەینە ناو، کەئەویش سەرۆکی (دەستەی ڕێکخستنی بازاڕەکانی دراو و بۆرسە)یە، ئەم دەستەیەش لەگشت وڵاتانی کەنداودا هەیەو، دوا دەوڵەتیش کوێت بوو، کەبەیاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٠) ئەم دەستەیەی دامەزراند لەکەسانی پسپۆڕ لەبوارەکانی یاساو ئابووریی و ژمێریاریی، بەمەبەستی پاراستنی بۆرسەو بازاڕی دراو لەگەمەپێکردن.

لای ئێمەش لەهەرێمی کوردستان هەر کاتێك بۆرسەی هەولێر یان بازاڕی هەولێر بۆکاغەزە داراییەکان دەست بەکاربوو، بۆ ئەوەی هەڵەی وڵاتانی پێش خۆمان دووبارە نەکەینەوە، ئەم بازارە نەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی گەمەکارانی نایاسایی بازاڕی دراو، چونکە ئەم بازاڕە پشکی زۆرێك لەژووری بازرگانیی پارێزگاکان و کۆمپانیاکان و بانکەکان و زانکۆکان و تەنانەت هەندێك لەوەزارەتەکانیشی تێدا دەبێت، کەئامانجیان بەگەڕخستنی سەرمایەکانیانە، بۆیە پێویستە لەئێستاوە پەرلەمانی کوردستان یاسای (دەستەی سەربەخۆی ڕێکخستنی بازاڕی دراو)دەربکات، بەسوود وەرگرتن لەیاسای وڵاتانی خاوەن ئەزموون.

ئەوسا ئەنجومەنی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی لەهەرێمی کوردستان، بەم جۆرە دەبێت:

یەکەم: سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران وەك سەرۆك.

دووەم: سەرۆکی دەستەی نەزاهە وەك ئەندام.

سێیەم: سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی وەك ئەندام.

چوارەم: نوێنەرێکی دەسەڵاتی قەزایی، ئەندام.

پێنجەم: سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی ڕێکخستنی بازاڕی دراو.

ئەوسا هەرێمیش بەم ئەنجومەنە هاوبەشە دەتوانێت هەماهەنگیی لەنێوان دەزگا جیاجیاکاندا دروست بکات و، دەشتوانێت ستراتیژییەتی پێنج ساڵەی خۆی هەبێت، کەئەمەش داوای نەتەوە یەکگرتووەکانە لەعێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە.

لەرووی یاسادانانیشەوە پێویستە گۆڕمە یاسایەك پێکەوە دەربچووێنرێن، بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی، چونکە ئێستا لەعێراقدا، زۆربەی کات پەنا بۆ چەند یاسایەك دەبرێت کە لەئاستی قۆناغەکەو قەیرانەکەدانین، وەك:

یاسای سزادانی عێراقی ژمارە(١١) ی ساڵی (١٩٦٩).

یاسای سزادانی سەربازیی.

یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

یاسای دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە(٦)ی ساڵی ١٩٩٠.

فرمانی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان ژمارە(٥٥) ی ساڵی (٢٠٠٤).

جالەبەر گەورەیی قەیرانی دارایی و گەندەڵیی پێویستە وەك وڵاتانی خاوەن ئەزموون ئەم گۆڕمە یاساییانە پێکەوە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند دەربکرێن، یان هەموار بکرێن بەپێی پێویست بۆ ڕێگرتن لەدیاردەی گەندەڵیی:

یەکەم: یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی.

دووەم: یاسای نووسینگەی پشکنەرە گشتییەکان.

سێیەم: یاسای چاودێریی دارایی.

چوارەم: یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی.

پێنجەم: یاسای ڕێکخستنی کەمکردنەوەی کراوەکان.

شەشەم: یاسای حزب و قەوارە سیاسییەکان.

حەوتەم: یاسای کۆمەك کردنی دارایی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن.

هەشتەم: یاسای پارێزگاریکردن لە شایەدو هەواڵدەر و قوربانییەکانی گەندەڵیی.

نۆیەم: یاسای مافی گەیشتن بە زانیارییەکان.

دەهەم: یاسای مووچەی کارمەندانی دەوڵەت و خاوەن پلە تایبەتەکان.

یازدەهەم: ستراتیژیەتی نیشتمانیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی.

دوازدەهەم: پوچەڵکردنەوەی ماددەی (١٣٦-ب) ی دادگاکانی سزادان و هاوشێوەکانی، کە دادگاییکردنی هەر فەرمانبەرێك دەبەستێتەوە بە وەرگرتنی مۆڵەتی وەزیری پەیوەندیدار بەکەیسی فەرمانبەری ئەو وەزارەتە.

سێزدەهەم: یاسای دەستەی سەربەخۆی ڕێکخستنی بازاڕی دراو.

چواردەهەم: یاسای قەدەغەکردنی کۆکرنەوەی دوو کاری حکومیی لای یەك کەسدا.

پازدەهەم: کاراکردنی ڕۆڵی ڕاستەقینەی داواکاری گشتی لەبواری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی.

## شارەوانی سلێمانی لەبەسەرکردنەوەیەکی (گوڵان)دا:

# شارەوانییەکانی سلێمانی زیاد دەکرێــ



# ـــن و بەكرەجۆ و راپەڕین دەگرێتەوە





**خەسرۆ کەمال سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بۆ (گوڵان):**

# دەسەڵاتی شارەوانییەکان لەگەڵ پێداویستی خەڵک ناگونجێت

**کاتێك باس لە سلێمانی دەکرێت هەموو کێشەو گرفتەکان دەگەڕێنەوە شارەوانی و لەدیمانەیەکی تایبەت بەگۆڤاری گوڵان سەرۆکی شارەوانی سلێمانی جەختی لەسەر پێداویستی فراوانکردنی دەسەڵاتەکان کردەوە، کە بۆ فراوانکردن و خێراکردن و گەیاندنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوڵاتییان بایەخی تایبەتی هەیە، هاوکات ئەوەشی ڕاگەیاند فراوانبوونی شاری سلێمانی سروشتی نییەو لە یەك کاتدا ناتوانرێت ئەو هەموو داواکاری و پرۆژانە ئەنجام بدرێت، چونکە بودجە حوکم دەکات. ئەمەو بەراشکاوانە بەڕێزی وەڵامی چەندین پرسیاری تری داینەوە کە تایبەت بوو بەپرۆژەکانی شارەوانی و بەرنامەو کاری داهاتوویان..**

**لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بەڕێزی بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان بڵاو دەکەینەوە.**

### چەند دەسەڵات دابەزێت ئەوەندە کار و پرۆژەکان باشتر و زیاتر ئەنجام دەدرێت

**گوڵان:** دەڵێن ئامانج و ویستت زۆرە و دەسەڵاتت کەمە، بۆچی دەسەڵاتت کەمە؟

**سەرۆکی شارەوانی سلێمانی:** دەسەڵاتم کەم نییە، دەسەڵاتەکانی ئێمە ئەوانەی لە بەڕێز وەزیری شارەوانی داوام کردووە و ئەویش بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی هەیەتی بەمنی داوە، بەڵام هەندێ دەسەڵات هەیە کە لە سەرووی دەسەڵاتی بەڕێز وەزیری شارەوانی دایە تا دەسەڵاتی وەزیر زیاد نەکرێت ئەویش ناتوانێت ئەو دەسەڵاتە بۆ من زیاد بکات. بەشێوەیەکی گشتی پێویستە دەسەڵاتەکان بۆ ئەو وەزیرانەی کە پتر کار و پرۆژەی خزمەتگوزارییان لە ئەستۆدایە وەکو وەزیری (شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە و کارەبا) پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ئەو وەزیرانە زیاد بکرێت، تاوەکو بتوانن ئەو پێداویستیانەی کە بۆ خەڵك و شارەکە پێویستە دابینی بکەن. لە کاتێکدا دەسەڵاتی وەزیرە پەیوەندارەکان بەکارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانەوە زیادکرا، ئەوانیش دەتوانن دەسەڵاتەکان بۆ خوارە دابەزێنن، ئێمەش دەتوانین کاروپرۆژەی خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش بکەین.

### بڕیارە پرۆژەیەك بۆ هەمواركردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەكان دەربچێت

**گوڵان:** تۆ کۆمەڵێك گرفت و کێشەت لەسەر یاسای شارەوانییەکان هەیە، ئەو یاسایانە چین ڕێگری لە تۆ دەکەن؟

**سەرۆکی شارەوانی سلێمانی:** خۆی گیروگرفت لەخودی یاساکە هەیە، ئەو

یاسایە یاسایی بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان لە ساڵی ١٩٩٣ دەرچووە، ئەو یاسایەش هەمووارکردنی یاسایی ژمارە(١٦٥)ی شارەوانییەکانی کۆنی حکومەتی عێراقی بوو، ئەو یاسایە ئێستاکە ناگونجێت لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشچوونی وڵات و پێداویستی خەڵك، بۆیە پێویست بە هەموارکردن دەکات، لەم ڕووەوە لیژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتی شارەوانی دامەزرا، لە پاشان کۆبوونەوە و گفتوگۆی لەسەر ئەنجامدرا، چەندین پێشنیار و داواکاری پێشکەش کرا و بڕیارە گفتوگۆ و پێشنیارەکان ببێتە پرۆژە بڕیارێك بۆ هەموارکردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان.

### دابینکردنی بودجە بۆ هەمووکاروپرۆژەکان کارێکی زۆر ئاسان نییە

**گوڵان:** کە باسی سلێمانی دەکرێت هەموو کێشە و گرفتەکان دەخەنە سەر ئەستۆی شارەوانی، تەنانەت ئەگەر کارەباش نەبێت هەر یەخەی شارەوانی دەگرن، ئەمە بۆچی وایە؟

**سەرۆکی شارەوانی سلێمانی:** ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار،یەکێکیان ئەوەیە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خەڵکەوە هەیە و شارەوانی لێی بەرپرسیارە، لەلایەکی تر شارەکە بەرفراوانییەکی خێرای بەخۆوە دیوە، ئەمەش پڕۆژەی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی پێویستە، بۆیە بە گشتی بۆ ئەو هەموو کاروپرۆژە و خزمەتگوزارییانە پێویستی بە دابینکردنی بودجە هەیە، دابینکردنی بودجە بۆ ئەو هەموو کارو پرۆژانەش کارێکی زۆر ئاسان نییە، بۆیە دەبێ بەپێی بڕی بودجەکە بەرنامە و پلان بۆ کارو پرۆژەکان دابنرێت، بە تەئکید هەوڵی زۆر دراوە کە فریای کاروپرۆژە خزمەتگوزارییەکان بکەوین، بەڵام بودجە حوکم دەکات بۆیە لە یەك کاتدا ناتوانین ئەو هەموو داواکاری و پرۆژانە ئەنجام بدرێت بەتایبەتی لە گەڕەکە تازەکان و زۆر شوێنی تردا کە ئاوەڕۆیان نییە و ئاویان بە تانکەر بۆ دەچێت، بۆیە گلەیی وگازاندە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، بەڵام کار لەسەر چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان بە گشتی کراوە و خراونەتە بەرنامە،بێگومان بەردەوامیشین لە جێبەجێکردنی کارو پرۆژەکان.

### ماستەرپلانی سلێمانی بە فرۆکەی تایبەت وێنە و نەخشەیی گیراوە نەك بە بەرنامەی گوگڵ

**گوڵان:** ئایا ماستەرپلانی سلێمانی بەچی گەیشت، بیستومانە کێشەتان لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە هەیە کە ماستەرپلانەکە ئەنجام دەدات ؟ هۆکاری ئەو کێشەیە چییە؟

**سەرۆکی شارەوانی سلێمانی:** ماستەرپلانی سلێمانی پەسەندکردنی سەرەتایی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی لە وەزارەتی شارەوانی بۆ کراوە، ئێمە وەکو سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی کێشەمان لەگەڵ کۆمپانیای جێبەجێ کار نییە، بەڵکو لە چەند لایەنی تر وەکو لیژنەیەك لە کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی سلێمانی چەند بڕگە و کار هەیە لە ماستەرپلانەکە بە دڵیان نەبوو و پەسەندیان نەدەکرد و ڕەخنەیان لەسەری هەبوو، بەڕاوبۆچوونی ئەو لیژنەیە بێت دەبووایە ماستەرپلانەکە هەڵبوەشێنرێتەوە و لە نوێوە دەست پێی بکرێتەوە، ماستەرپلانەکە بە فرۆکەی تایبەت وێنە و نەخشەیی گیراوە نەك بە بەرنامەی گوگڵ، لەبەر ئەوەی بەفرۆکە وردترە و کوالێتی هەستیار و باشترە،لە ماستەرپلانەکە زەوی جیاکراوەتەوە و داتایی ورد و زانستی و ئەندازەیی کۆکراوەتەوە و ئەوەی لە گرێبەستەکە هەیە و پێویستە هەر هەمووی جێبەجێ کراوە، چەند پرسیارێکیش لەسەر ماستەرپلانەکە هەبوو لایەنە پەیوەندارەکان کۆبوونەوە و گفتوگۆی لەسەر کراوە و ئەو پرسیارانە ئاراستەی لیژنەی ماستەرپلانەکە و کۆمپانیای جێبەجێ کار کراوە، لەلایەن کۆمپانیاکەوە پرسیارەکان وەڵام دراوەتەوە و ئێمەش وەڵامەکانمان بە پەسەند زانیوە، ئێستا ماستەرپلانەکە لە قۆناغی پەسەندکردنی کۆتاییدایە.

### فراوانبوونی شاری سلێمانی سروشتی نییە هەمووکات لەسەر حیسابی کاولکاری دەوروبەری بووە

**گوڵان:** جەنابت ئاماژەت بە گەڕەکە تازەکانی سلێمانی کرد، بۆچی هەندێ گەڕەك کە لەسەر سلێمانی زیادی کردووە لە دوای خزمەتگوزاری بۆ دەچێت بۆ پێش ئاوەدانکردنەوەی گەڕەکەکان خزمەتگوزارییان بۆ ئەنجام نەدراوە؟

**سەرۆکی شارەوانی سلێمانی:** فراوانبوونی شاری سلێمانی بەشێوەیەکی ئاسایی نەبووە و زۆر خێرابوو، لە وڵاتانی پێشکەوتووە گەشە و فراونبوونی شارەکان لەسەر بنەمای سروشتی بە بەرنامە و پلان دەست پێ دەکات، بەڵام هەمووکات فراوانبوونی شاری سلێمانی لەسەر حیسابی کاولکاری دەوروبەری بووە، لە ئەنجامی کۆچکردنی گوند و قەزا و ناحییەکان بۆ شار بووە و بەشێوەیەکی نائاسایی و نا سروشتی، هەروەها لە دوای ڕاپەڕین تا چەند ساڵێك حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجە و ئیمکانیاتی نەبوو بۆ ئەوەی کاروپڕۆژەی خزمەتگوزارییەکان بە تەواوی بۆ گەڕەکە تازەکان ئەنجام بدات و، خەڵکیش پێویستی بە خانوو شوێنی نیشتەجێ بوو، لەبەر ئەمە گەڕەکەکان دروستبوون و ئاوەدانکرانەوە پێش ئەوەی خزمەتگوزاری بۆ ئەو شوێنانە بچێت، بەمەش ئەرکەکانمان لەسەر قورستربووە.

### دوو کۆمپانیا کاری پاککردنەوە لە شاری سلێمانی دەکەن، کارەکانیان باشە، بەڵام بێ کەموکوریش نییە

**گوڵان:** گەورەترین کێشەیی شاری سلێمانی زبڵوخاشاکە، پرۆژەتان بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە هەیە؟

**سەرۆکی شارەوانی سلێمانی:** زۆرجار باسی ئەوە کراوە کە زبڵوخاشاکی شاری سلێمانی پێویستە بەشێوەیەکی زانستی چارەسەربکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین کۆمپانیا هاتوونە و لەگەڵیان دانیشتووین و گفتوگۆمان کردووە، بەڵام زۆربەی لەو کۆمپانیانە مەرجەکانیان قورس و سروشتی نەبووە، بۆیە لەگەڵیان ڕێك نەکەوتووین، گەرچی ئێستا کە چەند کۆمپانیایەك لە ڕێگای دەستەی وەبەرهێنانەوە هاتوونەتە پێش بۆ ئەوەی کارگەیەکی ریسایکلین لە شاری سلێمانی بۆ چارەسەرکردنی زبڵوخاشاك دابمەزرێنن و پاککردنەوەی شارەکەش بگرنە ئەستۆی خۆیان، ئێمەش داوامان لێیان کردووە کە مەرجەکانیان پێشکەش بکەن، تاوەکو گفتوگۆی لەسەر بکەین، ئەگەر گەیشتینە ئەنجام خۆمان داواکاری بەرز دەکەینەوە بۆ سەرووی خۆمان. ئێستا لە بارەی زبڵوخاشاك لە شاری سلێمانی کێشە هەیە، هەر بۆیە شارەکەمان بۆ پاککردنەوە کردۆتەوە سێ بەش، دەرەوەی (٦٠) مەتری شارەوانی خۆی پاکی دەکاتەوە و ناو(٦٠) مەتری کراوەتە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو دراونەتە دوو کۆمپانیا و کارەکانی ئەم کۆمپانیانە باشە، بەڵام بێ کەموکوڕیش نییە.

### بەرنامە بۆ زیادکردنی شارەوانی هەیە تاوەکو باشتر کار بکرێت

**گوڵان:** پێتوانییە دوو شارەوانی بۆ شارێکی وەکو سلێمانی کارێکی قورستان بۆ دروست دەکات، ئایا بە نیازن شارەوانی زیاد بکەن، وەکو هەولێر کە دابەشی سەر چەند شارەوانییەك کراوە؟

**سەرۆکی شارەوانی سلێمانی:** لە کاتی خۆی تەنیا یەك شارەوانی بوو، لە پاشان شارەوانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دامەزران،

بۆ ئەوەی قورسایی کارو ئیشەکان لەسەر سەرۆکایەتی شارەوانی کەم ببێتەوە ئێستا کە بەپێی ماستەرپلانی شاری سلێمانی بەکرەجۆوە و راپەرین و بەشێك لە تاسلۆجە دێتە سەر شارەوانی سلێمانی لەو کاتەدا ئەرك و کارەکانی شارەوانیەکان زۆرتر و قورستر دەبێت، بۆیە بەرنامەمان بۆ زیادکردنی شارەوانی هەیە،تاوەکو باشتر کار بکرێت و بەسەر کێشە و گرفتەکانی خزمەتگوزاری شاری سلێمانی زاڵبین.

**ئاگاداری لەئەنجامدان و کوالیتی پڕۆژەکان ئەرکی سەرشانمانە**

**گوڵان:** بیستوومانە بە بڕیاری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران شارەوانی پرۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان لە سلێمانی بکەن، ئایا ئەو دەسەڵاتە کارێکی باش نەبوو بۆ ئێوە؟

**سەرۆکی شارەوانی سلێمانی:** ئەو پرۆژانەی دەستەی وەبەرهێنان کە لە لایەن وەبەرهێنەرانەوە جێبەجێ دەکرێت ئەو ئیشانەی وەکو ئاو و ئاوەڕۆ و باخچە و پارك و ڕێگاوبانەکان و ئەوانەی کە لە ئەستۆی وەزارەتی شارەوانییە ئەوە شارەوانی سەرپەرشتی دەکات، بەڵام پرۆژەی تەلار و باڵەخانەکان لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە سەرپەرشتی دەکرێت، بێگومان ئەوە دەسەڵاتێکی باشە بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەنجامدان و کوالیتی پرۆژەکان بین لە هەمان کاتدا ئەرك و کارێکی قورسە، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەش بە تەئکید دەبێ ئیمکانیاتمان لە رووی کارمەند و ئەندازیار و ئامێرەکان بۆ زیاد بکرێت.

**کێشەمان لە ئیحالەکردنی پرۆژەکان نییە**

**گوڵان:** سەبارەت بە پرۆژەکان بۆچی ئێوە کێشەی ئیحالەکردنتان هەیە؟

**سەرۆکی شارەوانی سلێمانی:** تا ئێستا کێشەمان نەبووە، لەبەر ئەوەی ئێمە بەپێی دەسەڵاتەکان کار دەکەین و دەسەڵاتمان بۆ ئیحالەکردنی پرۆژەکان تا بۆدجەی (٥) ملیار دینار لەسەر بودجەی وەبەرهێنان و تا (١) ملیار دینار لەسەر بودجەی ئاسایی هەیە، بۆی هەیە لە دوو حاڵەت ئەو گرفتە رووی دابێت کە بەڵێندەر رازی نەبووە و پرۆژەکەی بۆ ئیحالە نەکراوە، هەر چەندە یەکەم کەسیش بووە و ئەمەش هۆکاری خۆی هەبووە و بۆ بەڵێندەرەکە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان بۆی روونکراوەتەوە.

**کێشەمان لە دامەزراندن هەیە بەتایبەتی لەئەندازیاری شارستانی**

**گوڵان:** زۆر جار کە پرسیار لە شارەوانی دەکەین کەموکوڕیتان لەچی هەیە، دەڵێن کارمەند و فەرمانبەری زۆرمان بۆ دادەمەزرێنن، بەڵام ئەو فەرمانبەرانە ئەو کادیر و پسپۆڕایەتییە نییە کە ئێمە پێویستمانە، ئەو کێشەیە چۆنە، بۆتان چارەسەرکراوە؟

**سەرۆکی شارەوانی سلێمانی:** بێگومان ئەو کێشەیە تا ئێستا چارەسەرنەکراوە، ئێمە پێداویستیەکانمان زۆرە بەتایبەتی لە کادیری پاککردنەوە و خزمەتگوزاری و ئەندازیاری، لەبەر ئەوەی ئەرکەکانمان زۆرە، پێویستە چاوێك بەم بوارە بخشێنرێتەوە، ساڵی رابردوو لە هەموو پسپۆڕایەتی و بوارەکان تەنیا (٧٠) کەس دامەزراوە و ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریوس بوون نزیکەی (٣٠) کەس دەبوو، تەنانەت نەماتوانی داوای دەرچووی زانکۆ بەشی ئەندازیاری شارستانی بکەین، بە گشتی ئەو ژمارەیە بە گوێرەی شارە و کارەکان زۆر کەمە و لە بواری ئەندازیاری شارستانی کەموکوڕیمان هەیە، چونکە بۆ پرۆژەکانی دەبێ بە داواکارێکی تر داوای ئەم دامەزراندنانە بکەین.



**بۆ خزمەتکردنی باخچە و پارکەکان پێویستمان بە دامەزراندن هەیە**

**گوڵان:** ئایا بەو کادیر و ئەندازیارە کەمە، چۆن دەتوانن ئەو باخچە و پارکە زۆرەی ناوشار خزمەت بکەن و بەردەوامی پێ بدەن؟

**سەرۆکی شارەوانی سلێمانی:** ئەوە یەکێکە لەو کێشانەی بەرەو رووومان بۆتەوە، لە ساڵی رابردوو پتر لە (٢٥) باخچە دروستکراوە و تەواوبوونە، ئەمساڵیش نزیکەی (٣٠) باخچە تر ئەنجام دەدرێت، ئەمانەش پێویستی بە ئەندازیار و کادیر و خزمەتگوزار هەیە، بۆیە داوامان لە وەزارەت کردووە کە کادیرمان بۆ دابمەزرێنن.

**هەر کەسێك هەڵە و سەرپێچی بکات بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت**

**گوڵان:** ئایا ئەگەر ئەندازیارێك یا کادیرێك سەرپێچی بکات یا کەموکوڕی لە پرۆژەیەك لێی رووبدات چۆن ئیجرائات وەردەگرن،هەروەها بیستومانە سەرۆکی شارەوانی و ئەندازیاران حەسانەیان نییە و کێ





بیەوێت دەیانباتە بەردەم دادگا ئایا کاری وا هەیە؟

**سەرۆکی شــارەوانی ســـلێمانی:** یاسای بەرزەفتـــی فەرمانبەران هەیـــە، بەپێی ئەو یاسایە مامەڵەی لەگەڵ دەکەین.

هەروەهـــا ئەگـــەر فەرمانبـــەر بەپێـــی راپۆرتی چاودێری دارایی یا هەر شوێنێکی ترکەموکوڕی هەبێت،و بەپێی یاسا سەرپێچی کردبێت یا ئیختلاســـی کردبێت( بۆ زانین تا ئێستاکار و سەرپێچی لەمجۆرە لەسەرۆکایەتی شـــارەوانی ســـلێمانی رووی نەداوە)، بەڵام لە شـــارەوانی قەزا و ناحییەکان ئەو حاڵەتە روویـــداوە لەلایەن داواکاری گشـــتی داوای لەسەر تۆمارکراوە و بانگی دادگاکراوە، بەڵام لەمانەش هەڵەی تێدابوو لە پاشان کەسەکان بێگوناه دەرچوون.

**گوڵان:** لەمەودوا هەندێ شارەوانی قەزا و ناحیە دەکەونە ناو ماســـتەرپلانی شـــاری سلێمانی، ئەمەش کێشە و گرفتی لێ دروست دەبێت، ئایا ئەمە چۆن چارەسەر دەکەن؟

**سەرۆکی شـــارەوانی سلێمانی:** شارەوانی بەکرەجۆ و راپەرین و بەشـــێکی تاســـلۆجە دەکەوێتە ناو ماســـتەرپلانە تازەکەی شاری سلێمانی و داواکراوە لە وەزارەتی شارەوانی کە ئەو شارەوانیانە یەك بگرن لەگەڵ شارەوانی سلێمانی، بۆ ئەمەش دەبێ بڕیارێك تایبەتی لەلای بەرێز وەزیری شـــارەوانی دەربچێت لە پاشان بڕیارە کە فەرمانێ بۆ دەردەچێت و لە وەقائعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە .

**ئیفرازکردنی زەوی ئێستاکە لە(٢٠٠) مەتر دووجا کەمتر نییە**

**گوڵان:** ئایا دابەشـــکردنی زەوی(١٠٠) مەتردووجار و (١٥٠) مەتر دووجا لە سلێمانی هەر بەردەوامە، چونکە ئـــەم پارچە زەویانە زۆربەیـــان دەکرێنـــە دوو پارچە و دەیکەن بە خانوو لە ئەنجامە کاروپرۆژەی خزمەتگوزاری زۆری دەوێـــت و، کۆڵان و گەڕەکەکانیش لە هەموو بوارێك جەنجاڵ و قەرەباڵغ دەبێت، ئەو سستەمی دابەشکردنی زەوی چارەسەرکراوە یا وەکو خۆی ماوەتەوە.؟

**ســـەرۆکی شـــارەوانی ســـلێمانی:** پێشتر جیاکردنـــەوەی زەوی لە ســـلێمانی(١٥٠) مەتـــری بوو، لەبـــەر ئـــەوەی تۆبۆگرافی شارەکە ئاوای دەخوازی، لەبەر ئەوەی شارەکە لە نێوان دوو شـــاخە و مـــاوەی فراوانبوونی زۆر کەمە، بـــەڵام لـــە ئیفرازکردنی زەوی ئێستاکە لە(٢٠٠) مەتر دووجا و پانی شەقام و کۆڵانەکانی نـــاو گەڕەکەکانیش لە (١٢) مەتری کەمتر نییە.



**ماوەیەکە باڵەخانەکەمان تەواوبووە، بەڵام ئەساسی ناو باڵەخانەکە تازە دابین دەکرێت**

**گـــوڵان:** باڵەخانەیەکی حەوت نهۆمی بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی دروست کراوە، بۆچی ناچنـــە ناو ئەو باڵەخانەیە هەر لەم شـــوێنە تەسك و ناخۆشە ماونەتەوە؟

سەرۆکی شارەوانی ســـلێمانی: بێگومان ماوەیەکـــە باڵەخانەکەمـــان تەواوبووە، بەڵام کەلوپەل و پێداویســـتی ناو باڵەخانەکە دابین نەکـــراوە، بڕیارە لە مـــاوەی چەند رۆژێکی تر دەســـت بە دانانـــی ئەساســـەکانی ئەو باڵەخانەیە بکرێت، ئەمەش ماوەی (٦٠) رۆژ دەخایەنێت، لە پاشـــان دەگوازینەوە، چونکە ئەو باڵەخانـــەی تێداینە زۆر گونجاو نییە و موڵکی شارەوانیش نییە.

**پلانەکانمان زۆرە، ئەگەر بودجە بۆ ئەنجامدانیان یاریدەدەر بێت**

**گوڵان:** بەرنامـــە و پلانەکانی داهاتووتان بەتایبەتی ساڵی ٢٠١١ چییە، ئەگەر بکرێت بە کورتی بەشێکی بخەیتەڕوو؟

**سەرۆکی شارەوانی سلێمانی:** پلانەکانمان زۆرە، ئەگـــەر بودجـــە بـــۆ ئەنجامدانیان یاریدەدەر بێت، بێگومان دواکەوتنی بودجەش کاریگەری لەســـەر پلانەکانمان دەبێت، بەڵام لەم وەرزە زۆر کاریگەری نییە، لەبەر ئەوەی خـــۆی کاروپرۆژەکان لـــە جێبەجێکردن خاو دەبنـــەوە، لەبەرنامەی ئەمســـاڵدا چەند پرد و تونێلێك لەســـەر شـــەقامی (٦٠) مەتری دروســـت دەکرێت بۆ بەســـتنەوەی ناو شار و ســـەنتەری ســـلێمانی بە دەرەوەی (٦٠) مەتری، ئەمەش کاریگەریەکی زۆر باشـــی لەســـەر کەم بوونەوەی قەرەباڵغی و جەنجاڵی ئۆتۆمبێل و هاتوچۆکـــردن دەبێت، هەروەها پرۆژەی چارەســـەرکردنی زبڵۆخاشاکی ناو شـــاری ســـلێمانی تەواو دەبێت و بەرنامەش هەیە بۆ دروست کردنی ناوچەی پیشەسازی نوێ کە بەپێی ماستەرپلانی نوێ دەکەوێتە رۆژهەڵاتـــی شـــاری ســـلێمانی و ئـــەم ناوچەیەش بەشـــێوەیەکی مۆدێرن و دیزاینی هاوچـــەرخ دروســـت دەکرێـــت و ژێرخانی خزمەتگوزارییەکانیشی بە باشترین شێوە بۆ ئەنجام دەدرێت.

# ئەرک و پێداویستیەکانی پەرەپێدان لە هەرێمی کوردستانی عێراق



کازم حەبیب - بەرلین
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ژمارە (٨٢٠) ■ ٢٠١١/٢/٢٨

چەند ڕۆژێکی دیکە بیستەمین ساڵرۆژ و یادی ڕزگارکردنی کوردســتانی عێراق لە جەورو ستەمی فەرمانڕەوایەتی بەعسی دیکتاتۆر دەکرێتەوە، یادی ڕزگاربوونی گەلی کورد بەتایبەتی و گەلانی عیراق بەگشتییە لە دەست سیاسەتی هەمەجێتی ئەو ڕژێمەی بەهۆی جەنگە بەردەوامەکانی و هەڵمەتی ئەنفالەکانی و لێدانی هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی و سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شیعەکان ساڵی ١٩٩١ زەبری توندی لە هەمووان دەوەشاند..

ئەم ڕژێمە لە دوای کۆڕەوپێکردنی گەلی کوردستان و لەدوای لێدانـــی ڕاپەڕینی ١٩٩١، بەهـــۆی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاســـایش و لە ژێر کاریگەری شکســـتەکانی ڕژێمەکە خۆیدا ناچار بوو بکشێتەوە بۆ دەرەوەی سنووری ئەم ناوچانەی ئێستا بە هەرێمی کوردســـتان دەناســـرێت و دواتر بەرەی کوردستانی بەرپرســـیارێتی بەڕێوەبردنی هەرێمەکەیان لەئەستۆ نرا ئەوانیش قۆناغەکەیان گواستەوە بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردنێکی ئازادانە و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ بەرهەم هات..

بەو شـــێوەیە کوردستان لە ناوەندی ســـاڵی ١٩٩١ وە، هیچ دامودەزگایەکی ئاسایش و بەڕێوەبردن و کارگێڕی میری تێدا نەمابوو بۆیە هێزی پێشـــمەرگەی کوردستان ئازایانە بەئەرکی بەرپرســـیارێتی بەرگریکردنیـــان لە گەلی کوردو دەســـکەوتە تازەکەی هەســـتان و دواتریش ئەرکەکەیان سپارد بە دەزگایەکی شـــەرعی کە خۆی لە دامەزراندنی پەرلەمانێکی کوردستانی لە نـــاو چوارچێوەی عێراق دەبینیـــەوە و داخوازییە ڕەواکە کە فیدرالییەت بوو سەری گرت..

لەدوای تێپەڕینی ئەم هەموو ساڵانەوە گەلی کورد کەوتۆتە بـــەردەم زەروڕەتـــی گۆڕینی ژێرخانی ئابووری کوردســـتان و بەجێگەیاندنی پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری و مرۆییەوە، چونکە باری ئابووری بە دەســـت هەمان سیما و خەسڵەتە نالەبارەکانی جارانیەوە دەناڵێنێت بەوەی ئابوورییەکی بەکاربەرانەو ڕەیعی بێ بەرهەمەو لە دامودەزگای پیشەسازی و کشتیاری هاوچەرخانەی بنەڕەتییەوە دوورە و زۆربەی پێداویســـتی خۆراکی و کەلوپەلی بژێوی ناوخۆیی لە دەرەوە هاوردە دەکەن و پارەی نەوت هەمووی بـــە هاوردەکردنەوە خەرج دەکرێت، ئەمەش پرۆســـەیەکی لەبارە بۆ هەڵئاوسانی ســـەرمایەدارانە و هیچ ئامانجێکی ئاسایشی خۆراکی بۆ گەلی کوردستان وەدی ناهێنێت، نابێتە هۆکارێکیش بۆ کەمکردنەوەی بێکاری ئاشـــکراو ڕووپۆشکراو، هەژارێتی ناو کۆمەڵگە بە تەواوی چارناکات وێڕای کەمبوونەوەی لە ماوەی بیســـت ساڵی ڕابردوودا، هەروەها توانای زاڵبوونی نابێت بەسەر نەهێشتنی گەندەڵی کارگێڕی و داراییدا..

ئەرکەکانـــی پەرەپێدانـــی مرۆیی و ئابـــووری لە هەرێمی کوردستان چین ؟

لەم بابەتەو لە زۆر بابەتی دیکەشـــدا بە پێی تێڕوانینی خۆم هەوڵم داوە وەڵامی ئەو پرســـیارەی سەرەوە بدەمەوە تا بیدەم بە گوێی بەرپرســـانی هەرێمی کوردســـتان بە ئومێدی ئەوەی لە بەرژەوەندی

ئابووریـــی هەرێمەکـــەو خەڵکەکەیدا بێت، لێـــرەوە لە بری سیاســـەتی پڕکردنی بازاڕ لە کەلوپەلی هاوردە دێمە ســـەر سیاسەتی پەرەپێدانی بەرهەمی ناوخۆیی..

کەموکورتیەکانـــی کە لە ڕژێمەکانی پێشـــوو بۆ ئێســـتای ئابووری کوردســـتان بە میـــرات ماونەتـــەوە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١ ـ ئەو شـــێواندنەی ئابووری بە دەستیەوە دەناڵێنێت بەهۆی ئەوەی ئابوورییەکی یەکلایەنەیە و بودجەکەی پشـــت بەستووە بە پـــارەی نەوتی خاوو لـــە دابینکردنـــی هاوردەکانیدا. بۆیە ئابوورییەکـــی کراوەیـــە بە دەرەوەدا و لەبەرانبەر دروســـتبوونی هەر قەیرانێکی سیاســـی هەرێمایەتیدا شکست خواردنی تووش دێت..

٢ـ لاوازییەکی لە ڕادەبەدەری کەرتەکانی ئابووری بە تایبەتی پیشەسازی تەحویلی و کشتوکاڵی هاوچەرخ بەهۆی وێرانبوونی پێشتری باری ئابووری هەرێمەوە لە دەیەکانی ڕابردوویدا..

٣ـــ ماندووکردنی بودجـــەی هەرێـــم و لاوازبوونی وزەی بەرهەمهێنان بەهۆی بێکاری مەکشـــوف و دەمامکدراوەوە کە هۆکارن بۆ خولقاندنی زۆر گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی..

٤ـ کەمی شـــارەزایی بەســـەرچاوەکانی زانستی و ناسینی کانزاکانی ژێر زەوی بەهۆی کەمی هەڵکۆڵینی جیۆلۆژی..

٥ـ لاوازی ئاســـتی بژێوی هاووڵاتـــی لەهەرێمدا بەهۆی چەندین هۆکاری دیکەوە..

٦ـ لەژێر ســـایەی سیاســـەتی حکومەتە ناوەندییەکانی کە حوکمی کوردستانیان دەکرد خوێندنی پیشەیی و هونەری کە لە بەرژەوەندی کەرتی بەرهەمهێناندان زۆر پاشکەوتوون..

لە ماوەی بیســـت ســـاڵی دواییدا تا ئاســـتێکی باش بارو گوزەرانی خەڵکی ڕووی لەباشـــی کردووە بەڵام ئێستاش دوورە لە ئاســـتی داخوازییەکانەوە، گەرچی لە ڕووی بیناســـازی و ڕێگەوبان و گەڕان بە شوێن سامانی ژێرزەوی تا ڕادەیەکی باش هەولێر و تەنانەت سلێمانی و دهۆك چوونەتە پێشەوە..

لە ئەنجامی بەدواداچوونەکانمدا ئێستاش پێویستی زۆر هەیە بەم خاڵانەی خوارەوە :

١ ـ تەبەناکردنی ســـتراتیژیەتێکی دوورمەودای پشتبەستوو بـــە بایەخدانـــی زیاتری پیشەســـازی هاوچەرخ بە شـــێوەی تەکنیکارییەکی بەرزو پارێزەری ژینگەییەوە، وەك پیشەســـازی ئەلکترۆنـــی و ئامێرە وردیلیـــەکان کە دەتوانن ببنە پاڵپشـــت بـــۆ پەرەپێدانـــی زانیـــاری و ئەزموون لە کوردســـتان و توانا هونەرییەکانی بازاڕی ناوەخۆ تێر دەکەن..

٢ ـ پەرەپێدانی پیشەسازی کشتوکاڵی گونجاو بە باروودۆخی جوگرافیـــی هەرێمی کوردســـتان بە تایبـــەت قوتوبەندکردنی ســـەوزەو میوەو پیشەســـازی جگەرە، ئەمە وێڕای بایەخدان بە پەرەپێدانی شـــوانکارەیی و ســـامانی ئاژەڵیی و پاراســـتنی ؛ بەرنامەدانان تا ئەم سامانە ببێتە پیشە لای خێزانانی گوندنشین لە کوردستان..

٣ ـــ بەرفراوانکردنی وزەو بەرهەمی نـــەوت لە یەکەکانی پاڵاوتن کە لە شارەکانی کوردستان دامەزراون

٤ ـ کاری خێرا لە پێناوی نەهێشتنی کەموکوڕی تۆڕەکانی کارەبا و هەوڵدان بۆ دروستکردنی پرۆژەی گەورە لەم رووەوە..

٥ ـ تەبەنا کردنی سیاسـەتێك بۆ سوودوەرگرتن لە سامانی ئاو ئەویـش بە دامەزرانی عەمباری بچـووك و ناوەنجی لە قەباردا لە هەموو ناوچەکانی کوردسـتان بۆ گلدانەوەی ئاوی زیادەی بەهاران تا لە هاوینان سـوودیان لێ وەربگیرێت چ بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا یان بۆ پێداویستی هاووڵاتیان..

٦ ـ لەبری فراوانکردنـی چەندێتی لە خوێندنی زانکۆییدا بایەخ بدرێت بە جۆرێتی لە خوێندنی هەموو قۆناغەکانی خوێندن و بەستنەوەیان بە پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی نیشتمانییەوە..

٧ ـــ گرنگیدانـی بـەردەوام بـە پەرەپێدانـی ژێرخان لە هەمـوو بوارەکانـی تەندروسـتی و پزیشـکی و رێگەوبان و پێوەندییـەکان و دۆزینەوەی کارمەندی لێهاتوو بۆ ئەو شـوێنە خزمەتگوزارییانە..

**ســەبارەت بە کەرتی پیشەسازیش پێویستە ئەم خاڵانە رەچاو بکرێن :**

ـ بەردەوام بوون لە پرۆسـەکانی پشکنین بە دوای نەوت و سامانی ژێر زەوی تا سوودی لێ وەربگیرێت بۆ هەناردەکردن و دواتـر بە قازانجەکەی ژێرخانی ئابووری پێ دەوڵەمەند بکرێت و پاڵپشتیش بێت بۆ بودجەی گشتی وڵات..

ـــ بەرفراوانبوونی بەرهەمهێنانی وزە چ کارەبا یان ئاودێری یان وزەی خۆر لەسەر ئاستی عێراق..

ـ بۆ هەمان مەبەسـت دەکرێت پرۆژەی کارەبایی بچووك و گەورە لەسـەر ئاستی هەرێم و عێراق بە بەرهەم بێن بۆ ئەوەش دەکرێت سوود لە عەمبارەکانی گلدانەوەی ئاو وەربگیرێن..

لە بواری پیشەسازی تەحویلیشدا بایەخ بدرێت بەم شتانە:

ـــ پیشەسـازی بەروبوومی غـازو نەوت و پیشەسـازی بترۆکیمیاویاتـی گونجاو لە کوردسـتان. دەشـکرێت زیاد لە کارگەیەکی تایبەت بەو بوارە دامەزرێت.

ـ پیشەسازی ئەلکترۆنیات و ئامێری تایبەت بە پێوەندییەکانی هاوچەرخ و نوێ..

ـ پیشەسازی کشـتوکاڵی، لەرێی پیشەسازی قوتوبەندی رووەکی و ئاژەڵی و شـیرەمەنی و میوەو سەوزەواتەوە هەروەها پیشەسازی توتن و رستن و چنین و مافوورو جلوبەرگ..تاد

ـ پیشەسازی بیناسـازی و کەرەسەکانی خانوو دروستکردن و شووشەوات..

دوشـتوانرێت لـە کاری بچووکـەوە ئەم چیشەسـازییانە پەرەپێبدرێت بۆ ئاستی پرۆژەی گەورەتر تا ئاستی هەرێمایەتی و جیهانی بە مەرجێك ژینگە پیس نەکات..بەم شـێوەیە ئاستی بەرهەمهێنانی سـامانی نیشتمانی بەرزدەبێتەوە وسەرچاوەکانی بودجە هەمەچەشنەدەکرێن..

**کەرتی کشتوکاڵی کە پشت دەبەستێت بەم بوارانەوە:**

ـ دابینکردنی ئاوی گونجاو بۆ بەرهەمهێنانی کشـتوکاڵ لە رێی دروسـتکردنی بەربەسـتی ئاوو و عەمباری بچووك و ناوەنجی و بە تەکنیك کردنی سـامانی ئاو لە رێی گرنگیدان بە ئاوی سـەرچاوەکان و رووبارو دروستکردنی پرد و تانکی بۆ گلدانەوەی ئاو..

ـ بایەخدان بە تازەکردەوەی کشتوکاڵ و پەرەپێدانی کەسەی تەکنیکـی هونەری گونجاو لەگەڵ کەشـوهەواو جوگرافیای کوردستان.

ـــ بایەخدان بە کشـتوکاڵی کێڵگەیی و رەزو بێسـتان بۆ دابینکردنی دانەوێڵەو میوە وسـەوزەواتی بازاڕی کوردستانی و عێراقی..

ـــ پەرەپێدانی سـامانی ئاژەڵداری و پەلەوەرو ماسـی بە شێوازی سروشتی..

ـبایەخدان بە دارستانەکان و چارەسەرکردنی گرفتی داخزینی قورینەیی لە دامێنی شاخەکانەوە..

کەرتی گەشـتوگوزاری : هەرێمی کوردستان بە ناوبانگە بە هەموو شـێوازەکانی گەشـتیاری هەر لـە هاوینەهەوار و شارستانیی و ئایینی تا خۆشگوزەرانی بۆیە پێویستە بایەخ بەم بوارە بەم شێوازانە بدرێت :

ـ پەرەپێدانی بەشـەکانی گەشتیاری و هۆتێل لە پەیمانگەو کۆلێژەکانی تایبەتمەند بەو بوارە لە پێناوی پێگەیاندنی کادێری کارگێڕی و هونەری و زانسـتی لە بوارەکانی رێکخسـتن و پەرەپێدانی پیشەسـازی گەشـتیاری و هۆتێل کـە نە تەنیا سـەرچاوەیە بۆ پارەهێنـان بەڵکە سەرچاوەشـە بۆ مەعریفەو بەرزکردنەوەی ئاستی شارستانیەت لە یەك کاتتدا..

ـ کەڵك وەرگرتن لە کارمەندانی گەشتوگوزاری بە ئەزموون لە ناو عیراقدا.

ـ سوودوەرگرتن لە un( یۆنسکۆ )بۆ پەرەپێدانی شوێنەوارە دێرینەکان لە کوردسـتاندا کە جێ مەنزڵگەی هەموو ئایینەکان و رێبازگە دینیەکانە..

بەخشـینی سـولفەو قەرز بۆ ئەوانەی لە کەرتی تایبەتدا دەیانەوێت پرۆژەی گەشتیاری لە کوردستان چێبکەن.

ـ هەڵمەتی راگەیاندن لە پێناوی باش مامەڵە کردن لەگەڵ گەشتیاراندا.

ـ هەڵمەتی هاوشێوە بۆ گرنگیی پاراستنی ژینگە لە لایەن هاووڵاتیان و گەشتیارانەوە..

ئـەم کارانی پەرەپێدانە لە هەرێمدا کۆمەڵێك خاڵی ئەرێنی لە دوای خۆی دێنێت لەوانە :

ـ پتەوکردنی ئاسایشی خۆراکیی و فەراهەم کردنی کەرەسەی پێویستی کشتوکاڵی و پیشەسازی..

ـ هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی بودجە

ـ بۆ دەوڵەمەندبوونی بودجەو بەرزکردنەوەی ئاسـتی بژێوی و رێکخسـتنی رێژەی بەشـە خۆراك و پـارەی هاووڵاتی لە ساڵێکدا..

ـــ گۆڕینی بونیـادی هاوردەکردن لە پێنـاوی گۆڕینی هاوردەکردنـی کەلوپەلی بەرهەمهێنانـی بیانی بە بەرهەمی ناوخۆ کە هاریکارە بۆ پەرەسـەندنی ئابووری و بەروبووم لەبری داپۆشینی بازاڕ بە کەرەسەی بێگانە..

ـــ گۆڕینی بونیاتی چینەکان بـۆ بەرژەوەندی چینەکانی کارگەرو رۆشـنبیرو بەرهەمهێنـەرو خۆرگارکردن لە چینی پرۆلیتـاری و تیرەگەری کـە رێگرن لەبەردەم پێشخسـتنی بەرهەمهێناندا..

ـــ هاندانی گەنجان و کەسـانی بەرهەمهێن بۆ پەرەپێدانی ئابووری نیشتمانی..

ـ زەمینە سـازکردن بۆ لەناوبردنـی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی و بڵاوکردنەوەی کەلتووری مومارەسەی دیموکراتی..

ـ پێویسـتە لەسەر هەرێم سـوود لە جیهانگیری وەربگرێت لەو سیاسـەتەی وڵاتانی زلهێز دووربکەوێتـەوە کە دەیانەوێت عێـراق تەنیـا سـەرچاوەی نەوتی خـاو بێـت و یەکەمین هاوردەهێنـی کەلوپەلی ئـەوان بێت تـا بەبەردەوامی هەر بە وڵاتێکی تازەپێگەیشتوو بناسرێت، هەموو سامانە نەوتییەکەی لـە هاوردەکردنـی شـتومەکی دەرەوە بەهەدەربـدات نەك لە هەمەجۆرێتی بەرهەمهێنانی خۆماڵیدا.